# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (١٣)ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٢٢



- ماڵی پەرتەوازەی کوردستانی
- ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق و ئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا
- وانەی کوردی و جەنگی شوناسی نەتەوەیی کورد لە تورکیا
- سایبەر تیرۆریزم لەمیدیادا؛ مەترسی و بەرەنگاربوونەوە ئایندەییەکان
- توێژینەوە ئایندەییەکان: بناغەی مێژوویی، چەمك و میتۆدەکانی
- هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠٢١-دا و چاوەڕوانییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢
- پێگەی ئێران لە ئایندەی جیۆپۆلەتیکیی وزەی عێراقدا
- هەژموونی خۆڵبارین و ئایندەی ئاسمانی هەرێم

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات
CFS
Center for Future Studies

SCAN ME

# ئایندەناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٣) ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر
بەڕێوەبەری کاروباری هونەری
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژ
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیـــزایـــن: شـێـرکـۆ خـانـزادی
هەڵـەبـڕ: بـاخـان ئـەحـمـەد

شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.


د. هەردی مەهدی

ماڵی پەرتەوازەی کوردستانی
9-6...


ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی

ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق و ئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا...23-12



ئەحمەد سیروانی

وانەی کوردی و جەنگی شوناسی نەتەوەیی کورد لە تورکیا
37-24...


پ. ی. د. کارزان محەمەد

سایبەر تیرۆریزم لەمیدیادا؛ مەترسی و بەرەنگاربوونەوە ئایندەییەکان
51-38...


ڕابیح عەبدولناسر جەندەلی
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی

تویژینەوە ئایندەییەکان: بناغەی مێژوویی، چەمک و میتۆدەکانی
81-54...


سەرجان چاڵشکان
یوسف جان ئایاز
وەرگێڕان لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠٢١-دا و چاوەڕوانییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢
95-82...




عەلی ئادەمی
مورتەزا شوکری
وەرگێڕان: موجاهید وەهاب

پێگەی ئێران لە ئایندەی جیۆپۆلەتیکیی وزەی عێراقدا
113-96...


ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد

هەژموونی خۆڵبارین و ئایندەی ئاسمانی هەرێم
133-116...



د. عابد خالد

دیدگای ستراتیژی: ئەمەریکا و قەیرانی دەسەڵاتی جیهانی
141-136...



دیدگای ستراتیژی
147-144...




هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
151-148...

سەروتار

# ماڵی پەرتەوازەی کوردستانی



د. هەردی مەهدی میکە

بە ڕوانین بۆ دۆخی گەرمی سیاسیی و ناجێگیریی و ناڕوونی ئایندەی نێوچەکە، ڕەنگە هیچ کات هێندەی ئێستا کورد پێویستیی بە یەکڕیزی و هاوشانی بۆ یەکخستنی تواناکان و کەمکردنەوەی هەڕشە ئایندەییەکان نەبووبێت، بەڵام پێچەوانەکەی لەسەر زەمینی واقیع دەبینرێت. ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە لەگەڵ باهۆزی هەڕەشە و نائارامییەکاندا، ماڵی کوردیش بەدەست شەپۆلە توند و لاوازەکانەوە ئاراستەکەی دەگۆڕدرێت و ئەوەشی نابینرێت یەکخستنی گووتار و دانانی ستراتیژ و کۆدەنگییە لەسەر ئامرازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و قۆستنەوەی دەرفەتەکانە.

### عێراق هەڕەشە هەنووکەییەکانی سەر ماڵی کوردی

هەنووکە چەند پرسێکی سەرەکی یەخەی ماڵی کوردییان گرتووە و ئاسۆی چارەسەریشیان بە گوێرەی جووڵەی هێزە پێکهێنەرەکانی کوردستان و دووری مەودای گوتارەکانیان، نادیار و ڕوو بە درزی زیاترە. هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە نێوخۆی هەرێمەوە و هەندێکیشیان بەرهەمهاتووی ململانێ عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانن، لە گرنگترینیان:

### پرسی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

بە گوێرەی دوایین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانی ٢٠١٧، چەند مانگێکی دیکە، کۆتایی خولی ئێستای پەرلەمانە و پێویستە هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوو و بە ئێستاشەوە ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر هەردوو پرسی هەمواری یاساکە و دیاریکردنی کۆمسیۆنی نوێ بۆ هەڵبژاردن، نەک ئامادەکارییە یاسایی و کارگێڕییەکانیان پەکخستووە، بەڵکو نیوماڵی کوردیشی دوولەت کردووە و هەڕەشەی نوێی بۆ درووستکردووە.

ڕاسته هەڵبژاردن بەتەواوی پرسێکی نێوخۆییە، بەڵام لە ئەنجامدان و نەدانیدا، لێکەوتە و کاریگەریی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت، هاوتا کاریگەری لەسەر دیدگای هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی و وڵاتانی نێوچەکەش دەبێت و لەسەر ئەو بنەمایەش ڕەفتار و مامەڵەی ئایندەیی خۆیان بەرامبەر هەرێم ڕێکدەخەنەوە. بۆیە دەکرێت ئەم پرسە بە بێ یەکخستنی نێوماڵی کورد هەم لە ئەنجامدانی و هەم لە ئەنجامنەدانیدا هەل و هەڕەشە و پێشهاتی نوێ بۆ کورد لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

مامەڵە لەگەڵ پرسی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لەم ساڵەی لەبەردەستدایە، هەمان هەلە کە درایە عێراق و تاڕادەیەک لە ئەنجامدانی هەڵبژاردندا (نەک لێکەوتەکانی کە هێشتا دیار نییە) سەرکەوتوو بوو لە تاقیکردنەوەکەدا، ئەم پرسە بۆ هەرێم تەواو هەستیارە؛ چونکە لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەند ئەزموونێک لە نێوچەکەدا بینراون و دەکرێت سیناریۆی ئایندەیی بەردەم هەرێمیش بن، لەوانەش: لە ئەگەری ئەنجامنەدانی، یاخود بە خراپی ئەنجامدانی (ساختەکاریی یان خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامەکاندا، نەسازان لە پێکهێنانی حکومەتی ئایندەدا)، دوور نییە سیناریۆی "کشانەوە یان دەستلێبەردانی هاوپەیمانان لە هەرێم" ببێتە ئەگەرێک، لەمەشدا چ لە پشتتێکردنی هاوپەیمانان بێت یاخود پەلکێشی حکومەتی بەغدا بێت، یان هەلێک بڕەخسێت و پەلاماری میلیشیا عێراقییەکان و هێزە حەزیارەکانی ئێران لێبکەوێتەوە. یاخود سیناریۆی بەلوبنانکردنی هەرێم بێتەکایەوە و دواجار دەستهەڵگرتنی هاوپەیمانان لەڕووی کۆمەکی داراییەوە و پێکنەهێنانی حکومەت و مایەپووچی سیاسیی و ئابووریشی لێبکەوێتەوە. ڕەنگە سیناریۆیەکی نوێش ئەگەرێکی دیکە بێت: نیوەی هەرێم دەچێتە هەڵبژاردن و نیوەکەی دیکەش دوای دەخات، ئەمە مەترسیدارترین سیناریۆیە بۆ هەرێم و لە هەموو حاڵەتێکدا قورسایی جوگرافی، جیۆپۆلەتیک، سیاسی، کارگێڕیی هەرێم دوولەت دەبێت و نیگای هاوپەیمانان و وڵاتانی دراوسێش بەهەمانشێوە دوولەت دەبێت و هەر لایەک "چاوی پارێزەر"ی لەسەر لەتێکی دەبێت.

**پرسی شێوازی بەڕێوەبردنی سامانی سروشتیی هەرێم**

سامانی سروشتی(نەوت)، لەسەرەتادا و بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات وەک پێکهێنەرانی سەرەکی حکومەتی

هەرێم، پرسێک بووە سەرەتا و مامەڵەکردن و دەرهێنانی نەوت تا فرۆشتنیشی کەم تا زۆر بە ڕێککەوتن و هاوبەشی هەردوولا بووە و یەکدیدگا بوون لە بەڕێوەبردنیدا، بەڵام ئەم دیدگا هاوبەشە لە سەروەختی "ئەگەر"ی هەناردەکردنی گازی سروشتییدا درزی تێکەوتووە و هەنووکە یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی کە هەردوو حزبی نێو دەسەڵاتی هەرێمی لەیەک دوورتر خستووەتەوە، شێوازی بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی و وزەی کوردستانە.

گەرچی هەناردەکردنی گازی سروشتی هەم مافە و هەم هەلێکە بۆ هەر کیانێک کە خاوەنی بێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانی هاوکێشە هەرێمی و سەروو هەرێمییەکان و جەنگی ئۆکراینا و ڕووسیا و پرسی دابنیکردنی سەرچاوەی نوێی وزە بۆ ئەوروپا-وە، ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە و یەکلاکردنەوەی تەنها لە ململانێی نێوخۆیی ماڵی هەرێمدا قەتیس نامێنێت و هەل و هەڕەشەی هەرێمی و نێودەوڵەتیش لەخۆ دەگرێت، لە هەموو حاڵەتێکدا بەبێ یەکڕیزی گوتار و یەکخستنی دیدگای نێوماڵی کورد لە هەناردەکردن و نەکردنیدا، شوێنەواری نەرێنی بەسەر هەرێمەوە جێدەهێڵێت و نێوماڵی کورد لەتتر و بیانووی نوێش دەداتە دراوسێ ناوەندگەرا هەمیشە لەسەر هێڵەکان، بۆ پەلکێشی و دەستێوەردان. بەڵام بە یەکخستنی گوتار و هێزی کورد و ڕێککەوتن لەسەر دەرئەنجامەکانی بە دیدگای هاوبەش، تەنانەت لە هەناردەکردنیشیدا بێگومان دەتوانرێت هەڕەشەکان بۆ هەل وەربچەرخێنرێن و پشتیوانی نێودەوڵەتیش بۆ هەرێم مسۆگەر بکات، چونکە لەم سیناریۆیەدا هەرێمی کوردستان جێگەی خۆی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئەوروپا و ئەمریکا دەکاتەوە، کە پاش شەڕی ئۆکراینا، پشتی بە دابینکردنی سەرچاوەی نوێ و دۆزینەوەی جێگرەوەی گازی سرووشتی ڕووسی بەستووە.

## پرۆسەی سیاسیی بەغدا و لێکەوتەکانی لەسەر ماڵی کوردستانی

پاش دوا هەڵبژاردنی عێراق (٢٠٢١)، پرسێکی نوێ کە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و دیاریکردنی سەرۆککۆمار و ترازان و جەمسەربەندیی نێو ماڵی شیعەیە، لەبری دروستکردنی هەل، بە پێچەوانەوە پرژی ململانێکە نێوماڵی کوردیشی گرتەوە و هەر لە پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکانەوە، هێزە

کوردستانییەکان بە دوولەت و زیاتر، مامەڵەیان بەکورسییەکانی خۆیانەوە کرد و بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن؛ هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕێککەوتن لە بەرەیەکی سێقۆڵی (بارزانی-صەدر-حەلبووسی)دا خۆی بینیەوە. بەهۆی کاردانەوەی ئەم بەرەیە و پێداگری پارتی-یش لەسەر پۆستی سەرۆککۆمار و هەندێ تەحەفوزاتی یەکێتی لەسەر قاڵبی بەرە سێقۆڵییەکە، یەکێتی نیشتمانی (بە لێککەیشتن و هاوهەڵوێستی نەک ڕێککەوتن) لە بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی نزیکبوویەوە و ئەوەی مایەوە کورسیەکانی نەوەی نوێ و یەکگرتووی

"

**ماڵی کوردستانی ئێستا پەرتەوازەیە و هیچ کاتێک بەدرێژایی ١٩ساڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق، هێندەی ئێستا بێ دیدگای هاوبەش و بێ ستراتیژ دەرنەکەوتووە، لەکاتێکدا باشترین هەل و کات بۆ دەستکەوتی سیاسیی و شوناسی و نیشتمانی کوردستانی، هیچکات هێندەی ئێستا هەلی باشی بۆ کورد پێنەبووە**

ئیسلامییە وەک ڕێککەوتن لەگەڵ هیچ لایەک لەم جەمسەرانە ڕێککەوتنیان نییە، بەڵام بەپێی هاوکێشە و دۆخە کاتییەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی، هەماهەنگییان لەگەڵ تشرینییەکان و هەندێجار لەگەڵ هاوپەیمانی سێقۆڵی و بگرە چوارچێوەی هەماهەنگیشدا هەبووە.

لەهەموو ئەگەرەکاندا ئەوەی ڕوونە: ماڵی کوردستانی ئێستا پەرتەوازەیە و هیچ کاتێک بەدرێژایی ١٩ ساڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق، هێندەی ئێستا بێ دیدگای هاوبەش و بێ ستراتیژ دەرنەکەوتووە، لەکاتێکدا باشترین هەل و کات بۆ دەستکەوتی سیاسیی و شوناسی و نیشتمانی کوردستانی، هیچکات هێندەی ئێستا هەلی باشی بۆ کورد پێنەبووە، بەتایبەت لەبەرئەوەی ماڵی شیعە تەبایی جارانیان نەماوە و دەکرا ئەمە هەلێک بێت بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە شوناسیی، نەتەوەیی، کارگێڕیی و ئابوورییەکانی هەرێم و جووڵانەوە ڕەواکەی بەدرێژایی دروستبوونی عێراقی نوێ. بەڵام دەبینرێت بە پێچەوانەوە، ئەم هەلە بووەتە هەڕەشە و ماڵی کوردستانی لەتتر و دەستکەوتە ناتەواوەکانی ئەزموونی هەرێمیشی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# ئامرازەکانی چارەسەری ئاشتییانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی عێراق و ئێران لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا



ئازاد عەبدولقادر وەڵەدبەگی
ماستەر لە یاسای گشتی



**بەرایی**

ناکۆکییە ئاوییەکان لە جیهانی ئەمڕۆ و بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە یەکێک لە ناوچە کەمئاوەکانی جیهان دادەنرێت، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنن. عێراق و ئێرانیش وەک دوو وڵاتی ئەم ناوچەیە، لەم کێشە و ململانێیە بەدوور نین و ناکۆکییە ئاوییەکان کاریگەرییان لەسەر بوارە سیاسی، یاسایی و ئابوورییەکانی هەردوو وڵات هەیە. هەر بۆیە، لە ئەگەری ڕوودانی هەر ناکۆکییەک لەنێوان دەوڵەتان و لەوانەش ناکۆکییە ئاوییەکان، بۆ دووورکەوتنەوە لە ئەگەری جەنگ و ململانێی درێژخایەن، کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و لەناوچوونی ژێرخانی ئابووریی وڵاتان، وا باشترە دەوڵەتان پەنا ببەنە بەر شێوازی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. یاسای نێودەوڵەتیی گشتی بۆ ئەم مەبەستە گرنگییەکی تایبەتی داوە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانە و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک ئامرازی جۆراوجۆری داناوە و لەوانەش ئامرازە دیپلۆماسییەکان، وەک: دانوستان، هەوڵی چاکەخوازی، نێوانگیری، لێکۆڵینەوە، سازاندن، لیژنە تێکەڵاوەکان و ئامرازە دادوەرییەکان کە بریتین لە ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی و دادوەریی نێودەوڵەتی.

بە سەرنجدان لە پەرەسەندنی ناکۆکییە ئاوییەکانی نێوان عێراق و ئێران و بۆ دووورکەوتنەوە لە دروستبوونی هەر جەنگ و گرژییەک، وا باشە هەردوو وڵات کەڵک لە ئامرازەکانی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا، بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنامە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران، باس لەو ئامرازە ئاشتییانەیە دەکەین لەو ڕێککەوتنامانەدا هاتوون و هەردوو وڵات دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئاوییەکانیان پشتی پێ ببەستن.

**ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی**

مادەی (٢) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز دەکات وەک بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەندام ڕادەسپێرێت لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان پەنا بۆ ڕێگەچارەی ئاشتییانە ببەن[1]. مادەی (٣٣) ئەوەی لەسەر دەوڵەتانی ئەندام سەپاندووە، کە لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەک، کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا یەکێک لە ڕێگاکانی دانوستان، لێکۆڵینەوە، نێوانگیری، سازاندن، ناوبژیکاری و دادوەری بەکار بهێنن،

یان پەنا ببەنە بەر یەکێک لە ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، یان بە ئامرازی ئاشتییانەی دیکە چارەسەری بکەن[٢]. هەروا جاڕنامەی مانیلا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بە ئامرازی ئاشتییانە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە مادەی (یەکەم/٢)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر دەوڵەتێک ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی بە تەنیایی و لە ڕێگای ئاشتییانەوە چارەسەر بکات، بە جۆرێک کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و دادپەروەری نەخاتە مەترسییەوە[٣].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی ١٩٩٧، دەبینین لە مادەی (٣٣)دا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە کاتی دروستبوونی هەر جۆرە ناکۆکییەک لە ڕاڤەکردن یان پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەوا لایەنە ناکۆکەکان پەنا ببەنە بەر ئامرازی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. هەر لەم مادەیەدا بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک ئامراز پێشبینی کراون کە بریتین لە: دانوستاندن، هەوڵی چاکەخوازی، نێوانگیری، سازاندن، دامەزراوەی هاوبەشی تایبەت بە ڕێڕەوە ئاوییەکان، پەنابردنە بەر ناوبژیکاری یان دادگای نێودەوڵەتیی داد[٤].

هەروەها لە ڕێککەوتنە هەرێمییەکانی تایبەت بە ئاویش، ئامرازەکانی ئاشتییانە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان پێشبینی کراون، وەک پەیمانی کۆمەڵەی گەشەپێدانی باشووری ئەفەریقا ساڵی ١٩٩٢ و ڕێککەوتننامەی هلسینکی ساڵی ١٩٩٢ لە کیشوەری ئەورووپا بۆ پاراستن و کەڵکوەرگرتن لە ڕێڕەوە سەرووسنوورییەکان و دەریاچە نێودەوڵەتییەکان، کە تێیاندا ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانە هەر لە دانوستانەوە بگرە هەتا پەنابردنە بەر میکانیزمی ناوبژیکاری و دادگای نێودەوڵەتیی داد؛ پێشبینی کراون. جگە لەمەش، ڕێساکانی هلسینکی و ڕێساکانی بەرلینیش ئامرازە دیپلۆماسی و دادوەرییەکانیان بۆ چارەسەری ناکۆکییە ئاوییەکان پێشنیار کردووە. بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ناکۆکییە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەیان لە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی تر نییە، هەر بۆیە دەوڵەتەکان پەنا دەبەنە بەر هەمان ئەو ئامرازە دیپلۆماسی و دادوەرییانەی کە پشتیان پێ دەبەسترێ[٥].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دۆکیۆمێنت و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەک لەنێوان دەوڵەتان و لەوانەش ناکۆکییە ئاوییەکان، جەخت لەسەر

چارەسەرکردنی ئاشتیيانەی ئەو ناکۆکییانە دەکەنەوە، هەر بۆیە وا باشە عێراق و ئێرانیش وەک دوو دەوڵەتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گوێرەی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی ڕوودانی ناکۆکییە ئاوییەکان پشت بە بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی ببەستن و ڕێگەچارەی ئاشتییانە بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

**ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان لەنێوان عێراق و ئێران**

تا سەد ساڵێک پێش عێراق وەک بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی بووە، میراتگری بەشی هەرە زۆری کێشە سنووری و ئاوییەکانی نێوان ئێران و عوسمانییش بووە، چونکە بە درێژایی حوکمی عوسمانییەکان، زیاترین کێشەکانیان لەگەڵ ئێران لەو ناوچە سنوورییانە بووە کە ئەمڕۆ بوونەتە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق. لەم سەردەمەش، پاش فراوانبوونی کەڵکوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، ناکۆکی هەردوو دەوڵەت لەم بوارەدا فراوانتر و تۆختر بووە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

بۆ ئەوەی بزانین ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران چین، دەبێ بۆ ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات بگەڕێینەوە. بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بواری سنوور و ڕێڕەوە ئاوییە هاوبەشەکان، عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥ پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باشیان واژۆ کرد. ئەم پەیمانە دوو ڕێککەوتنی هاوپێچی هەیە دەربارەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە بریتین لە: "ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان" کە لە ١٩٧٥/١٢/٢٦ لە بەغداد لەنێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کرا، هەروا "ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران سەبارەت بە ڕێساکانی کەشتیرانی لە شەتولعەرەب" کە لە ١٩٧٥/١٢/٢٦ لە بەغداد واژۆ کرا.

لە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان، دوای پێناسە و باسکردنی کۆمەڵێک لە ڕێڕەوە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵات، باس لە پشکیان دەکات لەو ڕێڕەوانەدا. هەروا لە مادەی (٦)ی ڕێککەوتنەکە باس لەوە دەکات کە لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەک لە ڕاڤەکردن یان جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوا هەردوولا بە گوێرەی حوکمەکانی مادەی (٦) لە پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باشی ساڵی ١٩٧٥ هەڵدەستن بە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە (اتفاق بين العراق وايران متعلق باستثمار المجاري الماء الحدودية ١٩٧٥: المادة ٦). هەروا

لە مادەی (٢١)ی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران سەبارەت بە ڕێساکانی کەشتیرانی لە شەتولعەرەب، بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات کە لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەک لە ڕاڤەکردن یان جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوا هەردوو لا بە گوێرەی ئەحکامەکانی مادەی (٦) لە پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باشی ساڵی ١٩٧٥ هەڵدەستن بە چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە[٦].

هەروەک دەبینین، لەو دوو ڕێککەوتنە کە تایبەتن بە ڕێڕەوە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هەتا ئێستاش بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی بەرکارن، باس لەوە دەکات کە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی نێوان هەردوو وڵات، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باش لە ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان هەردوو وڵات، کە لە مادەی (٦)ی پەیمانەکە ئاماژەی بە سێ ئامراز کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان، بەم جۆرەی خوارەوە:

لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەک لەسەر ڕاڤەکردن یان پراکتیزەکردنی ئەم پەیمانە یان هەرسێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی، ئەوا ئەم ناکۆکییە سەرەتا بە ڕێگای دانوستانی دوولایەنەی ڕاستەوخۆ (المفاوضات الثنائية المباشرة) لە ماوەی دوو مانگ لە ڕێکەوتی داواکردنی هەر یەک لە لایەنەکان چارەسەر دەکرێت. لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەردوو لایەنی باڵا لە ماوەی سێ مانگدا، ئەوا پەنا دەبەنە بەر داواکردنی هەوڵی چاکەخوازیی (المساعي الحميدة) دەوڵەتی سێیەمی دۆست. لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی یەک لە لایەنەکان بۆ پەنابردنە بەر هەوڵی چاکەخوازی یان شکستهێنانی ڕێکارەکان، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ڕێگای ناوبژیکاری (تحكيم) دەگیرێتە بەر لە ماوەیەک کە نابێ یەک مانگ زیاتر بێت لە ڕێکەوتی ڕەتکردنەوە یان شکستهێنان. ئەگەر بێتوو هەردوو لا ڕێک نەکەوتن لەسەر شێوازی ناوبژیکاری، ئەوا یەکێک لە لایەنەکان دەتوانێ لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕێکنەکەوتن، بابەتەکە بۆ دادگای

> **باشتر وایە عێراق بۆ دەستەبەرکردنی لانی کەمی مافەکانی هەتا گرێدانی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ گەرەنتیکردن مافەکانی پشتی پێ ببەستێت. خۆبواردنی عێراق لە پشتبەستن بەو پەیمانە لە کاتی ئێستادا، جگە لە زیان هیچ دەستکەوتێکی تری تێدا نییە بۆ عێراق و بێگومان لە قازانجی لایەنەکەی ترە.**

ناوبژیکاری ڕەوانە دەکات. بڕیاری دادگای ناوبژیکاری سیفەتی پابەندراوی (الزام) و جێبەجێکردنی هەیە بۆ هەردوو لایەنی پەیمانەکە[٧].

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو وڵات بە گوێرەی پەیمانی سنووریی بەرکار لەنێوانیان، سێ ئامرازی ئاشتییانەیان دیاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان کە بریتین لە: دانوستانی ڕاستەوخۆی دووقۆڵی، هەوڵی چاکەخوازی و دادگای ناوبژیکاری.

٣. ئەگەرەکانی پەنابردنی عێراق بۆ دادگای نێودەوڵەتیی داد

زۆر جار ڕۆژانە لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و تەنانەت بەرپرسانی عێراقیش، گوێبیستی ئەوە دەبین کە عێراق سەبارەت بە ناکۆکییە ئاوییەکانی لەگەڵ ئێران پەنا دەباتە بەر دادگای نیودەوڵەتیی داد. بۆ نموونە؛ وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق مەهدی ڕەشید حەمدانی، لە ئاخاوتنێکیدا دەڵێت: "بۆ دووبارەکردنەوەی ڕێڕەوە ئاوییەکان بەرەو عێراق، لەسەر بنەمای دابەشکردنی زیانەکان، چەندین جار داوای هاوکاریمان لە ئێران کردووە، بەڵام بەداخەوە ئێرانییەکان وەڵامیان نەداوەتەوە. هەروەها داوای ڕێکخستنی ڕێککەوتنێکی هونەریی ئاویمان کردووە بەدەر لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەساڵی (١٩٧٥) لەنێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کراوە، بەڵام بۆ ئەمەش وەڵامیان نەداوەتەوە. بۆیە وەزارەت بڕیاری بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی ئاوی لەگەڵ ئێران و بەرزکردنەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دادگا نێودەوڵەتییەکان داوە[٨]". هەروا وەزیر ئەوەشی وت: وەزارەتی دەرەوە ئێستا کار دەکات لەسەر تەواوکردنی ڕێکارەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم مەلەفە و پێشکەشکردنی سکاڵا دژ بە ئێران لە دادگای نێودەوڵەتیی داد[٩].

ئەوەی کە لەم وتانەی وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە بە گوێرەی مادەی (٦٢/بڕگە ٢-أ) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا تایبەت بە پەیماننامەکانی ساڵی ١٩٦٩، ئەگەر پەیمانێک بۆ دیاریکردنی سنوور بێت، ئەوا ناکرێ بە گۆڕینی هەلومەرج پەیمانەکە یەکلایەنە هەڵبوەشێنرێتەوە یان وازی لێ بهێنرێت[١٠]. هەروا سەبارەت بە کاریگەریی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لەسەر بەرکاربوونی ئەم پەیمانە، ئەوا بە پێی ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتیی جەنگ، هیچ کاریگەریی لەسەر ئەم پەیمانە و هاوپێچەکانی نییە و ئەحکامی ئەم پەیمانە بەرکارە هەتا گرێدانی ڕێککەوتنێکی تر یان هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنی ئەم پەیمانە[١١]. هەر بۆیە ئەو وتەیەی بەڕێز وەزیر بنەمایەکی یاسایی بەهێزی نییە و تاکە ڕێککەوتنی بەرکاری نێوان هەردوو وڵات، پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باشی ساڵی ١٩٧٥ و هاوپێچەکانیەتی و باشتر

وایە عێراق بۆ دەستەبەرکردنی لانی کەمی مافەکانی هەتا گرێدانی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ گەرەنتیکردن مافەکانی پشتی پێ ببەستێت. خۆبواردنی عێراق لە پشتبەستن بەو پەیمانە لە کاتی ئێستادا، جگە لە زیان هیچ دەستکەوتێکی تری تێدا نییە بۆ عێراق و بێگومان لە قازانجی لایەنەکەی ترە.

لە لایەکی ترەوە، بە پێی مادەی (٩٢) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگای نێودەوڵەتیی داد بە ئامرازی دادوەریی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت و ئەویش لەسەر بنەمای پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتیی هەمیشەیی داد دانراوە و بەشێکی جیانەکراوەیە لەم چارتە[١٢]. سکاڵاکردن لەبەردەم ئەم دادگایە تەنیا بۆ دەوڵەتەکانە و بە پێی ویستی ئەوانە، واتە پرەنسیپی سەرەکی ئەوەیە کە سکاڵاکردن لە کاروباری نێودەوڵەتی بەستراوەتەوە بە ویستی دەوڵەتان کە بە پرەنسیپی باوەندارێتیی سەرپشکانە (مبدأ الولاية الاختيارية) ناسراوە، واتە ڕەزامەندیی دەوڵەتان مەرجی پێشوەختەیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگای دادگای نێودەوڵەتیی داد، کە دادگاش لە چەندین کێشە کە خراونەتە بەردەمی، جەختی لەسەر ئەم پرەنسیپە کردووەتەوە، وەک ئەو حوکمەی کە لە کێشەی مافروماتیس لە ساڵی ١٩٢٤ و گەرووی کورفۆ لە ساڵی ١٩٤٨ دەریکردووە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نەبوونی ڕەزامەندی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت ناکۆکییەکە بخرێتە بەردەم دادگا هەتا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات[١٣].

هەروا بە پێی مادەی (٣٦) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتیی داد، باوەندارێتیی دادگا هەموو ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە داواکاران دەیخەنە ڕوو، هەروا هەموو ئەو پرسانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی تایبەت لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە پەیمان و ڕێککەوتننامە باوەکاندا هاتوون. هەروا دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیڕەوە لە هەر کاتێکدا بیانەوێت بە ڕاگەیەنراوێك بەبێ ڕێککەوتن دان دەنێن بە باوەندارێتیی بەخورتی (الولاية الجبرية) دادگا بۆ سەیرکردنی هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە ڕوو دەدات لەنێوان خۆیان و ئەو دەوڵەتەی کە قبووڵی پابەندییەکە دەکات، ئەگەر بێتوو ئەم ناکۆکییە یاساییانە پەیوەندییان بەم پرسانەی خوارەوە بێت:

- ڕاڤەکردنی پەیماننامەکان.
- هەر پرسێک لە پرسەکانی یاسای نێودەوڵەتی.
- لێکۆڵینەوە لە هەر ڕووداوێک لەو ڕووداوانەی کە پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتیی تێدا بێت.
- جۆری ئەو قەرەبووکردنەی کە بنیات

نراوە لەسەر پێشێلکاریی پابەندییەکانی دەوڵەت و ڕێژەی ئەم قەرەبووکردنەوەیە.

دەکرێت ئەم ڕاگەیەنراوانە بەبێ کۆت و مەرج بن، یاخود ببەسترێنەوە بە مەرجی ئاڵوگۆڕ لەلایەن ژمارەیەک دەوڵەت یان هەندێ دەوڵەتی دیاریکراو یاخود بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بن. ئەم ڕاگەیەنراوە دەسپێردرێت بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەویش لەسەریەتی وێنەیەک بنێرێت بۆ دەوڵەتانی لایەن لە پەیڕەوی دادگا و تۆمارگەی دادگا، هەروا ئەم ڕاگەیەنراوە بە قبووڵی باوەندارێتیی

"

**یەکێک لە ئامرازە پێشنیارکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان پەنابردنە بەر دادگای نێودەوڵەتیی دادە، هەر چەندە عێراق بە پێی یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠١ بووەتە ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵام ئێران هێشتا نەبووەتە ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە، هەر بۆیە عێراق ناتوانێ ئێران ناچار بکات بەوەی کە پابەندی ئەم ئامرازە بێت.**

بەخورتی دادگای نێودەوڵەتیی داد دادەنرێت[١٤].

هەر بۆیە بە گوێرەی ئەوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، دەوڵەتی عێراق بۆ پێشکەشکردنی داوا لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتیی داد دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران یان هەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی کە هەردوو وڵات تێیدا ئەندامن و لەسەریان پێویست دەکات لە کاتی دروستبوونی هەر ناکۆکییەک لە بواری ئاو پەنا ببەنە بەر دادگای ناوبراو[١٥]. ئەگەر بۆ ڕێککەوتنی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باشی ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق و ئێران بگەڕێینەوە، کە مەرجەعی یاسایی نێوان هەردوو وڵاتە لەم بوارەدا، ئەوا هەروەک باسمان کرد تەنیا پشتی بە سێ ئامرازی دانوستانی ڕاستەوخۆی دووقۆڵی، هەوڵی چاکەخوازیی دەوڵەتی سێیەم و دادگای ناوبژیکاری بەستووە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ پەنابردنە بەر دادگای نێودەوڵەتیی داد. هەر بۆیە، بە گوێرەی مادەی (٦)ی پەیمانی باسکراو، تاکە ئامرازی دادوەری لەبەردەم هەردوو دەوڵەت دادگای ناوبژیکارییە بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە لە پەیمانەکەدا هاتووە، نەک دادگای نێودەوڵەتیی داد.

هەروا بە پێی مادەی (٣٣) لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیەوانی ساڵی ١٩٩٧، دەبینین یەکێك لە ئامرازە پێشنیارکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان پەنابردنە بەر دادگای نێودەوڵەتیی دادە، هەر چەندە عێراق بە پێی یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٠١ بووەتە ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵام ئێران هێشتا نەبووەتە ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیە، هەر بۆیە عێراق ناتوانێ ئێران ناچار بکات بەوەی کە پابەندی ئەم ئامرازە بێت.

**"**

**عێراقیش بەو پێیەی ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، پاش شکستهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی کە لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا هاتوون، ئەوا دەتوانێ ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر، بەڵام پێشبینی دەکرێ بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە میسر و سوودان پێی گەیشتن، هەر چەند ئەم ڕاگەیەنراوە مولزەم نییە بۆ ئێران، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەڵوێستی عێراق.**

**پەنابردنی عێراق بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش**

بە گوێرەی مادەی (٣٤) لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێ هەر ناکۆکی یان هەڵوێستێک بخاتە بەر تاوتوێکردن کە ببێتە هۆی ململانێیەکی نێودەوڵەتی، یان ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی بۆ ئەوەی دیاریی بکات ئایا بەردەوامیی ئەو ناکۆکی یان هەڵوێستە، ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە یان نا. بە گوێرەی مادەی (١/٣٥)، هەر دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئەنجوومەنی ئاسایش یان کۆمەڵەی گشتی لەو ناکۆکی یان هەڵوێستە ئاگادار بکاتەوە کە لە مادەی (٣٤)دا ئاماژەی پێ کراوە. هەروا مادەی (٣٧)ی چارت، باس لەوە دەکات لە ئەگەری شکستهێنانی ئامرازەکانی ئاشتییانەی هاتوو لە مادەی (٣٣)، ئەوا دەبێ ناکۆکییەکە بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەگەر ئەنجوومەن وای بینی بەردەوامیی ناکۆکییەکە ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە، ئەوا ڕاسپاردەی گونجاو بۆ چارەسەری ناکۆکییەکە دەخاتە ڕوو[١٦]. بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئەنجوومەنی

ئاسایش دەسەڵاتی هەیە ڕاسپاردە بخاتە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەکە بەو جۆرەی کە گونجاوە و مادەی (٣٦) ئەنجوومەنی ناچار نەکردووە کە ناکۆکییە یاساییەکان بۆ دادگای نێودەوڵەتیی داد ڕەوانە بکات(١٧).

ئەگەر لەم بارەیەوە بۆ نموونە هاوچەشنەکان بگەڕێینەوە، دەبینین کە میسر و سوودان بە پشتبەستن بە مادەی (٣٥)ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، داواکارییەکیان خستە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە ناکۆکیی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ئەسیوپیا لەسەر بەنداوی نەهزە (سد النهضة) و لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٨ ئەنجوومەنی ئاسایش دانیشتنێکی لەم بارەیەوە ساز دا. ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتی، یەکێتیی ئەفەریقای ڕاسپارد بۆ بەدواداچوونی دانوستانەکانی هەرسێ وڵات بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی نیل بە پێی مادەی (٣٣)ی چارت، کە باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە هەرێمییەکان دەکات بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ئەو ناکۆکییە نێودەوڵەتییانەی کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخەنە مەترسییەوە(١٨). سەبارەت بە هێزی یاسایی ئەم ڕاسپاردانەی کە لەژێر فەسڵی شەشەمی چارت دەردەچن، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە مولزەم نین، بەڵام بەهایەکی ئەدەبییان هەیە کە دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێزیی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتەی کە لە بەرژەوەندیی ئەو دەرچووە و دەتوانێ هەڵوێستی نێودەوڵەتیی خۆی بەهێز بکات و لەسەر ئەو بنەمایە بژاردە و سیناریۆکانی داهاتووی دابڕێژێت(١٩).

عێراقیش بەو پێیەی ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، پاش شکستهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی کە لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا هاتوون، ئەوا دەتوانێ ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر، بەڵام پێشبینی دەکرێ بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە میسر و سوودان پێی گەیشتن، هەر چەند ئەم ڕاگەیەنراوە مولزەم نییە بۆ ئێران، بەڵام لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەڵوێستی عێراق.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان کرد لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و ئینجا بە پشتبەستن بە "پەیمانی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێیەتیی باش، ساڵی ١٩٧٥" لەنێوان عێراق و ئێران و دوو ڕێککەوتنی هاوپێچی کە تایبەتن بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و بریتین لە "ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان، ساڵی ١٩٧٥" و "ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران سەبارەت بە ڕێساکانی کەشتیرانی لە شەتولعەرەب،

ساڵی ١٩٧٥"، گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە هاوشێوەی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیەوانی ساڵی ١٩٩٧ و چەندین ڕێککەوتننامەی هاوشێوەی تر، عێراق و ئێرانیش لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵییە ئاماژەپێکراوەکان چەندین ئامرازی ئاشتییانەیان داناوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە بریتین لە دانوستانی دووقۆڵیی ڕاستەوخۆ، هەوڵی چاکەخوازیی وڵاتی سێیەم و ناوبژیکاری، بەڵام ئەوەی کە تێبینیمان کرد عێراق وەک پێویست هەوڵی نەداوە بە شێوەی ڕێکوپێک و بەرنامەبۆداڕێژراو ئەو ئامرازانە بگرێتە بەر بەو جۆرەی لەناو دەقی پەیمانی سنووری نێودەوڵەتیی نێوان دوو وڵاتدا هاتووە و تەنیا ئامرازی دانوستانی ڕاستەوخۆی بەکار هێناوە. هەروا سەبارەت بە بەرزکردنەوەی سکاڵا لە دادگای نێودەوڵەتیی داد، ئەوا گەیشتنینە ئەو ئەنجامە کە لە کاتی ئێستادا عێراق لە ڕووی یاساییەوە ناتوانێ ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر، بەڵام پاڵپشت بە مادەکانی (٣٤) و (٣٥)ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانێ داواکارییەکەی سەبارەت بە ناکۆکییە ئاوییەکانی لەگەڵ ئێران بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش وەک ناکۆکییەک کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە.

**ڕاسپاردەکان**

١. وا باشە عێراق بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەرنامەبۆداڕێژراو هەموو ئەو ئامرازانە بەکار بهێنێ کە لە پەیمانی سنووری نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان هەردوو وڵاتدا هاتووە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکییە ئاوییەکانی لەگەڵ ئێران.

٢. هەروەک چۆن لە مادەی (٢)ی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران سەبارەت بە ڕێساکانی کەشتیڕانی لە شەتولعەرەبی ساڵی ١٩٧٥ هاتووە، هەردوو وڵات بڕیاریان داوە بە دانانی نووسینگەیەکی هاوئاهەنگیی هاوبەش لەنێوان هەردوو لا لە ڕێڕەوی ئاویی شەتولعەرەب، پێشنیار دەکەین بە کاراکردنەوەی ئەم نووسینگەیە و دانانی کۆمسیۆنێکی هاوبەش بۆ هەموو ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و بەڕێوەبردنی هاوبەشی ئەم ڕێڕەوانە.

٣. لە کاتێکدا ئێران ئامادە نییە ببێتە ئەندام لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتییەوانی ساڵی ١٩٩٧، وا باشە عێراق هەوڵ بدات بۆ گرێدانی ڕێککەوتنێکی نوێ سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییەکانی لەگەڵ ئێران بەدەر لە بابەتی سنووری نێودەوڵەتی.

٤. وەک دوا هەنگاو، عێراق دەتوانێ بە پێی فەسڵی شەشەمی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەکانی (٣٣-٣٨)ی ناکۆکییە ئاوییەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش وەک ناکۆکییەک کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەڵەتی دەخاتە مەترسییەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1 - Butler; William E. (1989), The Non-Use of Force in International Law, Martinus Nijhoff Publishers, Dordrecht,, p.39.

٢- نوری، د. اسدالله (١٣٨٩-١٣٩٠)، روشهای حقوقی حل و فصل اختلافات بین المللی، جزوه درسی کارشناسی ارشد حقوق بین الملل، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران شمال، ص٢.

٣- إعلان مانيلا بشأن تسوية المنازعات الدولية بالوسائل السلمية (١٩٨٢)، المادة اولا/٢.

٤- اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية لسنة (١٩٩٧)، المادة ٣٣.

٥- رشیدی، د. مهناز (١٣٩٩)، امنیت آب در حقوق بین الملل، چاپ اول، انتشارات مجد، تهران، صص(٢٢٠-٢٢١).

٦- اتفاق بين العراق وايران بخصوص قواعد الملاحة في شط العرب (١٩٧٥)، المادة ٢١.

٧- معاهدة الحدود الدولية وحسن الجوار بين العراق وايران لسنة (١٩٧٥)، المادة السادسة.

٨- خەلەف؛ سەفا (٢٠٢١)، "قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەشوهەوای عێراق، هۆکاری کۆچ و ناکۆکیی نێوخۆیی"، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ١١، ل٨٣.

٩- صحيفة الاستقلال؛ قسم البحوث (٢٠٢٢/١/١١)، "التحكم الإيراني بمياه العراق.. خلفيات الأزمة ومستقبل الصراع"، المتاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.alestiklal.net/ar/view/4500/dep-news-1586964588. (متوفر: ٢٠٢٢/٤/١٦).

١٠ - اتفاقية ڤينا للمعاهدات لسنة (١٩٦٩)، المادة ٦٢.

١١- مروة حمدان عبد (٢٠١٣)، النظام القانوني للمجاري المائية الدولية بين العراق وايران في ظل قواعد القانون الدولي، رسالة ماجستير المقدمة الى كلية الحقوق في جامعة النهرين، ص٨٣.

١٢- ميثاق الامم المتحدة، (١٩٤٥)، المادة ٩٢.

١٣- د.حيدر ادهم (٢٠٢١/١٢/٢٥)، "ملاحظات في بعض جوانب دعوات لجوء العراق إلى المحافل الدولية بخصوص مشكلة المجاري المائية الدولية المشتركة"، صص ٥-٦، المتاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.bayancenter.org/2021/12/7901/.
(متوفر: ٢٠٢٢/٤/١٠).

١٤- النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية (١٩٤٥)، المادة ٣٦.

١٥ - د. حيدر ادهم، المصدر السابق، ص٧.

١٦- ميثاق الامم المتحدة (١٩٤٥)، المواد ٣٤-٣٧.

١٧- الشاذلي؛ د. ناجي محمد أسامة (٢٠٢٠)، "دور المنظامت الدولية في التسوية السلمية لنزاع سد النهضة الاثيوبي"، مجلة روح القوانين، العدد التسعون، ص٣١٧.

١٨- السقاف؛ د. محمد علي (٢٠٢١/٧/١١)، "سد النهضة في مجلس الأمن الدولي"، جريدة الشرق الاوسط، مرقم العدد ١٥٥٦٦، المتاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://aawsat.com/home/article/3073171/.
(accessed:16/4/2022)).

١٩- محمد خالد (٢٠٢٠/٦/٢١)، "سد النهضة.. سناريوهات مابعد لجوء مصر الى مجلس الامن"، المتاح على الموقع الالكتروني التالي:
https://www.albayan.ae/one-world/ar-abs/2020-06-21-1.3890699/.(accessed: 2022/4/16).

# وانەی کوردی و جەنگی شوناسی نەتەوەیی کورد لە تورکیا

## پێشینە، ئاستەنگ و سیناریۆکان



ئەحمەد سیروانی
توێژەر و مامۆستای زانکۆ



## بەرایی

پاش دە ساڵ لە جێگیرکردنی وەک وانەیەکی بژاردە(لاوەکی و سەرپشکانە) لە پڕۆگرامی پەروەردەدا، جارێکی تر وانەی زمانی کوردی "Kürtçe Seçmeli Dersi" بووەتەوە بە ڕۆژەڤی شەقام و میدیای تورکی بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی. بانگەشەی چەندین ناوەند و ڕێکخراوی کوردیی باکووری کوردستان بە مەبەستی هاندانی خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی وانەی زمانی کوردی ئەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبوو، بە جۆرێک ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی وانەکەیان هەڵبژاردووە، ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە و دوو هێندەی ساڵی ڕابردوو بووە. لە لایەکی دیکەشەوە وەزارەتی پەروەردەی تورکیا Milli Eğitim Bakanlığı (MEB) ئەم وانەیەی وەک وانەیەکی لاوەکی و لە لیستی "زمان و شێوەزارە زیندووەکان - Yaşayan Diller ve Lehçeler"دا داناوە و وەک زمانێکی ڕەسەن و سەرەکیی نەتەوەیەکی ٢٠ ملیۆنی لەو وڵاتەدا ئەژماری نەکردووە. سەرەڕای ئەمانەش، پێشبینی دەکرێت بە هۆی نەبوون یاخود کەمیی مامۆستای پسپۆڕەوە کێشەی گەورە بەرۆکی وانەی بژاردەی زمانی کوردی بگرێت و لە هەندێک قوتابخانەدا نەتوانرێت وانەکە بخوێنرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هاوڵاتییانی باکووری کوردستان دڵخۆشن و بەگەرموگوڕییەوە پێشوازییان کردووە لە بوونی وانەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی ئەگەرچی لە ئاستێکی سەرەتاییشدا بێت.

## وانەی بژاردە

سیستمی "وانەی بژاردە - Seçmeli Ders" لە بواری پەروەردەدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جێبەجێ دەکرێت. بە واتایەکی گشتی، "وانەی بژاردە - Elective Courses" ئەو وانانە دەگرێتەوە کە وەک وانەی سەرەکی هەژمار ناکرێن و خوێندکار ناچار نییە بیخوێنێت و پەیوەستە بە ویست و ئارەزووی خۆیەوە[1].

لە ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠١٣ی دامەزراوە پەروەردەییەکانی قۆناغی بنەڕەتیی وەزارەتی پەروەردەی تورکیاشدا (Ortaöğretim Kurumları Yönetmeliği MEB) کە لەدوای هەمواری یاسای پەروەردە و پڕۆگرامی ساڵی ٢٠١٢ دەرکراوە، وانەی بژاردە پێناسە کراوە بەوەی: "ئەو وانەیەیە کە لە بوارێکی دیاریکراودا کە خوێندکاران خۆیان ئامانجیانە و بەو ئاڕاستەیە هەوڵ دەدەن بەهرە و تواناکانیان دەردەخات و گەشەی پێ دەدات و دواجار لەو بوارەدا کەسێتی و پسپۆڕیی خۆیان دەدۆزنەوە[2]".

مێژووی جێبەجێکردنی سیستمی وانەی بژاردە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، کاتێک لە ساڵی ١٨٨٦ سەرۆکی زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی (Harvard University) لە سیمینارێکیدا بۆ بەرپرسانی پەروەردە پێشنیاری سیستمی وانەی بژاردەی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای تێپەڕینی نزیکەی نیوسەدە، بەکردەیی کار بە سیستمی وانەی بژاردە لە قوتابخانەکانی ئەمەریکادا کراوە[3] و پاشان بە ئەورووپا و جیهاندا بڵاو بووەتەوە.

**سیستمی وانەی بژاردە لە تورکیا**

بۆ یەکەم جار وانەی بژاردە وەک کارێکی ئەزموونی لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٤-١٩٥٥) لە ئامادەیی ئەتاتورکی کچان (Atatürk Kız Lisesi) لە ئەستەنبوڵ جێبەجێ کرا. لەو کاتەدا وانەکە بە ناوی "وانە تایبەتەکان Özel- Dersler" ناو نرا. ئەم بەرنامەیە لەلایەن لیژنەیەکی ٣٥ کەسییەوە کە سەرجەمیان مامۆستای ئامادەیی ئەتاتورکی کچان بوون، بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە لە ٢٢ تشرینی یەکەمی ١٩٥٤ بە ناوی "لیژنەی چاودێریکردنی پڕۆگرامەکانی قوتابخانە - Deneme Okulu Program Komisyonu" جێبەجێ کرا[٤]. ئاشکرایە لە کاتی دانانی یەکەم پڕۆگرامی سیستمی وانەی بژاردە لە تورکیا وانەی بژاردەی کوردی باسی نەبووە، تەنانەت هەر بابەتێک پەیوەندیی بە زمان و وێژە و کولتووری کوردەوە هەبوبێت، لە هەموو بوارەکاندا لە سەرانسەری تورکیادا لەو دەمەدا قەدەغە بووە.

چەمکی بژاردە (Seçmeli) لەلایەن سەنتەری زمانی تورکیا (Türk Dili Kurumu) پێناسە کراوە بەوەی: "هەر شتێک بتوانرێت هەڵبژێردرێت (Seçilebilen) و ناچاری نەبێت (Zorunlu Olmayan)"[٥].

سیستمی وانەی بژاردە لە هەردوو جۆری قوتابخانەی حکومی و تایبەتدا پێویستە پەیڕەویی لێ بکرێت، بەڵام لە قوتابخانە تایبەتەکانی تورکیادا وانەی کوردی وەک وانەیەکی بژاردە لە پڕۆگرامی خوێندندا جێگیر نەکراوە[٦].

سەرۆکایەتیی پەروەردە و فێرکردنی تورکیا (Talim ve Terbiye Kurulu Başkanlığı) بەرپرسی یەکەمە لە ڕێکخستنی کاروباری سیستمی وانەی بژاردە. بە بڕیاری ژمارە ١٩٢ی ١٤ی تەممووزی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی پەروەردە و فێرکردن: "ئەو وانە بژاردانەی کە پێویستە لە قوتابخانەیەکدا بخوێنرێت، لە سەرەتای ساڵی خوێندن لەلایەن ئەنجوومەنی مامۆستایانی قوتابخانە (Öğretmenler Kurulu)وە هەڵدەبژێردرێت، پێویستە ئەو ئەنجوومەنە لە دیاریکردنی وانە بژاردەکاندا ڕەچاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ناوچەکەی و بوونی ڕێژەی مامۆستای پێویست بۆ ئەو وانانە و ویست و داواکاریی خوێندکاران و بۆچوونی دایکان و باوکان بکات[٧]".

**وانەی بژاردەی زمانی کوردی، بەشێک لە پڕۆسەی ئاشتی (چارەسەری)[٨]**

وەک بەشێک لە هەڵمەتی ڕیفۆرم و چاکسازی لە سیستمی پەروەردەی تورکیادا، لە ٣٠ی مارتی ٢٠١٢، "یاسای پەروەردەی ١٢ ساڵی ڕەها" لە پەرلەمانی تورکیا پەسەند کرا. هەر لەو چوارچێوەیەشدا یاسای "پەروەردە و پەروەردەی سەرەتایی ژمارە ٦٢٨٧" هەموار کرایەوە و لە ١١ی نیسانی ٢٠١٢ لە ژمارە

٢٨٢٦١ی ڕۆژنامەی فەرمیی ئەو وڵاتەدا (Resmi Gazete) بڵاو کرایەوە. ئامانجی سەرەکی لەم هەموارە، زیادکردنی ژمارەی ساڵەکانی خوێندنی ناچاری بوو لە ٨ ساڵەوە بۆ ١٢ ساڵ، هەروەها ئاڕاستەکردنی خوێندکار بە پێی ویست و داواکاری و پێداویستییەکانی خوێندکار و کۆمەڵگە. ئامانجی دووەم بەتەواوی لە چاوچێوەی سیستمی وانەی بژاردەدا بەرجەستە دەبوو[٩].

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئامانجێکی دیکەی گرنگی هەمواری یاسای پەروەردەیی لە تورکیا، جێبەجێکردنی خاڵێکی پڕۆسەی ئاشتی بوو کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن حکومەت و بەتایبەتییش پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) ی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە (Adalet ve Kalkınma Partisi (AKP)) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە لەو هەموارەدا وانەی بژاردەی زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی و زازاکی) لەگەڵ چەند شێوەزاری کۆنی زمانی تورکی کە ئێستا قسەی پێ ناکرێت، لە گرووپێکی وانەی بژاردە بە ناوی "زمان و شێوەزارە زیندووەکان - Yaşayan Diller ve Lehçeler) بۆ لیستی وانە بژاردەکان بۆ قۆناغی ناوەندی زیاد کرا. لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) ڕێژەی وانە بژاردەکان زیاد کرا بۆ ٣٨ وانە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەپاڵ وانەی زمانی کوردی (کرمانجی و زازاکی)، وانەکانی (زمانی ئەلبانی -Arnavutça، زمانی بۆسنە -Boşnakça و زمانی گورجو Gürcüce- ) زیاد کران بۆ لیستی زمان و شێوەزارە زیندووەکان (Yaşayan Diller ve Lehçeler)[١٠]. بەم جۆرەش جارێکی دیکە تورکیا سەلماندیەوە کە زمانی کوردی وەک زمانی کەمەنەتەوەیەکی وڵاتەکەی، یاخود زمانی وڵاتێکی هاوسێی تورکیا، یاخود وەک شێوەزارێك لە چوارچوێوەی زمانی تورکیدا هەژمار دەکرێت، کە لە ڕاستیدا پێویستە لەدوای زمانی تورکی، کوردییش وەک زمانی سەرەکی و فەرمی و دووەمی ئەو وڵاتە ئەژمار بکرێت و وەک وانەی ناچاری بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا بخوێنرێت.

هۆکاری زیادکردنی زمانی کوردی و ئەو وانانەی دیکەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی کە لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیادا هاتە کایەوە، بە جۆرێک ئاکەپە وەک پارتێکی پارێزکار/ ڕاستڕەو ئیسلامی بەتەنها خۆی دەسەڵاتی وڵاتی گرتە دەست و لە سێ هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەکدا زۆرینەی کورسیی پەرلەمانی وڵاتەکەی بردەوە، ئاکەپەش بە دەنگی زۆرینەی کوردەکانی تورکیا و بەرەی پارێزکار/ ڕاستڕەو/ئیسلامی ئەو سەرکەوتنە گەورانەی بەدەست هێنا.

لە چوارچێوەی ئەو هەموارەی یاسای ژمارە ٦٢٨٧ و ئەو خشتەیەی لەلایەن سەرۆکایەتیی پەروەردە و فێرکردنی تورکیاوە (Talim ve

دیاری (Terbiye Kurulu Başkanlığı) کراوە، زمانی کوردی، شێوەزاری کرمانجی و زازاکی، هەریەکەیان بەجیا بۆ سیستمی وانەی بژاردە زیاد کران و خوێندکار لە هەر چوار قۆناغی ناوەندیدا، واتە لە پۆلی ٥ بۆ پۆلی ٨ی ناوەندی دەتوانێت یەکێک لەو دوو شێوەزاری بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت و هەفتانە دوو کاتژمێر لەو وانەیەدا بخوێنێت[١١].

هەر بە پێی یاسای هەموارکراو، "پێویستە هەر خوێندکارێکی قۆناغی ناوەندی لەگەڵ وانە ناچارییەکاندا، ٣ وانەی بژاردە هەڵبژێرێت". هەروەها "بۆ ئەوەی وانەیەکی بژاردە لە قوتابخانەیەکدا جێبەجێ بکرێت و بخوێنرێت، پێویستە لەلایەن ١٠ خوێندکار یاخود زیاتر ئەو وانەیە هەڵبژێردرێت، بەپێچەوانەوە لە ١٠ خوێندکار کەمتر وانەکە هەڵبژێرێت نابێت لەو قوتابخانەیەدا ئەو وانەیە بخوێنرێت[١٢]". ئەم مادەیە گەورەترین زیانی لە وانەی بژاردەی زمانی کوردی داوە کە دواتر باسی لێوە دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو هەموارەدا مەرجی ژمارەی خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی وانەیەک لە ١٥ خوێندکارەوە بۆ ١٠ خوێندکار کەم کراوەتەوە[١٣]. جگە لەوەش، بە هۆی ئەوەی ماوەیەکی کەم لەبەردەست وەزارەتی پەروەردەدا بوو تاوەکوو ناوەرۆکی هەریەک لەو وانانەی کە لە یاساکەدا زیاد کرابوون بۆ سیستمی پەروەردە ئامادە بکات و بۆساڵی نوێی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) بخوێنرێت. هەر بۆیە زۆربەی وانە زیادکراوەکانی سیستمی وانەی بژاردە بەکاڵوکرچی پڕۆگرامی بۆ ئامادە کرا، بەتایبەتی وانەی زمانی کوردی، بە هۆی نەبوونی کەسی شارەزای پێویست و پڕۆگرامی ئەلفبێی کوردی و ڕێزمانێکی دیاریکراوی یەکگرتووەوە، ناوەڕۆکی وانەکە هەر زۆر بەسادەیی و پڕ لە کەموکورتییەوە ئامادە کرا، ئەمەش یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ساردبوونەوەی خوێندکاران و دایک و باوکان بوو لە هەڵبژاردنی وانەی کوردی بۆ منداڵەکانیان، تەنانەت بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانیش بە هۆی بوونی کێشەی زۆر لە پڕۆگرامی وانەی زمانی کوردی و نەبوونی مامۆستای پێویست، بەباشی هانی خوێندکارانیان نەدەدا بۆ هەڵبژاردنی ئەو وانەیە[١٤].

هەر چەندە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە ڕێگەی مامۆستای میوان[١٥]، یاخود ئەگەر مامۆستای میوانیش نەبێت؛ بە مامۆستای وانەبێژ کێشەی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ بۆ ئەو وانانەی کە تازە زیاد کرابوون، بۆ سیستمی وانەی بژاردە چارەسەر دەکرا، بەڵام بۆ وانەی بژاردەی زمانی کوردی هیچ چارەسەرێک بەردەست نەبوو، لەبەر ئەوەی نە مامۆستای میوان و نە وانەبێژ بۆ زمانی کوردی دەست نەدەکەوت. واتە هەر لە بنەڕەتدا مامۆستای زمانی کوردی بوونی نەبوو لە تورکیادا، لە زانکۆکانیش تازە بەشی زمانی کوردی کرابووەوە کە ئەوانیش دیسان کێشەی

نەبوونی مامۆستای پسپۆڕیان هەبوو. لەبەر ئەم هۆکارانە، بەناچاری و بە پشتبەستن بە بڕیاری ژمارە ٨٠ی ساڵی ٢٠٠٤ی سەرۆکایەتیی پەروەردە و فێرکردن، وانەی بژاردەی زمانی کوردی لەلایەن مامۆستای وانەکانی دیکەوە دەگوترێتەوە.

### پاش ١٠ ساڵ، جارێکی دیکە زمانی کوردی ڕۆژەڤە

پاش تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر جێگیرکردنی وانەی زمانی کوردی وەک وانەیەکی بژاردە لە پرۆگرامی قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەکانی تورکیادا، جارێکی دیکە سەرجەم گرووپ و ڕێکخراو و پارتە کوردییەکانی تورکیا هەوڵێکی بێوچانیان دا بۆ ئەوەی زۆرترین خوێندکار وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرێت. لە یەکەم ساڵی جێگیرکردنی وانەی زمانی کوردی وەک وانەیەکی بژاردە و لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣)، کوردەکانی تورکیا بەگەرموگوڕییەوە بەدەم ئەو هەنگاوەی حکومەتەوە ڕۆیشتن و لە ٢٨ پارێزگای تورکیادا، ١٨ هەزار و ٨٤٧ خوێندکار وانەی زمانی کوردیی هەڵبژارد کە تاوەکوو ساڵی ڕابردوو ئەو ڕێژەیە وەک ژمارەی پێوانەیی مابوویەوە و نەتوانراوە بشکێنرێت. لە ساڵەکانی دواتردا و بە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی پرۆگرامی و سیاسی و زمانەوانییەوە، وانەی زمانی کوردی ئەو پێشوازییەی یەکەم جاری لێ نەکرا و ساڵ بە ساڵ ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە وانەکەیان هەڵدەبژارد؛ ڕووی لە کەمی دەکرد، تاوەکوو ساڵی ڕابردوو ڕێژەکە بۆ کەمترین ئاست دابەزی کە بریتی بوو لە ٨ هەزار و ١٩٠ خوێندکار[١٦].

وەزارەتی پەروەردەی تورکیا لە ٣ی کانوونی دووەمەوە تاوەکوو ٢١ی هەمان مانگ، ماوەی هەڵبژاردنی وانەی بژاردەی بۆ قۆناغی ناوەندی ڕاگەیاند. هەر زوو بزووتنەوەی زمانی کوردی (Kürtçe Hareketi, Hereketa Zmana Kurdi (HEZKURD)) دەستی کرد بە بانگەشەیەکی چڕوپڕ بۆ هاندانی منداڵانی کورد و دایکان و باوکان، تاوەکوو وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرن. بەدوای ئەویشدا، "ڕێکخراوی مامۆستایانی ڕابەری کورد -(Kürtçe Öğretmenleri İnsiyatifi) İnisiyatifa Mamosteyen Kurdi"، لەگەڵ "ڕێکخراوی چاکسازی و چاودێریی پەروەردەی دیاربەکر - Diyarbakır Eğitim İzleme ve Reform Girişimi (DİERG)"، دەستیان کرد بە بانگەشە بۆ هەمان مەبەست و پشتیوانیی چالاکییەکانی بزووتنەوەی زمانی کوردییان کرد.

وەک بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نوبیهار (Nubihar Yayınları)، سولەیمان چیڤیک (Süleyman Çivik) کە وەک باڵی چاپەمەنی و میدیایی گرووپی زەهرای سەر بە کۆمەڵەی نوور لە باکووری کوردستان و تورکیا دەردەکەوێت، وتوویەتی: "هەڵمەتی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی وانەی زمانی کوردی تەنها بابەتە

کە سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی باکووری کوردستان بە ئیسلامی و چەپەوە لەسەری کۆک بوون[١٧]"، بەو مانایەی هەمووان بە یەک دەنگ داوایان کردووە منداڵان وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرن و تەنانەت لە پێناوی ڕاکێشانی دەنگی هاوڵاتییانی کورد لە تورکیا، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشێک لە سەرکردەی پارتە سیاسییە تورکییەکانیش پشتیوانیی ئەو هەڵمەتەیان کردووە.

ئەو بانگەشە چڕ و فراوانە و ئەو پشتیوانییە زۆرەی پارت و ڕێکخراوە کوردی و تەنانەت چەند پارت و ڕێکخراوێکی تورکیش، بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ئیدی ترسی کوردبوون و شانازیکردن بە ناسنامەوە لەلای کوردانی تورکیا بشکێنێت. وەک شارەزایان و چالاکوانانی کورد لە تورکیا باسی لێوە دەکەن، هەڵبژاردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی لەلایەن ٢٠ هەزار و ٢٦٥ خوێندکارەوە لەمساڵدا، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر کاریگەریی ئەو بانگەشەیە کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هێندەی ئەمساڵ خوێندکاران وانەی بژاردەی زمانی کوردییان هەڵنەبژاردووە، ئەمەش دەکرێت سەرەتایەک بێت و لە ساڵانی ئایندەدا بە گوڕوتینێکی زیاترەوە هەم ڕێکخراوەکان بانگەشە بکەنەوە و هەمیش خوێندکاری زیاتر وانەی بژاردەی زمانی کوردی هەڵبژێرێت. دواجار هەموو ئەمانە لە سوودی دۆزی کورد و زیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد لە باکووردی کوردستان و تورکیادا دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک گرووپ و ڕێکخراو و سەندیکا ڕەخنەی ئەوەیان گرتووە کە "لەبریی دانانی وانەی بژاردەی زمانی کوردی، پێویستە منداڵانی کورد سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندنیان بە زمانی دایکییان (کوردی) بێت".

بەدەمەوەچوونی خوێندکاران و کەسوکاریان بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی زمانی کوردی، لەسەرووی چاوەڕوانییەکانی بانگەشەکارانەوە بوو، بە جۆرێک لە مێژووی ١٠ ساڵەی وانەی بژاردەی زمانی کوردیدا ڕێژەیەکی بەرز بووە. بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، لەمساڵدا ٢٠ هەزار و ٢٦٥ خوێندکار وانەکەیان هەڵبژاردووە، ئەمەش دوو هێندە زیاتری ساڵی ڕابردووە کە تەنها ٨ هەزار و ١٩٠ خوێندکار ئەو وانەیەیان هەڵبژاردووە، هەروەها زۆرترین ڕێژەش لە یەکەم ساڵی جێبەجێکردنی ئەو وانەیە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) بووە کە ١٨ هەزار و ٨٤٧ خوێندکار ئەو وانەیەیان هەڵبژاردووە. بەم جۆرە لەمساڵدا وانەی بژاردەی کوردی ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە[١٨].

## کێشەکانی وانەی بژاردەی کوردی

بە پێی بنەما پەروەردەییەکان، پێوستە زمانی کوردی وەک وانەیەکی ناچاری بۆ خوێندکارانی تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی جێەجێ بکرێت، بەڵام

دەوڵەتی تورکیا ئەو مافەی بە کوردەکان نەداوە و زمانی کوردی هاوتای زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانە بیانییەکانی دیکە و چەند شێوەزارێکی کۆنی تورکی هەژمار کردووە.

جگە لەوەش، وانەی کوردی تەنها لە قۆناغی ناوەندیدا دەخوێنرێت. لەگەڵ ئەوەی منداڵ ٤ ساڵی قۆناغی سەرەتایی تێدەپەڕێنێت کە قۆناغی ئاشنابوونیەتی بە جیهانی دەرەوە و فێربوونی ئەو زمان و وشە و دەستەواژانەی بەدەر لەناو خێزانەکەیدا فێری بووە، بەڵام هیچ وانەیەکی ئەلفوبێی کوردی ناخوێنێت، تەنها لە ماوەی ٤ ساڵی قۆناغی ناوەندی کوردی دەخوێنێت و پاشانیش لە قۆناغی ئامادەیی وانەی کوردی بوونی نییە، تەنانەت لە قۆناغی زانکۆدا بەتەواوی سەرجەمی وانە و سەرچاوەکانی دەبن بە تورکی و منداڵانی کورد ئەوەشی لە ٤ ساڵی ناوەندی دەیخوێنن (ئەگەر وانەکە هەڵبژێرن) لەسەر زمانی کوردی؛ بیریان دەچێتەوە.

کێشەیەکی دیکەی بەردەم وانەی بژاردەی کوردی، نەبوونی مامۆستای پسپۆڕی زمانی کوردییە، بە جۆرێک لە سەرانسەری تورکیادا تا ئێستا تەنها ٧٩ مامۆستای کوردی دامەزرێنراون، تەنانەت بۆ ئەمساڵی خوێندن تەنها سێ کورسی بۆ دامەزراندنی مامۆستای کوردی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی تورکیاوە تەرخان کراوە[١٩]. ئەمە لە کاتێکدایە ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی بەشی کوردیی زانکۆکان لە باکووری کوردستان بێکارن و بەدوای کارێکدا دەگەڕێن.

کێشەیەکی دیکەی وانەی بژاردەی کوردی ئەوەیە کە تەنها بریتییە لە ڕێزمانی کوردی، لە کاتێکدا بۆ فێربوونی زمان پێویستە خوێندکار مێژووی فەرهەنگ و وێژە و کولتووری ئەو خەڵکەی بەو زمانە قسە دەکەن فێر ببێت، لەبەر ئەوەی کولتوور و فەرهەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە زمانی هەر گەل و نەتەوەیەک.

جگە لەمانەش، سیستمی وانەی بژاردە لە هەردوو جۆری قوتابخانەی حکومی و تایبەتدا پێویستە پەیڕەویی لێ بکرێت، بەڵام لە قوتابخانە تایبەتەکانی تورکیادا وانەی زمانی کوردی وەک وانەیەکی بژاردە لە پڕۆگرامی خوێندندا جێگیر نەکراوە، هۆکاری ئەمەش لە لایەک بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و لە لایەکیش بۆ دایک و باوکانی خوێندکارەکان دەگەڕێتەوە کە دەیانەوێت منداڵەکانیان زیاتر بایەخ بە وانەکانی وەک (بیرکاری، ئینگلیزی، کۆمپیوتەر و فیزیا) بدەن.

دانانی هەردوو شێوەزاری کرمانجی و زازاکی بەجیا لە چوارچێوەی یەک وانەدا، هەوڵێکی دیکەی دەوڵەتە بۆ ڕێگری لە کردنەوەی پۆلی زمانی کوردی لە تورکیا. لەبەر ئەوەی کرمانجی و زازاکییەکان لە باکووری کوردستان تێکەڵ بوون بە یەکدی، ئەمەش وا دەکات لە هەندێک ناوچەدا ژمارەی پێویست کە ١٠ خوێندکارە، هەردوو شێوەزارەکە هەڵنەبژێرن، لێرەوە وانەی هەردوو شێوەزارەکە بەتاڵ دەبێتەوە و ناکرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک کێشە و ڕێگری بۆ وانەی بژاردەی کوردی لەلایەن خودی کوردەکانی باکووری کوردستان خۆیانەوە دروست دەکرێت، بە ئیسلامی و چەپیشەوە. پارت و گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیا وانەی کوردی و ئایین لە یەک ئاستدا دەبینن. جگە لەوەش، زۆرینەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە لە پارتە ئیسلامییەکان یاخود پارتی دەسەڵاتداری تورکیا، ئاکەپە، کە پارتێکی ئیسلامی/ڕاسترەو/پارێزکارە نزیکن، زیاتر جەخت لەسەر هەڵبژاردنی وانەی زمانی کوردی و ئایین پێکەوە دەکەنەوە. یاخود لە هەندێک قوتابخانەدا بە بیانووی جیاواز، وانەی زمانی کوردی لە خشتەی وانە بژاردەکاندا دەردەهێنن و زیاتر خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی وانە ئایینییەکان هان دەدەن[٢٠]. تەنانەت دەستخستنە کاروباری هەڵبژاردنی وانەکان بەبێ ڕەزامەندیی خوێندکار و دایک و باوکیان لەلایەن بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانەوە، بووبوو بە مانشێتی ئەو کاتەی ڕۆژنامەکانی تورکیا، تا کار گەیشتە ئەوەی وەزارەتی پەروەردە گشتاندنێکی سەبارەت بەو بابەتە دەرکردووە و بە هەموو جۆرێک ڕێگریی لە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە کردووە لەبریی خوێندکاران وانەکان هەڵبژێرن[٢١]. بەڵام وەک کوردەکانی باکووری کوردستان دەڵێن: "دەرکردنی بڕیار لە پایتەخت (ئەنقەرە) ئاسانە، بەڵام جێبەجێکردنی لە هەکاری و شرناخ و... زەحمەتە".

هەروەها بەرپرسانی پارت و ڕێکخراوە چەپەکانی باکووری کوردستان منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە تایبەتییەکانەوە، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە تایبەتییەکانیش وانەی بژاردەی کوردی ناخەنە لیستی وانە بژاردەکانی قوتابخانەکانیانەوە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی بەرپرس و سەرکردەی ئەو پارتانە لەسەر بنەمای "لەبریی وانەی بژاردەی زمانی کوردی، خوێندن بە کوردیمان دەوێت"؛ وانەی بژاردەی زمانی کوردی بۆ منداڵەکانیان هەڵنابژێرن، ئەمەش دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی هاوڵاتییانی ئاسایی لە هاندانی منداڵەکانیان بۆ هەڵبژاردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی.

## سیناریۆکان

ئەو بانگەشە فراوان و مەودادرێژەی لەلایەن ناوەند و ڕێکخراوەکانی باکووری کوردستانەوە ئەنجام درا و پشتیوانیی تەواوی پارتە سیاسی و ڕێکخراوە کوردییەکانی باکوور و چەند پارت و ڕێکخراوێکی تورکی و تەنانەت پشتیوانیکردنی هەڵمەتەکەش لەلایەن چەند ناوەند و دەزگایەکەوە لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریی گەورەی لەسەر بابەتی وانەی بژاردەی زمانی کوردی هەبووە و هەم دەوڵەتی تورکیا و شەقامی باکووری کوردستان لەسەر بنەمای دەرەنجام و کاریگەرییەکانی ئەو بانگەشەیە پلان و بەرنامەکانی ئایندە بۆ خۆیان دادەڕێژنەوە.

سیناریۆی یەکەم: بریتی دەبێت لە بەدەمەوەبوونێکی گەرموگوڕتر لە ساڵی ئایندەدا بۆ بانگەشەکە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە و لە بەرامبەردا خوێندکارانیش لەمساڵ باشتر بەدەم بابەتەکەوە بچن و بەراورد بە ئەمساڵ ژمارەیەکی زیاتری خوێندکار وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرێت، چونکە ئیدی هەم منداڵان و هەم باوکان و دایکان ترسیان دەشکێت لە هێزی سەربازی و ئەمنیی تورکیا و دڵنیا دەبنەوە کە ئەگەر کێشەیەکیشیان بۆ دروست ببێت؛ ڕێکخراو و پارتە سیاسییە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە پشتیان دەبن. ئەوەی لێرەدا گرنگە، پشتیوانیی بەردەوامی ئەو ڕێکخراوانەیە بۆ وانەی بژاردەی زمانی کوردی و پشتیوانی لە پڕۆسەی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی وانەی زمانی کوردی لە مامۆستا و پڕۆگرام و پێداویستییەکانی دیکە بۆ ئەو قوتابخانانەی کە پۆلی زمانی کوردی تێدا دەکرێتەوە، تاوەکوو بۆ ساڵانی ئایندەیش وەک ئەمساڵ یاخود بە جۆشوخرۆشێکی زیاترەوە هەم بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و مامۆستاکان و هەم خوێندکارانیش وانەی زمانی کوردی هەڵبژێرن.

سیناریۆی دووەم: بریتییە لە سەرنەکەوتنی ئەنجامەکانی بانگەشەکە و هەڵبژاردنی وانەکە، ئەمەش بە هۆی ئەو کەموکورتی و ڕێگرییانەی لەبەردەم وانەی بژاردەی زمانی کوردیدان لە تورکیا کە پێشتر باسمان کردووە، بە جۆرێک کە ڕێکخراوەکان پاشگەز ببنەوە یاخود سارد ببنەوە لە هەڵمەتی بانگەشە و بەو هۆیەشەوە ئەو شەوق و تاسەیەی کە پێویستە دروست بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو وانەیە؛ لەبار بچێت و خوێندکاران وانەی زمانی کوردی هەڵنەبژێرن. ئیدی جارێکی دیکە بزووتنەوەی "ڕۆشنبیری" و خەباتی مەدەنیی کوردایەتی لە باکووری کوردستان تووشی سەکتەیەکی قورستر لەوانەی ڕابردووی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵەی لەلایەن دەوڵەت خۆیەوە بە چینی خوێندکار و گەنجان و ڕۆشنبیران دەدرێت، بە دەستی کوردەکان خۆیان لەناو دەبرێت و پشکۆیەک نامێنێتەوە تاوەکوو جارێکی دیکە لە سەردەمی مۆدێرنەدا ئاگری شۆڕش و خەباتی نەتەوایەتی لە باکووری کوردستان لە مەیدانی زانست و خوێندندا پێی دابگیرسێنرێتەوە.

سیناریۆی سێیەم: کە زۆر مەترسیدارە و یەکێکە لە ئەگەرە کراوەکان، بریتییە لە لابردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی لە خشتەی وانە بژاردەکانی وەزارەتی پەروەردەی تورکیا بە هەر بیانوویەک بێت، ئەمەش بە هۆی ئەو بانگەشە فراوانەی بۆ ئەو بابەتە کراوە و دەرەنجامە کاریگەرەکانی. ئەمە وا دەکات پارتە نەتەوەپەرستەکانی وەک مەهەپە و پارتی باش، هەوڵی دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی لە تورکیا بدەن، لەبەر ئەوەی کاری سەرەکیی ئەم دوو پارتە بریتییە لە پاراستنی نەتەوەی تورک وەک نەتەوەی سەردەست لە تورکیا و جیهاندا و لەو پێناوەشدا ئامادەن هەموو قوربانییەک بدەن و هەر ڕێگەیەکیش پێویست بێت دەیگرنە بەر. لە ئێستاشدا هەر چەندە ئاکەپەی دەسەڵاتداری

تورکیا نێوانی بەتەواوی لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا تێک نەچووە و پێویستی بە دەنگی کوردەکانە لە هەڵبژاردندا و لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی وانەی زمانی کوردیدا لە ئاستی لقی دیاربەکری پارتەکە و مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی پارتەکە پشتیوانیی لە هەڵمەتەکە کرد، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئاکەپە بەتەواوی پشتیوانیی وانەی بژاردەی زمانی کوردی دەکات لە پرۆگرامی پەروەردەی تورکیادا. لە لایەکی دیکەوە دوو پارتی کاریگەری نەتەوەپەرستی تورکیا بەردەوام لە هەوڵدان بۆ دژایەتیکردن و پلیشاندنەوەی کورد لە تورکیا، ئەو دوو پارتەیش یەکێکیان مەهەپەیە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttıfakı) لەگەڵ ئاکەپە لە دەسەڵاتدایە و لە هەندێک بابەتدا کاریگەریی لەسەر بڕیاری بەرپرسانی ئێستای حکومەتی تورکیا دەبێت. ئەوی تریشیان پارتی باش (İyi Parti) کە درێژکراوەیەکی مەهەپەیە و لە ساڵی ٢٠١٧ بەرپرسانی ئەم پارتە بە بیانووی لادانی مەهەپە لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەپەرستیی تورکی لەو پارتە جیا بوونەوە و پارتە تازەکەیان دامەزراند. لە ئێستاشدا بە پێی دوایین دەرەنجامی توێژینەوەی ناوەندەکانی ڕاپرسی، ڕێژەی دەنگەکانی پارتی باش لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدایە، بۆ نموونە: نوێترین ڕاپرسی کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا لەلایەن ناوەندی توێژینەوە و پەروەردە و ڕاوێژکاری (Araştırma Eğitim Danışmanlık (ORC)) ئەنجام دراوە، پارتی باش بە ڕێژەی (٢.١٤٪) لەدوای ئاکەپە و جەهەپە ڕیزبەندیی سێیەمی پارتە سیاسییەکانی تورکیای گرتووە[٢٢]. لە ڕاپرسیی مانگی شوباتی ئەمساڵی هەمان ناوەندا کە لە ٤١ پارێزگای تورکیا و بە بەشداریی ٥١٣٠ کەس لەنێوان (٨-١٣)ی شوباتدا ئەنجام دراوە، ڕێژەی دەنگی پێشبینیکراوی پارتی باش بۆ (١.١٥٪) بەرز بووەتەوە[٢٣]. لە هەر ئانوساتێکیشدا ئەگەری ئەوە هەیە پارتی باش بڕواتە ناو هاوپەیمانیی کۆمارەوە[٢٤]، لە دۆخێکی لەو جۆرەدا پارتی باش هەوڵ دەدات زۆرترین داواکارییە نەتەوەپەرستییەکانی خۆی بەسەر ئاکەپەدا بسەپێنێت. بەم جۆرە لابردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی لە پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردەی تورکیادا بە ئەگەرێکی زۆرەوە یەکێک دەبێت لە مەرجەکانی پارتی باش بۆ چوونە نێو هاوپەیمانیی کۆمار، بەدڵنیاییەوە مەهەپەش پشتیوانیی هەر مەرج و هەوڵێکی لەو جۆرە دەکات. دەبێت ئەوەش بزانین ئاکەپە لەگەڵ مەهەپەی هاوپەیمانیدا لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ٢٠٢٣ی تورکیادا ناتوانێت زۆرینەی پەرلەمانی و کورسیی سەرۆکایەتیی کۆمار بباتەوە کە ئەردۆگان نایەوێت ئەو کورسییە تا کۆتایی تەمەنی لەدەست بدات. جگە لەوانەش، تەوژمی نەتەوەپەرستیی تورکی و دژایەتیکردنی کورد و هەدەپە لەناو تورکیا و تەنانەت خودی ئاکەپەشدا تا دێت فراوانتر دەبێت. بۆیە جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە یەکێکە لە ئەگەرە کراوەکان.

**ئەنجام**

دانپێدانانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیەکی ٢٠ ملیۆنی لە تورکیادا و جێکردنەوەی ئەو زمانە وەک وانەیەکی بژاردە لە ٤ قۆناغی خوێندنی قوتابخانە ناوەندییەکاندا، هەنگاوێکی ئەرێنیی باش بووە کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە نراوە، ئەمەش لە لایەک وەک دەرنجامێکی بەجیهانیبوون و کرانەوەی وڵاتان و تێکشکانی سنوورەکان و لە هەمان کاتدا لە سایەی گەشەکردنی تەکنەلۆژیاوە چاوکرانەوەی زیاتری نەتەوە ژێردەستەکان لەبەرامبەر دەوڵەتە فەرمانڕەواکانیان بووە. لە لایەکی دیکەوە دەرەنجامی سیاسەتی "سفرکردنەوەی کێشەکان" بووە کە لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) (Adalet ve Kalkınma Partisi (AKP)) لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک پەیڕەویی لێ کردووە، کە دواجار ئەنجامێکی گرنگی سیاسەتی "سفرکردنەوەی کێشەکان" و جێبەجێکردنی پڕۆسەی ئاشتی (پڕۆسەی چارەسەری) (Barış Süreci (Çözüm Süreci)) بووە و لێرەشەوە وانەی بژاردەی زمانی کوردی وەک خاڵێکی گرنگی ئەم پڕۆسەیە خراوەتە ناو پڕۆگرامی پەروەردەیی قوتابخانەکانی تورکیاوە.

لەگەڵ بوونی چەندین تێبینی و کەموکورتی و خاڵی دژبەیەک لە دانان و جێبەجێکردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی لە سیستمی پەروەردەی تورکیادا، بەڵام دواجار بوونی ئەو وانەیە هەنگاوێکی سەرەتایی و گرنگە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی دیکەی کورد لە باکووری کوردستان. لە هەمان کاتدا دانپێدانانێکی تاڵی گرنگیشە لەلایەن خودی تورکەکانەوە کە "کوردی" زمانی یەکێکە لە نەتەوەکانی تورکیا و ئەگەرچی لە لیستی وانە ناچارییەکانیشدا دانەنرابێت، بەڵام پێویستە لە قوتابخانەکاندا ئەگەر بۆ ماوەی ٤ ساڵیش بێت، وەک وانەیەکی بژاردە خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی بیخوێنن.

لەگەڵ دروستکردنی چەندین کێشە و لەمپەڕ لەبەردەم وانەی بژاردەی کوردی و هەوڵەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی وانەکە نەخوێنرێت، بەڵام لە ئەمساڵدا وانەی بژاردەی کوردی ئەو وانەیە بوو کە زۆرترین قسەی لە بارەوە کراوە بەراورد بە وانەکانی دیکەی قوتابخانە و بووە بە ڕۆژەڤی میدیای تورکی و باکووری کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی کێشە و لەمپەڕەکان لەلایەن خودی کوردەکانی باکووری کوردستانەوە دروست دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی وانەکە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەنجامەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی وانەی زمانی کوردی دڵخۆشکەر بوون و ٢٠ هەزار و ٢٦٥ خوێندکار لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردییەوە وەڵامێکی دڵخۆشکەریان بە ڕێکخەرانی بانگەشەکە بەخشی.

هەر چەندە زۆربەی کێشە و لەمپەڕەکانی بەردەم وانەی بژاردەی زمانی کوردی بە هەوڵی ناوەندەکانی فێرکردن و پارێزگاری زمان و کولتووری کوردی و پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

و پارتە سیاسییە کوردییەکانی باکووری کوردستان نەهێڵراون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیتر کێشەکان ڕەوینەتەوە، بەپێچەوانەوە، بە هۆی ئەو بانگەشە فراوانەی بۆ وانەی بژاردەی کوردی کراوە و کاریگەری و دەنگدانەوەی ئەو بانگەشەیە لە سەرانسەری تورکیا و تەنانەت هەرێمی کوردستانیشدا، پێویستە ئەو ناوەند و ڕێکخراو و پارتە سیاسییانە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە پشتیوانیی وانەی بژاردەی کوردی بکەن و بەردەوام ئاگاداری دۆخی ئەو قوتابخانانەی باکووری کوردستان بن کە وانەکەی تێدا دەخوێنرێت و بەتایبەت کێشەی نەبوون یاخود کەمیی مامۆستا و پرۆگرامی پەروەردەیی چارەسەر بکرێت. لە هەمان کاتدا دەزگا و ڕێکخراوە زمانەوانی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستانیش پێوستە لێبڕاوانە پشتیوانیی ئەو هەڵمەتانە و وانەی بژاردەی زمانی کوردی بکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Birgül Uysal, (2015), Ortaokul seçmeli dersler uygulamasının okul yöneticisi, öğretmen ve öğrenci görüşlerine göre değerlendirilmesi, Yüksek lisans tezi, Ankara Üniversitesi, Eğitim Bilimler Enstitüsü, Eğitim Programları Anabilim Dalı, Ankara, s:11.

2- Milli Eğitim Bakanlığı, (2013), Milli Eğitim Bakanlığı Ortaöğretim Kurumları Yönetmeliği, http://www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2013/09/20130907-4.htm, (13.02.2022)

3- Christenbury L., (1980), The Origin, Development, and Decline of the Secondary English Elective Curriculum, http://files.eric.ed.gov/fulltext/ED203325.pdf, (09.02.2022)

4- Milli Eğitim Bakanlığı, (1983), Bilim ve Kültür Eserleri Dizisi-Atatürk Kitapları, Cumhuriyet döneminde Eğitim, MEB Yayınları, İstanbul.

5- Mustafa Turgut, (2019), Ortaokullarda Din, Ahlak ve Değerler Alanındaki Seçmeli Derslerin Yönetici, Öğretmen, Öğrenci ve Veli Görüşleri Bağlamında İncelenmesi (Antalya İl Örneği), Yüksek Lisans Tezi, Akdeniz Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Felsefe ve Din Bilimleri Anabilim Dalı, Antalya, s:9.

6- TTKB, (1974), IX. Milli Eğitim Şurası, http://ttkb.meb.gov.tr/meb_iys_dosyalar/2014_10/02113442_9_sura.pdf, (12.02.2022).

7- TTKB, (2005), İlköğretim 1-5. Sınıf programları Tanıtım El Kitabı, TC MEB Talim ve Terbiye Kurulu Başkanlığı, Ankara, https://ttkb.meb.gov.tr/kurulkararlari/fihristler/fihrist_2005.pdf, (12.02.2022).

٨- پڕۆسەی ئاشتی (Barış Süreci)، یاخود پڕۆسەی چارەسەری (Çözüm Süreci): ئەو پڕۆسەیە بوو کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە لەدوای نزیکەی ٨ ساڵ لە هاتنەسەر دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) (Adalet ve Kalkınma Partisi (AKP)) لە تورکیا و بەدیاریکراوی لە ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی دەزگای سیخوڕیی نەتەوەیی تورکیا (Türkiye Milli İstihbarat Teşkilatı (MİT)) لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ئوسلۆی پایتەختی نەرویج خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر چەندە پڕۆسەکە ماوەی نزیکەی ٥ ساڵ بەردەوام بووە و هەنگاوی زۆر باشیشی ناوە، بەڵام بە هۆی ژمارەیەک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە کە هەم دەوڵەتی تورکیا و هەمیش پەکەکە بەرپرس بوون لێی، پڕۆسەکە لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە ڕاگیراوە و تا ئێستاش هیچ لایەکیان ئامادە نین بەکرداری دەست بکەنەوە بە جێبەجێکردنی پڕۆسەکە.

9- Resmi Gazete, (11.04.2012), Sayı: 28261, https://www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2012/04/20120411.htm, (11.02.2022)

10- 2017-2018 Eğitim Öğretim Yılında Okutulacak Seçmeli Derslerin Seçimine İlişkin Açıklama, (28.02.2017), https://tegm.meb.gov.tr/www/2017-2018-egitim-ogretim-yilinda-okutulacak-secmeli-derslerin-secimine-iliskin-aciklama/icerik/431, (11.02.2022).

11- TTKB, (2012). İlköğretim Kurumları (İlkokul ve Ortaokul) Haftalık Ders Çizelgesi, 12.02.2014,http://nigde.meb.gov.tr/meb_iys_dosyalar/2012_06/27112918_ttk_69_25062012.pdf.pdf, (13.02.2022)

12- Resmi Gazete, (11.04.2012) Sayı: 28261, https://www.resmigazete.gov.tr/eskiler/2012/04/20120411.htm, (14.02.2022)

13- Ümmügülsüm Görer, Ortaokul Düzeyinde Din,Ahlak ve Değerler Alanındaki Seçmeli Derslerin Öğretmen ve Öğrenci Görüşlerine Göre Program Açısından Değerlendirilmesi, Yüksek Lisans Tezi, Necmettin Erbakan Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Felsefe ve Din Bilimleri Anabilim Dalı, Din Eğitimi Bilim Dalı, Konya, 2015, s:7.

١٤- لە هەندێک قوتابخانەدا کۆریدۆر و فرۆشگا و گەنجینە و تەنانەت ژووری یاریدەدەری بەڕێوەبەر و ژووری خودی بەڕێوەبەریش کراوە بە پۆل بۆ هەندێک وانەی بژاردە*!

* Ümmügülsüm Görer, Ortaokul Düzeyinde Din,Ahlak ve Değerler Alanındaki Seçmeli Derslerin Öğretmen ve Öğrenci Görüşlerine Göre Program Açısından Değerlendirilmesi, Yüksek Lisans Tezi, Necmettin Erbakan Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Felsefe ve Din Bilimleri Anabilim Dalı, Din Eğitimi Bilim Dalı, Konya, 2015, s:12

١٥- ئەو مامۆستایەیە کە خۆی بەفەرمی لە شوێنێک دامەزراوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە قوتابخانەیەکی دیکە، مامۆستا دامەزراوەکە وەک میوان دەڕوات لە قوتابخانەی دیکە وانە دەڵێتەوە و لەبەرامبەر هەر وانەیەکدا بڕێک پارەی دیاریکرا و کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دیاری کراوە، وەک پاداشت دەدرێت بە مامۆستاکە.

16- www.rudaw.com, İşte ilk sonuçlar; Hangi ilde kaç öğrenci Kürtçe seçmeli dersleri tercih etti?, (08.02.2022) https://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/080220221, (11.02.2022)

17- www.rudaw.net , Süleyman Çevik: Dil kampanyası herkesi ortak paydada buluşturdu, (06.02.2022), https://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/0602202213, (11.02.2022)

18- www.gazeteduvar.com.tr, 20 bin 265 öğrenci Kürtçeyi seçti, (20.02.2022), https://www.gazeteduvar.com.tr/20-bin-265-ogrenci-kurtceyi-secti-haber-1553843, (20.02.2022).

19- www.doğruhaber.com, Hangi ilde kaç öğrenci Kürtçe seçmeli dersleri tercih etti? İşte ilk sonuçlar!, https://dogruhaber.com.tr/haber, (08.02.2022), /812641-hangi-ilde-kac-ogrenci-kurtce-secmeli-dersleri-tercih-etti-iste-ilk-sonuclar/, (11.02.2022)

20- www.demokrathaber.org, Aydın'da bazı okullarda Kürtçe seçmeli dersten çıkarıldı, (18.01.2022), https://www.demokrathaber.org/aydinda-bazi-okullarda-kurtce-secmeli-dersten-cikarildi#google_vignette, (15.02.2022)

21- Zaman Gazetesi, (2012). Veliler Seçmeli Dersler İçin Ek Süre İstiyor. Özel Gazete Haberi. http://www.zaman.com.tr/gundem_veliler-secmeli-dersler-icin-eksure-istiyor_1350840.htm, (14.02.2022)

22- www.twitter.orc.com, (10.01.2022), "Bu Pazar genel seçim olsa hangi partiye oy verirsiniz?", https://twitter.com/orc_arastirma/status/1480465037537988608, (14.02.2022)

23- www.twittwr.orc.com, (16.02.2022), Bu Pazar Genel Seçim Olsa Hangi Partiye Oy Verirsiniz, https://twitter.com/orc_arastirma/status/1493939431132258305?t=uYby_eP5p6sM4Xru9hPfEw&s=08, (16.02.2022)

٢٤- ئەحمەد قادر عەلی، کێبڕکێی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٣ی تورکیادا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە: ٦٨، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، لا٢٨.

# سایبەر تیرۆریزم لەمیدیادا؛ مەترسی و بەرەنگاربوونەوە ئایندەییەکان

پ. ی. د. کارزان محەمەد
مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی





**بەرایی**

هاتنەئارای قۆناغی گلۆباڵیزم و گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی، وێرای لایەنە ئەرێنییەکانی کە خێراترکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی داتا و بیروبۆچوونە، جیهانی بەرەو ئەو گوندە ئەلیکترۆنییە ئاڕاستە کرد کە "مارشاڵ مەك لۆهان" ((Marshal Macluhan)) ((١٩١١-١٩٨٠ پێشبینیی بۆ کردبوو، کۆمەڵێك دیاردەی

مەترسیداریشی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە دیارترینیان سایبەر تیرۆریزمە و بووەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. دۆسیەی تیرۆریزم یەکێکە لەو تاوانانەی لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیدا فۆرمی خۆی گۆڕیوە. لە هەر قۆناغ و پێشهاتێکی نوێدا ڕێوشوێنی جیاواز بۆ هەڕەشە و کردە تیرۆریستییەکان بەکارهێنراوە و بەردەوام لە پرۆسەی خۆبەرهەمهێنانەوەدایە، ئێستاش نوێترین شێوازی کە سایبەرتیرۆریزمە، بە سوودبینین لە نوێترین تەکنەلۆژیای پەیوەندی، هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە دەدات کە بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بە پێشێلی پرەنسیپەکانی ئاسایشی کۆمەڵگای مرۆیی دادەنرێت. هەر چەندە لێکۆڵینەوە لە تیرۆریزم بە پێی مۆدێل و خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت، بەڵام دیاردەی سایبەرتیرۆزم کە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی داعش، بە شێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو و ئاڕاستەکراو، وەك شەپۆلێکی نوێی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکەدا هاتووەتە ئارا، پێویستی بە توێژینەوە لە فاکتەر و ڕەهەندەکانی سەرهەڵدان، تیشکخستنەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە هەیە، تا بتوانرێ بە شێوەیەکی دروست چەندین مۆدیلی بەگژداچوونەوە گەڵاڵە بکرێت تا ئەم تاوانە مۆدێرنە کەمترین کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگای کوردەواری جێ بهێڵێت. سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە ڕێگەی سایبەرتیرۆریزمەوە لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی هەرێمی کوردستاندایە، تا ئەندازەیەکی زۆریش وابەستەیە بەو پێشهاتە نوێیانەی لە سیستمی سیاسەتی جیهانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ڕوو دەدەن، بەڵام لە ئێستادا هەست بەو مەترسییە دەکرێت کە ئاڕاستەکەی لە ناوچەکەدا ڕووی لە کوردستانە، ئەمەش بایەخی لێتوێژینەوەی بۆ کۆمەڵگای کوردی هەیە و پێویستە لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمییەوە شەنوکەوی بکرێت.

## چەمك و خەسڵەتەکانی سایبەرتیرۆریزم و هاتنەئارای لە کوردستان

سایبەرتیرۆریزم وەك فۆرمێکی نوێی جەنگی ئەلیکترۆنی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی و سەرجەم ئەو دەوڵەتانەش هەیە کە سەرقاڵی چەسپاندنی ئاشتی و ئارامیی وڵاتەکانیانن.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم چەمکە لەدوای هاتنەئارای، تا ئێستا لە چەندین ڕەهەندەوە پێناس و تایبەتمەندییەکانی تاوتوێ کراوە.

ئەم شێوازە نوێیەی تیرۆریزم، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩٨٠) لەلایەن "باری کۆلین" (Barry Collin)ی پسپۆڕی بواری ئاسایش بەکار هێنرا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە شاری کالیفۆڕنیای ئەمەریکا خستیە ڕوو، شەنوکەوی ئەم چەمکە نوێیەی تیرۆیزمی کرد و توێژینەوەیەکی لە بارەی کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای مرۆیی خستە ڕوو[١].

مارك پۆلیت (Mark Pollitt) لە پێناسەیەکدا لەو باوەڕەدایە سایبەرتیرۆریزم واتە: پەلاماردان و هێرشێکی ئەنقەستە بە ئامانجێکی سیاسی ئەنجام دەدرێت کە دژ بە سیستمی بەڕێوەبردنی دامەزراوە زانیارییەکانە، دەرەنجامی کاریگەریشی لێ دەکەوێتەوە[٢].

دامەزراوەی "CRS" بەم چەشنە پێناسەی "سایبەر تیرۆریزم" دەکات: هەڕەشە یاخود پەلاماردانێکی نایاساییە بۆ سەر کۆمپیوتەر، تۆڕ و داتا ئەنبارکراوەکانی ناو کۆمپیوتەر، بە مەبەستی ترساندن یان ناچارکردنی حکومەت یاخود جەماوەرەکەی بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانجە سیاسی یاخود کۆمەڵایەتییەکانیان[٣].

بە بڕوای "دورۆتی دەنینگ"، تیرۆریزمی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی میدیاوە واتە: بەکارهێنانی ژینگەی میدیا و بواری ئەلیکترۆنی بە ئامانجی تیرۆر، پەلاماردان و هەڕەشەی نایاسایی لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی زانیاری و بڵاوکردنەوە، ئەویش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ یان ناچارکردنی دەوڵەت یان جەماوەر لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی تایبەت[٤].

لە کۆی ئەم پێناسانەدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و کاریگەریی لەسەر پەرەپێدانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی، ئاسانکاریی بۆ بەرەی تیرۆریزمیش کردووە تا پیلان و کرداری تیرۆریستی لەو ڕێگەیەوە ئەنجام بدەن. پسپۆڕانی بواری تیرۆریزمناسی، هاوساتی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، بایەخی زیاتریان بە مەترسییەکانی سایبەرتیرۆریزم داوە، چونکە لەو باوەڕەدان: تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێت و بەئاسان دەستڕاگەیشتنی تیرۆریستان بە چەکە سایبەرییەکان (واتە کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێت)، بووەتە مایەی ئاڵۆزی و مەترسیداربوونی ئەم جۆرە تیرۆریزمە نوێیە بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری تیرۆردا[٥].

لە ڕووی ئامانجەوە، سایبەرتیرۆریزم بە پێی ئاڕاستەکەیان لە یەکتر جیاوازن، بەگشتی نەخشەڕێژی بۆ پەلامارە سایبەرتیرۆریستییەکان کە لەلایەن کەس و گرووپ و لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە ئەنجام دەدرێت، هەر چەندە شێوازی ئەنجامدانیان جیاواز بێت، بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێت:

ا. سایبەرتیرۆریزمی ئاڕاستەکراو: ئەم شێوازە تاوان بە پێی پیلان و نەخشە ئەنجام دەدات، ئامانجەکەشی دروستکردنی فشارە بۆ بەرامبەرەکەی تا لەژێر کاریگەریی تیرۆر و هەڕەشەدا داواکاریی تیرۆریستان بهێنێتە دی.

لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات، بریتین لەو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە توندڕەوانەی دژ بە دەسەڵات کار دەکەن، هەندێکیان لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە هان دەدرێن بە ئامانجی کاریگەری خستنەسەر دەسەڵات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، ئاڕاستەکردنی

سایبەرتیرۆریزمە لەلایەن ڕێکخراو و گرووپ و تەنانەت دەوڵەتێکی بیانییەوە دژ بە دەوڵەتێکی تر.

ئێستا هەردوو شێوازەکە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا هەن، لەسەر ئاستی ناوخۆ بەئاشکرا گرووپە تیرۆرستییەکان سوود لە جۆرەها تۆڕی کۆمەڵایەتی وەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی واتەوات و هەڕەشە و بانگەوازی توندوتیژانە بە شێوەیەکی ئاڕاستەکراو.

ب. ئاژاوەگێڕی و پەشێوی (ئانارشیستی): ئەم مۆدێلەی تیرۆریزم، پتر بە شێوەی ناوبەناو ئەنجام دەدرێت. ستراتیژی کاری ڕێبازی ئانارشیزم لەسەر فەلسەفەیەکە کە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی بە هەر شێوەیەك بێت، بە خراپی دەزانێت[٦].

ئامانجەکانی سایبەرتیرۆریزم لەم مۆدێلەدا، زۆر جار تەنها شڵەژاندنی دۆخی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لێکەوتەی لەسەر هەلومەرجی بەڕێوەبردن و حکومڕانییش هەیە، چونکە بە هۆی ئەم ئانارشیزمەوە ڕێژەی جۆرەها تاوانی وەك دزی و کوشتن و تاڵانی پەرە دەستێنێ. لە ڕووی تەمەنەوە، کورتترین جۆری تیرۆریزمە و بەردەوام شێوەی خۆی دەگۆڕێت.

تا ئێستا شرۆڤەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە بۆ ناسینەوەی هەر جووڵە و ڕەفتارێکی نایاسایی کە لە بواری میدیادا ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی ئەو ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ و پەیامانەی هاندانیان بۆ توندوتیژیی جەستەیی یاخود سایکۆلۆژی تێدایە، هەندێکیشیان بە ئامانجی پەکخستنی پرۆگرام و دزینی داتا و تاوانە هەواڵگرییەکان ئەنجام دەدرێن، ئایا تا چەند دەچنە خانەی سایبەرتیرۆریزمەوە؟ ئایا هۆکاری پەنابردنی تیرۆرستان بۆ میدیا و پەرەسەندنی خێرای تاوانی سایبەرتیرۆریزم لەسەر ئاستی جیهان، فاکتەرەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

بەرەی تیرۆریزم لەم ڕوانگەیەوە واتە ئەو کەس و لایەن و گرووپانەی سایبەرتیرۆریزم ئەنجام دەدەن، لەبەر ئەم فاکتەرانەی خوارەوە، لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای ئەلیکترۆنی بەگشتی، پەنا بۆ سایبەرتیرۆریزم دەبەن:

١. بێسنووری لە سایبەرسپەیسدا: داهێنانی سایبەرسپەیس بە هۆی هاتنەئارای ئینتەرنێتەوە، بووە مایەی پێکەوەبەستنی تۆڕێکی جیهانی کە بە شێوەیەکی جاڵجاڵۆکەیی، بە کەمترین کاتیش زانیاریی تیادا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. بە مانایەکی تر: ئینتەرنێت توانیی جۆرەها سێرڤسی وەك: پەیوەندیی خێرا، توانای ناردنی پەیام، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەیوەندی، ئاڵوگۆڕی داتا بە مۆدێلی جۆراوجۆر لە ڕێگەی تۆڕە ئینتەرنێتییەکەیەوە لەخۆ گرتووە[٧].

تیرۆر لە ڕێگای میدیاکانەوە دەتوانێ سنووری وڵاتان ببڕێت، واتە ناردنی پەیام بۆ دروستکردن و ئاڵوگۆڕی پەیوەندی لەگەڵ هاوسۆزەکانیان، یاخود بە مەبەستی پڕوپاگەندە

و دنەدان بۆ توندوتیژی، ڕووبەڕووی لەمپەرێکی ئەوتۆ نابێتەوە. ئەگەرچی هەندێ وڵات لە ڕێگەی فلتەرکردنی سایت و پەیج و سانسۆری ئەلیکترۆنییەوە توانیویەتی ڕووبەڕووی سایبەرتیرۆریزم ببێتەوە، بەڵام هێشتا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت.

٢. کەمیی بودجەی تێچوو: لە سایبەرتیرۆریزمدا، بە بودجەیەکی کەم بۆ ئامێرێکی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و پڕۆگرامی مۆنتاژ، دەتوانرێ زۆرترین پەیامی تیرۆرستانە بەرهەم بهێنرێت بە مەبەستی پەخش و بڵاوکردنەوەی.

٣. پەلاماردان بەبێ زیانی جەستەیی: لە پڕۆسەی سایبەرتیرۆریزمدا بە پێچەوانەی جۆرەکانی تری تیرۆرەوە کە زۆر جار بە ئامانجی پەلاماردان یان زیانگەیاندن بە شوێنێك یان دامەزراوەیەك، پێویستی بە خۆتەقاندنەوە هەبووە یان تیرۆریستەکە گیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە، لەم مۆدێلەدا تیرۆرست دەتوانێ گەورەترین زیانی سایکۆلۆژی بە جەماوەر بگەیەنێ یاخود زیان بە دامەزراوەیەك بگەیەنێ لە ڕووی هاککردنی ژمێرەی بانکی و داتاکانیان، بەبێ ئەوەی زیان بەر خۆی بکەوێت.

٤. ئازادی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ئاسانکاریی زۆریشی بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەلیکترۆنی ڕەخساندووە، لەم ڕوانگەیەوە وڵاتانی پێشکەوتوو هەمیشە سەرقاڵی چاودێریی ئینتەرنێتن.

٥. تیمی ئەلیکترۆنی: تیرۆرستان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنییەوە هەماهەنگی لە کاری تیرۆردا بکەن، واتە ببنە تیمی ئەلیکترۆنی، ئەمەش فاکتەری سەرەکییە بۆ خێرا ئەنجامدانی تاوانەکە بە هۆی ئاسانکاری لە پڕۆسەی پەیوەندی و هاریکاریی تیرۆریستان لەگەڵ یەکتردا.

٦. پەیداکردنی سەرچاوەی بژێوی و ئاڵوگۆڕی دراو: سوودوەرگرتنی تیرۆریزم لە پڕۆسەی پەیوەندی بۆ ئاڵوگۆڕی دراو و پەیداکردنی سەرچاوەی بژێوی بۆ دابینکردنی بودجەی چالاکییەکانیان، فاکتەرێکی تری پەنابردنی گرووپە تیرۆریستییەکانە بۆ میدیای ئەلیکترۆنی.

بەگشتی خەسڵەتەکانی سایبەرتیرۆریزم بریتین لە:

١. خێرایی لە پڕۆسەی تاواندا: فاکتەرەکانی کات و شوێن لە سایبەرتیرۆریزمدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە دنیای ئەلیکترۆنیدا بە هۆی نزیکایەتیی (تاوانبار، ئامانجی تاوان، شوێنی تاوان) ئەنجامدانی تاوانی ئاسان کردووە.

٢. نادیاریی ناسنامەی تیرۆرست.

٣. قەبارەی تاوان: لە سایبەرتیرۆریزمدا، ژمارەی تاوانبار و قەبارەی تاوان و ئاستی کاریگەرییەکانی ناڕوونە.

٤. کەمیی بودجە: ئەنجامدانی تاوان

لە دنیای ئەلیکترۆنیدا، پێویستی بە چەند ئامێرێکە و بڕی تیچووی کەمە.

٥. نائامادەگی لە شوێنی تاوان: لە تاوانی ئاساییدا بەبێ ئامادەبوونی تاوانبار ئاستەمە تاوان ئەنجام بدرێت، بەڵام کردەی تاوان لە دنیای ئەلیکترۆنیدا بەبێ ئامادەگی لە شوێنەکەدا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ونبوونی سەرەداوەکان.

٦. نێودەوڵەتیبوونی تاوان: لە تیرۆریزمی میدیای ئەلیکترۆنیدا سنوورەکان تێدەپەڕێنرێت و دەشێ تیرۆرست لە وڵاتێك بێت و تاوان لە وڵاتێکی تردا ئەنجام بدات.

٧. هەڵکشانی ژمارەی ڕەش: واتە ئاستی زیانەکانی تاوان بەتەواوەتی نادرکێنرێت.

٨. ئۆتۆماتیکبوونی تاوان[٨].

## مێژووی سایبەرتیرۆریزم

سەرهەڵدانی سایبەرتیرۆریزم هاوساتی داهێنانی تۆڕی ئینتەرنێتە، بە مانایەکی تر: لەگەڵ هەر داهێنانێکی تەکنەلۆژیدا، چەندین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی مرۆیی دێتە ئارا کە زۆربەیان پێشبینیکراون یاخود گوماناوین.

لە ماوەی هەردوو دەیەی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتی هەڵشکانی ڕێژەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە سایەی جەنگی ساردی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، گەرمبوونی ڕکابەریی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەنێوان زلهێزەکانی جەنگی سارد و هەم وڵاتانی تری وەك ژاپۆن و چین و ئیسرائیل، مەترسیی تیرۆریزم بە شێوەی ئۆرگانیزەکراو بە دنەدان و پشتیوانیی دەوڵەتە گەورەکان، بە جۆرێکی مەترسیدارتر هەڕەشەی لە پرۆسەی ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد.

چەند فاکتەرێك لەسەر ئاستی جیهان بوونە مایەی تەشەنەسەندنی سایبەرتیرۆریزم:

یەکەمیان: دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە گەرمەی ململانێی جەنگی سارد لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکادا، وەك گەورەترین ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەسەر ئاستی جیهان، زەمینەی زیاتری بۆ سایبەرتیرۆریزم ڕەخساند. قۆناغی کۆرپەلەییەکەی ئەلقاعیدە لە سووداندا بوو، دوای یەکگرتنی لەگەڵ عەرەبە ئەفغانەکان و کۆچکردنیان بۆ ئەفغانستان، دەوڵەتی تاڵبانیان دامەزراند.

دووەمیان: لە (١١)ی سێپتەمبەردا کاتێك گەورەترین پێکدادانی بەرەی تیرۆر لەگەڵ شارستانیەتی خۆرئاوادا ڕووی دا، درێژەکێشانی جەنگەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو جیهانی ئەلیکترۆنیشی گرتەوە و بووەتە مایەی گەورەترین فاکتەر بۆ دنەدانی سایبەرتیرۆریزم بە مۆدێلی جۆراوجۆر.

لەسەر ئاستی عێراقیش، دامەزراندنی "داعش" (ISIS) وەك لقێکی ئەلقاعیدە لە عێراق، شەپۆلێکی تری سایبەرتیرۆریزمی لە

وڵاتەکەدا ئاڕاستە کرد کە مەترسییەکانی بووە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش.

یەکەمین هەنگاوی "داعش" لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی میدیا بوو بۆ هاندان بۆ توندوتیژی و تیرۆر، لەبەر ئەم فاکتەرەش ناوەندی میدیایی "الفرقان"ی لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦دا دامەزراند بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی (دیڤیدی، سیدی، پامفێلت، پۆستەر...)، لە پێناو نیشاندانی توانای سەربازیی داعش و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی لە تۆڕە میدیاییەکاندا[٩].

هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی دانەبڕاو لەو وڵاتانەی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چەندین جار دووچاری پەلاماری تیرۆرستی بووەتەوە، هاوساتی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی تیرۆریزم بە سەرکردایەتی داعش، سایبەرتیرۆریزم وەك ئامرازێك لەلایەن داعشەوە دژ بە هەرێمی کوردستان خرایە گەڕ، ئەمەش بە گرنگترین فاکتەری دەرەکیی پەلامارەکانی سایبەرتیرۆریزم دژ بە گەلی کورد دادەنرێت.

لە ڕووی فاکتەرە ناوخۆییەکانیش کە زەمینەساز بوون بۆ پەرەسەندنی مەترسییەکانی سایبەرتیرۆریزم، بەگشتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

- لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی دەسەڵات: سیستمی دەسەڵاتدارێتی و بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان ئامادەباشییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەو ڕەهەندە هەستیارەی جەنگ دژ بە بەرەی تیرۆریزم نەکردبوو، هەر بۆیە هیچ جۆرە سیستمێکی بەرگریی ئەلیکترۆنی بۆ پەلامارەکانی سایبەرتیرۆریزم و تویت و پەیامەکانیان نەخستە گەڕ، ئەمەش بووە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

- سایکۆلۆژیای جەماوەر: فاکتەرێکی تر پەیوەندیدار بوو بە دۆخی دەروونیی خەڵك کە بە هۆی ئاڵۆزی و گرنگیی جەنگی دژ بە داعشەوە، زۆر جار زەمینەی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ و واتەوات دەڕەخسا بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش بە قازانجی تیرۆیستانی داعش بوو.

- هاوسۆزی و ناهۆشیاری: لە ماوەی جەنگی پێشمەرگە و داعشدا، چەندین هاوڵاتی لە ڕووی هاوسۆزییەوە بێ یاخود ناهۆشیاریی نەتەوەیی، ببوونە زەمینەسازێك بۆ پڕوپاگەندە بۆ داعش و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان. هەروەها چەندین میدیاکاریش، بە پاساوی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ، ببوونە سەکۆی سایبەرتیرۆریزم لە کوردستان.

- نەبوونی سانسۆری یاسایی: لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان کە لە قاڕەکانی تری جیهانیش بوون، وەك سیستمێکی بەرگریی ئەلیکترۆنی لە ئاسایشی

وڵاتەکانیان، سانسۆری یاساییان بۆ سەرجەم ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان پیادە دەکرد، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە گەرمەی شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی تیرۆیزم، لە کاتێکدا دەبووایە لەو هەلومەرجە نائاساییانەدا فلتەر بۆ ئەو سایتانە دابنرێ کە دەچنە خانەی سایبەرتیرۆریزم، دامەزراوە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە پلانێکی ئەکتیڤیان بۆ ڕێگەگرتن لەو پەلامارە ئەلیکترۆنییانە پیادە نەکرد، ئەمەش پتر یارمەتیدەری هەڵکشانی هەڕەشەکانی سایبەرتیرۆریزم بوو بۆ سەر ئاسایشی جەماوەر.

- داواکاری گشتی: سستی لە بەدواداچوونی یاسایی بۆ سایبەرتیرۆریزم لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی پەلامارە تیرۆریستییە ئەلیکترۆنییەکان و پڕوپاگەندە بۆ هێزەکانی داعشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر کردبوو، لە کاتێکدا بە پێی چەندین یاسا لە هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندە بۆ تیرۆر بە تاوان دادەنرێت کە دواتر ئاماژەیان پێ دەدەین.

## جۆرەکانی تاوانی سایبەرتیرۆریزم و ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی

سایبەر تیرۆریزم بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی دێتە پێش، شێوازی جۆراوجۆر بە مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی خۆی دەگرێتە بەر، بە مانایەکی تر: شێوە و فۆرمی سایبەرتیرۆریزم بە پێی دەرفەتەکانی بەردەمی، گۆڕانی بەسەردا دێت. لەم ڕوانگەیەوە هەر پەلامار و هەوڵێکی تێکدانی ئاسایش و ئارامی لە هەرێمی کوردستان، دەچێتە خانەی ئەم تاوانە تیرۆریستییەوە.

**دیارترین جۆرەکانی سایبەرتیرۆریزم بریتین لە:**

**١. جەنگی سایکۆلۆژی:**

بڵاوکردنەوەی واتەوات و پڕوپاگەندە کە ئامرازێکی دێرینی جەنگی سایکۆلۆژین، هەمیشە بە شێوازی جۆراوجۆر بە ئامانجی تێکدانی ئارامی و ڕەوشی ژیانی کۆمەڵگای مرۆیی بەکار دەهێنرێت. بە بڕوای پسپۆڕێکی بوارەکە، ئێستا واتەوات بە "سۆفت پاوەر" (Soft Power) دادەنرێت کە کاریگەریی لەسەر سیستم و پێداویستییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەکانی هەر وڵاتێك هەیە.

چەمکی "واتەوات" لە زمانی کوردیدا، کۆمەڵێك دەستەواژەی بۆ بەکار هێنراوە کە هەر کامیان گوزارشتن لە شێوەزاری دەڤەرێکی کوردستان. ئەم دەستەواژەیە بە شێوازی فرەچەشن وشە و زاراوەی بۆ بەکار هێنراوە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، زاراوەی "واتەوات" لە زمانی کوردیدا بە پێی دیالێکت و شێوەزارە جیاجیاکانی کوردستان چەندین دەستەواژەی تری بۆ بەکار دەهێنرێت، وەك: "وتووات، قاو، مقۆمقۆ، دەبدەبە، تەحاتەحا، بەندوباو، قاوەقاو، دەنگۆ[١٠]".

لە سەردەمە دێرینەکاندا مەیدانی بڵاوبوونەوەی واتەوات بریتی بوو لە کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەری و بازاڕ و شوێنە قەرەباڵغەکان کە مامەڵەی کۆمەڵایەتیی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام دوای داهێنان و گەشەسەندنی ئامرازەکانی میدیا، هەر کام لەو دەوڵەت و دامەزراوە و کەس و لایەنانەی دەیانویست واتەوات بڵاو بکەنەوە، هەوڵیان داوە میدیا وەك چەکێکی کاریگەر بۆ ئەو مەبەستە بخەنە گەڕ.

بڵاوبوونەوەی واتەوات لە ڕێی میدیاکانەوە، بە پێی پێوەرەکەی هەردوو پسپۆڕ "ئەلپۆرت و پۆستمان" (Alport & postman) دەخەملێنرێت کە پێیان وایە هەردوو مەرجی "بایەخ" و "ئاڵۆزی" کاریگەرییان لەسەر خێرایی لە بڵاوبوونەوەی واتەواتدا هەیە، ئەم هاوکێشەیەش بەم چەشنەیە:

$$R = I \times A$$

واتە: واتەوات (Rumer) یەکسانە بە لێکدانی بایەخ و گرنگی (Importance) و ئاڵۆزی (Ambiguity)، هەتا گرنگی و بایەخی زانیارییەك لەناو کۆمەڵگادا زۆر بێ و ناڕوونی و ئاڵۆزییشی زیاتر بێ، ئەوا واتەواتیش بە شێوەیەکی خێراتر پەرە دەستێنێ. ئەگەر زانیارییەك بایەخی هەبێ و ئاڵۆزییشی تێدا نەبێ، کەواتە واتەوات نایەتە ئارا، یاخود ئەگەر زانیارییەکە جێی بایەخ نەبێ، ئەوا واتەوات هەر دروست نابێ[١١].

لە ماوەی جەنگی داعشدا جۆرەها واتەوات دەربارەی قارەمانێتیی تیرۆریستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکاندا بڵاو دەکرایەوە، زۆر جار وشەی قەناسبەدەستەکانی داعشیش بۆ چەکدارەکانیان بەکار دەهێنرا، هەروەها جۆرەها پڕوپاگەندە دەربارەی گرفتەکانی هێزی پێشمەرگە بڵاو دەکرایەوە کە دەچوونە خانەی سایبەرتیرۆریزم.

لە جەنگی داعشدا بڵاوکردنەوەی چەندین بابەت و زانیاریی ناڕۆشن بە ناوی هەواڵ و وێنەی تازەوە لە میدیا کوردییەکاندا دەبینرێت کە پێشێلی یاساکانی میدیایە، چونکە دەچنە چوارچێوەی پڕوپاگەندە بۆ هێز و توانای ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، تەنانەت پڕوپاگەندەی زیادەڕۆیی لە باسوخواسی تواناکانی "داعش" لەهەمبەر هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا کراوە، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵی وەك:

- داعش سەربازە عێراقییەکانی بردووە بە ئاسماندا[١٢].

- داعش عێراق بۆمبڕێژ دەکات[١٣].

هەروەها میدیای ئەلیکترۆنیی کوردی لە ماوەی جەنگی دژ بە "داعش"، کۆمەڵێك دۆسیەی گرنگ و هەستیاری وروژاندووە کە هەندێکیان دەچنە خانەی خزمەت بە سایبەرتیرۆریزم و پێشێلی بەرپرسیارێتیی میدیایی، وەك:

- درکاندنی مامەڵەی چەك[١٤].

- درکاندنی تاکتیکی سەربازی[١٥].

- درکاندنی لێپێچینەوەی سەربازی[١٦].

هاوشێوەی ئەم نموونانە کە دەچنە خانەی واتەواتەوە، میدیای ناوخۆی کوردی یاخود میدیای داعش ئەنجامی بدات، خزمەتە بە ئامانجەکانی سایبەرتیرۆریزم لە هەرێمی کوردستاندا.

**ب. تۆڕی پەیوەندیی تیرۆیزم**

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی دووچاری پەلامارەکانی تیرۆریزم بوونەتەوە، ڕێوشوێنی توند پیادە دەکرێت. ستراتیژەی دژەتیرۆریزمیش بووەتە مایەی بەرتەسکبوونەوەی سنووری چالاکی و شێوازی پەیوەندیی نێوان تۆڕەکانی بەرەی تیرۆریزم، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوەتی هەڕەشەکانیان بنەبڕ بکات، بەڵکوو شێوازەکانی تاوانەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە لە ڕووی پەیوەندییەوە، ئەویش بە پەنابردنیان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پەیوەندی بە ئامانجی ڕاکێشانی ئەندام و لایەنگر و بڵاوکردنەوەی پەیام و ئاڕاستەکردنیان بۆ کاری تیرۆرستی.

تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین کەس و گرووپ بە پێی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان-عێراق ڕووبەڕووی سزای یاسایی کراونەتەوە، خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە زۆربەی ئەو تاوانبارانە سەردانی بارەگاکانی داعشیان لە ناوەڕاستی عێراق و دەرەوەی وڵات نەکردووە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوونەتە هاوسۆزی داعش و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستییەکانی تر.

**ج. زیانگەیاندن بە سیستمی داتا و پرۆگرامی ئەلیکترۆنی**

ئامانجێکی ستراتیژی سایبەرتیرۆریزم، سوودوەرگرتنە لە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان بە ئامانجی تێکدان و لەکارخستن یان دزینی داتای دیجیتاڵی و پەککخستنی پرۆگرامەکانی داتاکانی تایبەت بە کۆمەڵگایەك یاخود دامەزراوەیەکی سەربازی.

فاکتەرێکی گرنگ کە سایبەرتیرۆریزمی کردووە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر دامەزراوەکانی هەر وڵاتێك، لە پرۆسەی ئەنجامدانەکەیدایە کە دەتوانێ بە کەمترین بودجە، کردەی مەترسیدار لە ماوەیەکی کەم و بە خێراییەکی زۆرەوە ئەنجام بدات. بێگومان ئەنجامدانی هەر پەلامارێکی سایبەر هەتا ئاڵۆزتر و چڕوپڕتر بێت، پێویستی بە بودجە و توانستی زیاترە بۆ خۆپارێزی لە زیانەکانی.

سایبەرتیرۆریزم بە چەند شێوازێك ئەنجام دەدرێت:

- پەلاماردانی داتاکان یاخود لەناوبردنی ناوەڕۆکی فایلە ئەلیکترۆنییەکان، تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان یاخود سۆفتوێرە جۆراوجۆرەکانی.

- هێرش بۆ سەر بونیادی دامەزراوەکان (بۆ نموونە بە هۆی تێکدان و هاککردنی سیستمێکی ئەلیکترۆنییەوە، کارە بنەڕەتییەکانی دامەزراوەیەك ڕابوەستێت).

- سوودوەرگرتن لە پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ناردنی نەخشە و پلان، بە ئامانجی پەلاماردانی تیرۆرستی یاخود دنەدان بۆ ئەنجامدانی یان زەمینەسازی.

- زیادکردن یاخود بەرزکردنەوەی ئاستی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆرستان، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی سیستمی بانکی ئەلیکترۆنییان هەیە، بۆ نموونە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەژێر ناوی دامەزراوەیەکی خێرخوازی، پارە کۆ بکەنەوە.

کاریگەرییە مەترسیدارەکانی سایبەرتیرۆریزم بۆ سەر ئاسایشی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك:

- بە پێی پلان و بەرنامە جێبەجێ دەکرێت، واتە ئامانجی دیاریکراوی هەیە.

- پشتبەستن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە سایبەرتیرۆریزمدا، بووەتە مایەی هەڕەشەی بەردەوام بۆ سیستمی بەرگریی کەس و گرووپ و دامەزراوەکان، واتە دەبێ هەمیشە لە دۆخی ئامادەباشیدا بن.

- هەر دامەزراوەیەکی فەرمی و نافەرمی کە پێویستیان بە خۆپارێزییە، بەناچارییەوە بودجەیەکی گەورە بۆ سیستمی بەرگریی خۆیان تەرخان دەکەن، ئەم بودجەیەش بارگرانییە بۆ هەلومەرجی دارایی.

- نادیاریی لایەنی دەستدرێژیکار بووەتە مایەی ونبوونی ناسنامەی تاوانبار، لەم ڕوانگەیەوە دۆزینەوەی کەس و لایەنی تاوانبار بە ئاستەم دادەنرێت.

هەر چەندە سایبەرتیرۆریزم بە پێی هەلومەرجی دەرکەوتنی، جۆر و ئامانجەکەشی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام ئەم سێ شێوازەی سەرەوە بە دیارترین جۆرەکانی سایبەرتیرۆریزم دادەنرێن کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بوونەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی. گرتنەبەری هەر ڕێکارێکیش بۆ بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم، بە مانای پاراستنی ئاسایشی دامەزراوە یاساییەکان و دابینکردنی ئارامی بۆ جەماوەریش دێت کە لە تەوەرەی دواتردا شەنوکەوی دەکەین.

## ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم لە هەرێمی کوردستان

تاوانی سایبەرتیرۆریزم و مەترسییەکانی بۆ ئاسایشی وڵاتان، تا ئێستا دۆسیەیەکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتییە و نەتوانراوە لە یەك ڕەهەندەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵکوو هەر وڵاتێك لەسەر بنەمای جۆر و ئاستی سایبەرتیرۆریزم پێویستی بەوە هەیە کە کۆمەڵێك ڕێکاری جۆراوجۆر بگرێتە بەر، چونکە سروشتی تاوانەکە بە پێی دۆخی هەر وڵاتێکیش گۆڕانی بەسەردا دێت.

لێرەدا بە پشتبەستن بە دۆخی سایبەرتیرۆریزم لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك ڕێکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەخەینە ڕوو کە سەرجەمیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن.

**١. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

ا. ڕێکاری یاسایی: بۆ سوودوەرگرتن لە ڕێوشوێنە یاساییەکان لە پێناو بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم، پێویستمان بە گەڵاڵەکردنی یاسای سایبەرتیرۆریزم هەیە، چونکە ئەم بەگژداچوونەوەیە ئامانجی کۆمەڵگەی کوردستان و ئامانجێکیشی کۆمەڵگای جیهانییە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستان چەند یاسایەك هەن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەتوانرێ بکرێتە ئامرازێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سایبەرتیرۆریزم، ئەوانیش بریتین لە:

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦): لەم یاسایەدا تەنها مادەی چوارەم پەیوەستە بە بواری ڕاگەیاندنەوە، بەم چەشنە: "مادەی چوارەم: ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێن و سزا دەدرێت بە زیندانی لە (١٥) ساڵ تێپەڕ نەکات، هەر کەسێك:

٢. نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلا بێت یان بەدەست بێنێت کە هاندان، بە چاك زانین، یان پڕوپاگەندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری، بە مەبەستی دابەشکردنی یان بڵاوکردنەوەی.

٣. بەئەنقەست هەواڵ، ڕوونکردنەوە یاخود پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاو بکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو یان ئەلیکترۆنی بە هەل وەربگرێت یان بەکاریان بێنێت، لە ئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاو بکاتەوە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاریی وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوە و ترس بخاتە نێو هاوڵاتییان و هەڕەشە لە قەوارەی سیاسیی هەرێم بکات".

لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدا، هەر جۆرە پڕوپاگەندە و دنەدان بۆ تیرۆر، تا نزیکەی (١٥) ساڵ سزای زیندانی لەگەڵدایە، دامەزراوە فەرمییەکان و لەسەروو هەموویانەوە داواکاری گشتی دەتوانێ سکاڵا لەسەر ئەو کەس و لایەنانە تۆمار بکات. کەواتە ئەم یاسایە ڕێکارێکی گرنگە بۆ هۆشداریدان بە هەر کەس و لایەنێك کە هەوڵ بۆ تاوانی سایبەرتیرۆریزم بدات.

- یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان: لە مادەی (٩)ی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، تاوانی زیانگەیاندن بە ئاشتەوایی کۆمەڵگا (وەك لێترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ) و هەڕەشە بۆ سەر ئایین و بیروباوەڕ و ژیانی

تایبەت و چەند بوارێکی تری دیاری کردووە کە ئەنجامدەرانی ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. لەم ڕوانگەیەوە تاوانی سایبەرتیرۆریزمیش کە زۆر جار دژی تەبایی کۆمەڵگایە یاخود زۆر جار دژ بە ژیانی تایبەت و ئایین و بیروباوەڕە پیرۆزەکانیان بەکار دەهێنرێت، بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەری بە تاوان دادەنرێت و سزای لەگەڵدایە.

پێشنیازێکی گرنگیش لێرەدا دەخەینە ڕوو، بەئومێدین پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە سایبەرتیرۆریزم و تاوانە ئەلیکترۆنییەکان پەسەند بکات لە پێناو ڕێکارێکی یاسایی گرنگ بۆ کۆنترۆڵکردنی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

**ب. ڕێکاری تەکنیکی:**

حکومەتی هەرێم بە مەبەستی ڕێگری لە شەپۆلی تیرۆری ئەلیکترۆنی، پێویستە تیمێکی شارەزا بۆ دەستنیشانکردنی سایت و پەیجە تیرۆریستییەکان دەستنیشان بکات، پاشان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت فلتەریان بکات.

**ج. ڕێکاری مرۆیی:**

هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر بەتایبەتی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ خۆپارێزی لە وەرگرتنی پەیامی تیرۆریستان و دوورکەوتنەوەش لە هەر جۆرە هاریکارییەکی ماددی و مەعنەوی، چونکە بە پێی یاسای تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش دامەزراوە فەرمی و ناوەند و ڕێکخراوە خەمخۆرەکانی کۆمەڵگای کوردی، دەبێ ئەم ڕێکارانە بگرنە بەر:

- بایەخدان بە خۆشگوزەرانیی خەڵك، تا دەرفەت نەدرێت بە هیچ هاوڵاتییەك بە پاساوی کەموکوڕی لە ژیانیدا، هاوسۆزیی بۆ گرووپە توندئاژۆکان هەبێت.
- هاندانی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بۆ ڕیپۆرتکردنی سایت و پەیجەکانی سایبەرتیرۆریزم.
- کولتووریزەکردنی دیالۆگ، واتە پەنابردنە بەر دیالۆگ و گفتوگۆ و ڕەخساندنی ئازادیی ڕادەربڕین بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە توندوتیژی و سەرکوتکردنێکی ئایدۆلۆژی.

**٢. لەسەر ئاستی جیهان**

هەرێمی کوردستان وەك هاوپەیمانێتییەکی کارای بەرەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم، پێویستە سوود لە ڕای گشتیی جیهانی دژ بە تیرۆر وەربگرێت بۆ پەیداکردنی هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کورد، واتە پردێکی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ئەو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییانەی جیهاندا دروست بکات کە دژ بە تیرۆرن، تا لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە فێری نوێترین تەکنیکی بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم ببن.

هەروەها لایەنێکی تری ئەم پەیوەندییە، هاندانی وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر بێت بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر تیرۆرستان، تا هیچ تیرۆرستێك نەتوانێ شوێنگەیەکی ئارامی بۆ خۆهەڵبواردن لە سزای یاسایی هەبێت. باشترین ڕێگەچارەش، کردنەوەی دۆسیەی هاوبەشە لەنێوان وڵاتان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تیرۆرستانی ئەلیکترۆنی، بە ئامانجی سزادان و کۆنترۆڵکردنیان.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Barry C,Colin (1997), The Future of Cyber-Terrorism, Where the Physical and Vritual Worlds Cnverge, 11th Annual International Symposium on Criminal Justice Issuesm 15-18,

2 - Foggetti, Nadia (2009), “Cyber-terrorism and the Right to Privacy in the Third Pillar Perspective”, Masaryk University Journal of Law and Technology, Vol 3, P 366.

3- Congressional Research Service (CRS) (2008), Botnets Cybercrime and Cyberterorrism, P 4.

4- Hancock, B (2001), “Cyber-Tracking, Cyber-terrorism Computers and Security“, Vol.20,No7, P 553.

5- Brenner, Susan &Marc Goodman (2002), “In Defense of Cyberterrorism: An Argument for Anticipating Cyber Attacks”, Journal of Law, Technology and Policy, P 12-13.

٦- یحیی صلاحی، ملك (1381)، اندیشەهای سیاسی غرب در قرن بیستم. نشر قومس. چاپ اول 1381، ص151.

- Mutula, Stephen M (2007), Web Information Management, UK: Cahndos Publication, 2007, P 15.

٧- بۆ زانیاریی زیاتر: جعفری، عبدالرضا جوان (1389)، "جرایم سایبر و رویکرد افتراقی حقوق کیفری، مجله دانش و توسعه"، سال هفدهم، شماره 34، صص 180-176.

8- Mohammad Husni Abumelhim (2022), Sociology of Terrorism: A Brief History and Overview of the Islamic State of Iraq and Syria’s (ISIS) Propaganda Wing from a Socio-Educational Perspective, Journal of Educational and Social Research, Vol 12 No 2, P 404.

٩- قەرەداغی، ڕەشید (2006)، فەرهەنگی ئازادی (کوردی-ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل847.

١٠- ال پُورت، گُردِن و پستمن، لئو (1374)، روان شناسی شایعه، ترجمه: ساعد دبستانی با همکاری مرکز تحقیقات مطالعه و سنجش برنامه ای صدا و سیما، تهران: سروش، ص45.

١١- لڤین پرێس (3/10/2014)، "داعش سەربازە عێراقییەکانی بردووە بە ئاسماندا"، https://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=11335&Jor=2

١٢- لڤین پرێس (12/10/2014)، "داعش عێراق بۆمبرێژ دەکات" https://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=11652&Jor=1

١٣- لڤین پرێس (1/8/2014)، "ڕۆیتەرز: کورد داوای ئەم چەکانەی لە ئەمەریکا کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر" https://www.lvinpress.com/n/dreja.aspx?=hewal&jmare=8229&Jor=1

١٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی (3/8/2004)، "لە زومار شەڕ گەرمە، کشانەوەی پێشمەرگە تاکتیك بووە"، ژمارە 1358، ل2.

١٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی (14/11/2004)، "لە شەنگالەوە تا جەلەولا سزای نزیکەی (15) فەرماندە دەدرێت"، ژمارە 1405، ل1.

16- Cohen, Aviv (2010), “Cyberterrorism: Are We Legally Ready?, The Journal of International Business & Law, p. 7

# ئایندەناسی

# توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# توێژینەوە ئایندەییەکان؛ بناغەی مێژوویی، چەمك و میتۆدەکانی

ئامادەکردن: ڕابیح عەبدولناسر جەندەلی
مامۆستا لە بەشی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی باتنە - جەزائیر

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: بارام سوبحی

سەرچاوە: ماڵپەری "المركز الديمقراطي العربي" https://democraticac.de/?p=43833



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەری پرسی کرۆنۆلۆژیای توێژینەوە ئایندەییەکان، ڕێکخستن و وردبینکردنی شێوازی چەمکەکانی و چۆنێتیی بەگەڕخستنی میتۆد و تەکنیک و شێوازەکانی دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانەوە:

چۆن دەکرێت توێژینەوە ئایندەییەکان لە ڕووی مێژووییەوە قۆناغبەندی بکرێن؟ سیستمی چەمکەکانی ڕێک بخرێن؟ میتۆد و تەکنیک و شێوازە توێژینەوەییەکانی لە بوارەکانی بەکارهێنانە مەیدانییە جۆراوجۆرەکاندا بەگەڕ بخرێن؟

لێکۆڵیـــــنەوەکە لە ڕووی بناغەی مێژوویی توێژینەوە ئایندەییەکانەوە گەیشتووە بەوەی سەرەتا یەکەمینەکانی مێژووی توێژینەوە ئایندەییەکان بۆ توێژینـــەوەی زانای فەڕەنســـی دۆ کۆندۆرسیە دەگەڕێتەوە. هەر چی چەمکەکانیەتی، لێکۆڵینەوەکە بوونی فرەچـــەشنی و فرەجۆریی لە پێناسەکانی پەیوەست بە توێژینـــەوە ئایندەییەکان تۆمار کردووە. کەسانێک سیمایـــەکی زانستیی پێ دەبەخشن، هەروەک هەندێـــکی دیکە بڕیاری ئەوە دەدەن کـــە هونەرە. بەڵام زۆرێک زاراوەی خوێندنی داهاتوو هاوواتاکـــانیان پێ باشتـــرە، چونکە ملکەچی دۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێت، لە ئەنجامدا جیاوازیی چەمکەکانی لێ دەکەوێـــتەوە وەکوو پلاندانان بە جۆرە جیاوازەکانیەوە (کورتخایەن، مامناوەند، درێژخایەن)، پێشبینیکردن، الاسقاطات، ئایندەبینی. لە ڕووی تیۆرییەوە، بە هـــۆی نەبوونی بنیادێکی تیۆریی تۆکمەی ئامادە کە بگاتە ئاستی تیۆری، لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئاستی تیۆریی کەمتەرخەمیی تۆمار کردووە، بەدەر لە دەگمەنیی چوارچێوەی ئەکادیمی و کەمیی دامەزراوەی تایبەتمەند بەم بوارە مەعریفییە، بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.

**بەرایی**

دوو کەس ناکۆک نین لەوەدا کە باسکردن لە ئایندە واتە قسەکردن لە یەکەیەکی کاتی کە دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی کارلێککراوی تێکەڵە لەنێوان شارەزایی ڕابردوو و پێدراوەکانی ئێستادا. واتە توێژەری ئایندەیی ئەگەر بیەوێت بە نموونە توێژینەوە و شیکاری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی دیاریکراو بکات، بۆ وەستان لە ئاستی بوون و دروستبوونی، پێویستە لە چوارچێوەی زەمەنیی بەردەوامی خۆیدا دایبنێت، "واتە دیاردەکە لە ڕابردوودا چۆن بووە؟ لە ئێستادا چۆنە؟ لە ئایندەدا چۆن دەبێت؟".

دیاردەی سیاسی بەندی ڕابردووی نییە، بارمتەی ئێستا و داهاتووشی نییە، چونکە دیاردەکە بەردەوام بە گۆڕانی کات و شوێنی دەناسرێتەوە. توێژەر بە سروشتی ئەمڕۆی دەیسەلمێنێت، بەڵام لە ئایندەیەکی دیاردا دەگۆڕێت، بەم جۆرەش سەلمێنراوەکە بەردەوام نابێت. لێرەوە گرنگیی توێژینەوە ئایندەییەکان بە شێوەیەکی تایبەت لە زانستە سیاسییەکان و بە شێوەیەکی گشتی لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی دیکەدا دەردەکەوێت.

بنیاد لەسەر ئەوە و لە پێناوی وەرگێڕانی ئەو گرنگییە بۆ واقیعێکی بەرجەستە، ژمارەیەک لە دەوڵەتان بەتایبەتی پێشکەوتووەکان، پەنایان بردووەتە بەر دامەزراندنی کۆلێژ و ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆ دامەزراندنی توێژینەوە ئایندەییەکان، سەرباری دابینکردنی

چارەسەری گونجاو بۆ ئەم جۆرە گرفتانە کە لە ماوەیەکی (کورت، مامناوەند و دوور)دا لە چوارچێوەی پلاندانانێکی ستراتیژیی گشتگیردا بەدیار دەکەون.

توێژینەوە ئایندەییەکان لەبەر ئەوەی لقێکی نەرمی فرەپسپۆڕییە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان و بە پشتبەستن بە واقیع و ئاڕاستەی ڕووداوەکان، شیکارکردنی پێدراوەکان زامن دەکات. بۆیە توێژینەوەکەمان هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کرۆنۆلۆژیای توێژینەوە ئایندەییەکان و ڕێکخستن و وردبینکردنی شێوازی چەمکەکانی و چۆنێتیی بەگەڕخستنی میتۆد و تەکنیک و شێوازەکانی دەدات. لەسەر ئەو بنەمایەش، توێژینەوەکەمان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە دەدات:

چۆن دەکرێت توێژینەوە ئایندەییەکان لە ڕووی مێژووییەوە قۆناغبەندی بکرێن؟ سیستمی چەمکەکانی ڕێک بخرێن؟ میتۆد و تەکنیک و شێوازە توێژینەوەییەکانی لە بوارەکانی بەکارهێنانە مەیدانییە جۆراوجۆرەکاندا بەگەڕ بخرێن؟

## یەکەم: چوارچێوەی مێژوویی گەشەسەندنی توێژینەوە ئایندەییەکان

زانینی ڕەهەندی زەمەنی لە بوون و دروستبوونی دیاردە مرۆییەکاندا، دەبێتە دیاریکەری ئاڕاستەی لەخۆگرتنی بواری مەعریفی بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان. کات (زەمەن) سێگۆشەیەک لەخۆ دەگرێت کە خۆی لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا دەبینێتەوە. ڕابردوو هەموو ئەوانەیە پەیوەندیی بە پێشووەوە هەیە، ئێستا گوزارشتە لە بارودۆخی هەنووکەیی لە دۆخی جووڵان یان دینامیکیدا. هەر چی ئایندەیە، "گوزارشتە لەوەی کە لەدوای ئێستا دێت". دەتوانین جیاوازی لەنێوان ئەم سێگۆشە زەمەنییەدا بکەین بەوەی کە ڕابردوو گوزراشتە لە ڕاستییەکی بەردەوام کە بەتەواوەتی ناتوانرێت بگۆڕدرێت، لە کاتێکدا ئێستا بریتییە لە دەرەنجامی پرۆسەیەکی دینامیکی کە لە دروستبووندایە و هێشتا سیماکانی تەواو نەبوون. بەڵام ئاینده تەنها چوارچێوەی کاتییە لەبەردەم ویستی مرۆییدا بۆ چوونەناوەوەی لەگەڵ بەهەندوەرگرتنی هەموو ئەگەرەکان لە بارەی دیاردەکە کە جێگەی توێژینەوە و شیکارکردنن، لە ڕێگەی دابینکردن و بەگەڕخستنی ڕێباز و شێواز و تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکانەوە.

لەلای توێژەران و شیکەرەوان، مشتومڕێکی فراوان لە بارەی کرۆنۆلۆژیای دەرکەوتنی توێژینەوە ئایندەییەکان هەیە، یاخود وردتر بڵێین: بۆ ئەو ماوەیەی کە بایەخدان بە توێژینەوە ئایندەییەکان تیایدا دەرکەوتووە. بۆ نەهێشتنی تەمومژ لەسەر ئەم بابەتە، توێژەران و لە دیارترینیان د. وەلید عەبدولحەی، کۆڕان لەسەر دیاریکردنی سێ قۆناغی مێژوویی کرۆنۆلۆژیی بەدواییەکداهاتوو کە بواری توێژینەوە ئایندەییەکان پیایدا گوزەری کردووە، ئەوانیش:

١. قۆناغی یۆتۆپیا
٢. قۆناغی پلاندانان
٣. قۆناغی مۆدێلە جیهانییەکان

**یەکەم: قۆناغی یۆتۆپیا**

ئاڕاستەی کاری بیری سیاسی بەتایبەتی و توێژینەوە ئایندەییەکان بەگشتی، لە وێستگەی قۆناغی یۆتۆپیاوە دەستیان پێ کردووە، بەدیاریکراوی لە سەردەمی یۆنانییەکاندا. ئەفلاتون لە دیدی خۆیدا ئەو پێویستییانەی دیاری کردووە کە پێویستە کۆمەڵگە لە داهاتوودا لەسەری بڕوات، ئەو یەکەم کەس بووە کە بواری توێژینەوە ئایندەییەکانی لێک داوەتەوە، کاتێک وێنای کۆمارەکەی کردووە کە لە سێ چین پێک دێن، ئەوانیش: چینی فەیلەسووفە حکومڕانەکان، چینی سەربازە جەنگاوەرەکان، چینی تەواوی جەماوەر، کۆمارەکەش لەسەر دادپەروەری بنیاد دەنرێت. ئەو دادپەروەرییەش کاتێک بەدی دێت کە هەر چینێک کاری خۆی بکات، ئەو کاتە جۆرێک لە تەبایی و پێکەوەگونجان ڕوو دەدات. تێڕوانینی بۆ ئایندە خۆی لە شتێکدا دەبینییەوە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدات، نەوەکوو لەو کاتەی کە تیایدا دەژیا.

لەلایەن خۆیەوە قەشە ئۆگەستین پێشبینیی ململانێی دەکرد لەنێوان شاری خودا کە لەسەر چاکە بنیاد دەنرێت و شاری مرۆڤ کە لەسەر خراپە و لەخۆباییبوون بنیاد دەنرێ. گریمانەی ئەوەشی کردبوو کە سەرکەوتن هاوپەیمانی شاری یەکەمە، بۆیە پێویستە لەسەر خەڵکی تێبکۆشن بۆ وەرگێڕانی بە واقیعێکی بەرجەستە.

لەگەڵ کۆتایی سەدەی پازدەدا، تۆماس مۆر (Thomas Moor) لە کتێبەکەیدا بە ناوی "یۆتۆپیا"، پێشبینیی "بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی خاڵی لە تەواوی ئامرازەکانی توندوتیژی و ستەم و چەوساندنەوە"ی کردبوو. لە کۆتایی سەدەی شازدەدا، فەیلەسووفی ئینگلیزی فرانسیس بیکۆن کتێبێکی بە ناونیشانی "ئەتلانتیکی نوێ" بڵاو کردەوە، تیایدا پێشبینیی چەند بیرۆکەیەکی ئایندەیی بۆ جیهان کردبوو، لە ڕێگەیەوە وێنای سیماکانی کۆمەڵگەیەکی عەلمانیی باشتری بۆ مرۆڤایەتی کردبوو.

هەر چی سەرەتا میتۆدییەکانی توێژینەوە ئایندەییەکانە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، بەدیاریکراوی لەگەڵ قەشەی ئینگلیزی تۆماس مالتۆس، لە وتارەکەیدا لە بارەی چڕیی دانیشتووانەوە کە تیایدا دیدی ڕەشبینانەی خۆی لە بارەی گەشەکردنی دیمۆگرافی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازی خستبووە ڕوو، کە خۆی لە جیاوازیی چینایەتی لە سایەی باڵادەستیی سەرمایەداری لە کۆمەڵگەی بەریتانیی ئەو کاتەدا دەبینییەوە.

کەسانێکی دیکەش هەن، دەیگێڕنەوە بۆ بیرمەندی فەڕەنسی دۆ کۆندۆرسیە و کتێبەکەی بە ناونیشانی "هێڵکاریی وێنەیەکی مێژوویی بۆ پێشکەوتنی عەقڵی مرۆیی" کە لە (١٧٩٣) دا بڵاو کرایەوە. دوو شێوازی میتۆدۆلۆژیی بۆ پێشبینیکردن بەکار هێنابوو، کە توێژەران بەبەردەوامی لەم سەردەمە هاوچەرخەمانەدا

بە شێوەیەکی چڕ بەکاریان دەهێنن، ئەوانیش شێوازی پێشبینکردنی خوێندنەوەیی (استقرائی) و شێوازی پێشبینکردنی مەرجییە.

لەو مشتومڕانەی لە بارەی کرۆنۆلۆژیای توێژینەوە ئایندەییەکان لەنێوان بیرمەندانی ئەم قۆناغەدا دەکرێن، بۆ دەرکەوتنی ڕێگوزەری دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە جێگەی توێژینەوە و شیکارکردنن، سێ ڕەهەند دەردەکەون کە دەکرێت بەم جۆرە جیا بکرێنەوە:

- دەگونجێ، دەشێت (Possible): واتە هەر ئەگەرێکی گونجاو کە دیاردەکە دەتوانێت وەریبگرێت، بە پشتبەستن بە نیشاندەرەکانی ئێستا بۆ گەیشتن پێی.

- ئەگەری هەیە (Probable): یەکێکە لە ئەگەرەکانی گەشەکردنی دیاردەکە، کە نیشانەکانی لە واقیعدا لەبەر دەستدا نین.

- پەسەندە یان باشترە (Preferable): ئەگەرێکی خوازراوە سەبارەت بەو دیاردەیەی کە جێگەی توێژینەوە و شیکارکردنە، لەگەڵ سنووردارێی نیشاندەرە بابەتییەکان بۆ گەیشتن پێی.

**دوو: قۆناغی پلاندانان**

قۆناغیکە کە لە گۆشەی دەوڵەت یان هەرێمێکی دیاریکراوەوە دەڕوانێتە ئایندە. حکومەتی سۆڤێتی دوای دامەزراندنی لە (١٩٢١) لیژنەیەکی پێک هێنا، ئەرکی نەخشەکێشانی پلانێکی حکومەتیان خرایە ئەستۆ بۆ گەیاندنی کارەبا بە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیەت لە ماوەی پێنج ساڵدا. ئەو پلانەش لە مەیدانی توێژینەوە ئایندەییەکاندا خاڵی وەرچەرخان بوو، چونکە لەبەردەم توێژینەوەی گۆڕین و گونجاندن و چۆنێتیی کارلێکی نێوانیان، بوارێکی فراوانی کردەوە. ئەم وەرچەرخانەش ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی لەسەر شیکەرەوانی ڕۆژئاوایی هەبوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا گۆڤاری "سبەی" لە ساڵی (١٩٣٨) لە بەریتانیا بڵاو کرایەوە، ئەم گۆڤارەش پێداگریی دەکرد لەسەر پێویستیی دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ ئایندە لە بەریتانیا.

دەرەنجامە کارەساتبارەکانی جەنگی جیهانیی دووەم سایەیەکی تاریکی بەسەر توێژینەوە ئایندەییەکاندا هێنا، بەڵام فەیلەسووفی فەڕەنسی گاستۆن بێرگەر بەرەنگاری ئەو دیدە ڕەشبینە بوویەوە. بە ئامانجی هاندانی توێژەران لەسەر تەماشاکردنی سبەی بە دیدێکی زیاتر گەشبینانە، لە ساڵی (١٩٥٧) سەنتەری نێودەوڵەتیی ئایندەناسیی دامەزراند، توێژینەوەکانیشی دوو لایەنی لەخۆ گرتبوو:

لایەنی یەکەم: خۆی لە جیانەکردنەوەی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لە لایەکی دیکەوە دەبینییەوە. لێرەوە گرنگیدان بە سروشتی پەیوەندیی نێوان هەردوو بوارەکە بە لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە دەستی پێ کرد. ئەم پەیوەندییەش

ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی هەبوو لەسەر ئەو شۆڕشە میتۆدۆلۆژییەی کە هێنایە ئاراوە، بۆیە پەیوەندیی پێکەوەبەستراوی لەنێوان ئەوەی تەکنیکییە و ئەوەی کۆمەڵایەتییە، هەروەها کارلێکی نێوانیان بووە بنەمای توێژینەوە ئایندەییەکان و جێگەی سەرنجی تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان، بەتایبەتی شێوازەکانی توێژینەوە کە گەشەپێدانی تەکنیکی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی داهاتوو تێکەڵ دەکەن.

لایەنی دووەم: لە بارەی ئاڕاستەکردنی شیکارە ئایندەییەکان بوو بەرەو کاریگەرییە درێژخایەنەکان و ئاڕاستەکان، نەوەکوو لەسەر ڕووداوەکان و دۆخەکان. بۆ دیاریکردنی ماوەی کاتی درێژخایەنی توێژینەوە ئایندەییەکان، پۆلێنی مینۆسۆتا ئاماژە بە پێنج ڕەهەند دەکات:

- ئایندەی ڕاستەوخۆ: بۆ دوو ساڵ درێژ دەبێتەوە.

- ئایندەی نزیک: دوو بۆ پێنج ساڵ درێژ دەبێتەوە.

- ئایندەی مامناوەند: پێنج بۆ بیست ساڵ درێژ دەبێتەوە.

- ئایندەی دوور: بیست بۆ پەنجا ساڵ درێژ دەبێتەوە.

- ئایندەی نادیار: بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ درێژ دەبێتەوە.

لە دەرەنجامی دامەزراندنی سەنتەرەکەی بیرگەر، توێژینەوە ئایندەییەکان وەرچەرخانێکی جۆریی بەخۆوە بینی، لە سایەی ئەو کارانەی زانای فەڕەنسی بیرتراند دۆ جۆڤینیل بە هاوبەشی دامەزراوەی فۆردی ئەمەریکی ئەنجامی دا، توانیی پرۆژەی ئاینده گونجاوەکان ئامادە بکات و تیایدا دان بەوەدا بنێت کە ئایندە چارەنووس نییە، بەڵکوو بوارێکە بۆ مومارەسەکردنی ئازادی لە ڕێگەی دەستتێوەردانی هۆشیارانە لە دروستکردنی واقیعی هەنووکەدا بە ئاڕاستەی "باشتر"، واتە پێویستە تەماشای ئایندە بکرێت وەکوو کۆمەڵێک نەوەکوو تاکێک.

بڵاوکردنەوەی کتێبی "هونەری پێشبینی" بە شۆڕشێکی میتۆدۆلۆژی لە مەیدانی توێژینەوە ئایندەییەکاندا دادەنرێت، کە تیایدا شێوازی کاری دەستەکانی پێشبینی شی دەکاتەوە کە ڕاسپێردراون بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە ئایندەییەکان بۆ دەوڵەتێکی دیاریکراو.

لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، دەرکەوتنی توێژینەوە ئایندەییەکان و پێویستیی ئایندەناس و زانینی ئاسۆکانی پەیوەست کرایەوە بە پێداویستییە سەربازی و ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، دوای ئەوەش توێژینەوە ئایندەییەکان بوارە مەدەنییەکانی گرتەوە کە ئاڕاستەی بازرگانی و تەکنەلۆژی و فێرکاری و فیکریيان هەبوو وەکوو دامەزراوە و ناوەندە فیکرییەکان (Think Tanks) کە ژمارەیەک بیرمەندی ستراتیژی و شارەزای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەخۆ دەگرت، ئەو دامەزراوانەش لە خزمەتی سێ

ناوەندە گەورەکەی بڕیار دروستکردن بوون لە ئەمەریکا: کۆشکی سپی، کۆنگریس، پینتاگۆن. ئەمەی دواییان لە گرنگیی بەکارهێنانی توێژینەوە ئایندەییەکان بۆ خزمەتکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا تێگەیشت.

دامەزراوەی ڕاند لە بەکارهێنانی "تەکنیکی دێلفی"دا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو، هەروەها زانای ئەمەریکی هێرمان کات لە گەشەپێدانی تەکنیکی سیناریۆدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو. پاشان بە هەوڵی جۆن ماکهێڵ لە سەنتەری توێژینەوە تەواوکارییەکان لە زانکۆی هیوستن و هاوڵد لینستۆن لە پۆرتلاند و جیمس دایتۆر لە هاوای، توێژینەوە ئایندەییەکان بۆ زانکۆ و ناوەندە تایبەتمەندەکانی توێژینەوە گوازرایەوە، بەو هۆیەوە شەقڵێکی تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی و زانستی بەسەر ئاراستەکانیاندا زاڵ بوو.

هاوشێوەی خێرا بەدەمەوەچوونی ئەمەریکا، بەریتانیاش لە ڕێگەی زانکۆی ساسکس دەستپێشخەریی کرد لە تەواوکردنی یەکەیەکی توێژینەوە ئایندەییەکان لە بارەی گەشەپێدانی بەکارهێنانی تەواوکارانەی میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەگرتنی مۆدێلە جیهانییەکان. لە هەمان کاتدا هەوڵی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی پێشوو لە مەیدانی توێژینەوە ئایندەییەکان، تایبەت بوو بە گۆڕانکارییە ئابووری و تەکنەلۆژییەکان و ئاستی کارتێکردنیان لەسەر ئایندەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵبێکی زانستیی وردداا.

**سێ: قۆناغی مۆدێلە جیهانییەکان**

دەرکەوتنی بابەتە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو چەکی کۆکوژ و تیرۆری نێودەوڵەتی و دەستتێوەردانی مرۆیی و ژینگە، بووە هۆی دەرکەوتنی قۆناغی مۆدێلە جیهانییەکان. لە دیارترین بیرمەندەکانی مۆدێلە جیهانییەکان لە چوارچێوەی گەمە نێودەوڵەتییە گەورەکاندا زانای ئەمەریکی باکمیستەر فولەر بوو، کە بە یەکێک لە گرنگترین پێشەنگانی قوتابخانەی پێوانەسازی لە توێژینەوە ئایندەییەکان دادەنرێت.

یانەی ڕۆما لە ساڵی (١٩٦٨) بە ئەنجامدانی یەکەم کۆبوونەوە لە ڕۆما، بە بەشداریی سی زانا لە دە دەوڵەتەوە دەستپێشخەریی کرد. توێژینەوەکانی لەسەر پەیوەندیی نێوان گەشەسەندنی دیاردەی وابەستەیی یەکتر لەنێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان و پەرەپێدانی تەکنیکەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان بوو، بۆ هەڵوەستەکردن بوو لەسەر هەموو ئەگەرەکانی دیاردە جیهانییەکان. لە دەرەنجامی ئەو دیدە ڕەشبینەی بۆ داهاتووی جیهان هەبوو، ڕاپۆرتی یەکەمی یانەی ڕۆما کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو.

لەنێو ئەو بنەمایانەی کە توێژینەوە ئایندەییەکان لە مۆدێلی جیهانیدا جەختی لێ دەکەنەوە، ئەمانەن:

- کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی داڕمانی سیستمی نێودەوڵەتی یان مانەوەی لە دۆخی هاوسەنگیدا، ئەمەش زانا پرۆگۆجین باسی کردووە و ناوی ناوە فەلسەفەی

ناسەقامگیری، شانازیی داڕشتنی چەمکی سیستمی لە توێژینەوە ئایندەییەکاندا هەیە.

- ڕێکخستنی میکانیزمەکانی گونجاندن کە لەبەر دەستی سیستمی نێودەوڵەتیدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانگارییە چاوەڕوانکراوەکان.
- ڕێکخستنی توانای یەکە سیاسییەکان و سەرچاوەی هێزەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانگارییە گریمانەکراوەکان.
- ڕێکخستنی شەرعیەتی دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگیی سیستمەکە و چارەسەرکردنی بەر لە تێکچوونی.
- پرۆسەی گۆڕانکاری بکرێتە نۆرم نەوەکوو ڕیزپەڕ.

هەر چۆنێک بێت گەشەسەندنی توێژینەوە ئایندەییەکان بە دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا ڕۆیشتووە:

- ئاڕاستەی دامەزراوە و ناوەندەکانی توێژینەوە و بڵاوکراوە زانستییەکان بەرەو توێژینەوەی ئایندەیی کە زیاتر ئاڕاستەیەکی جیهانیی هەبێت، زیاتر لەوەی هەرێمی یان بۆ دەوڵەتێکی دیاریکراو بێت. شەقڵێکی گشتگیری هەبێت، زیاتر لەوەی تایبەتمەند بێت و لە کەرتێکی دیاریکراودا بێت.

لە ئێستادا ئەورووپا (١٢٤) دەستەی لەخۆ گرتووە کە لە بواری توێژینەوە ئایندەییەکاندا کار دەکەن، (٦٧٪)یان کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و دامەزراوە سەربازییەکان بەڕێوەیان دەبەن. دەوڵەتە پێشکەوتووەکان نزیکەی (٩٧٪) بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان خەرج دەکەن. لە دیارترین ئەو کۆمەڵە زانستییانەی لە بواری توێژینەوە ئایندەییەکاندا کار دەکەن، دامەزراوەی ئایندەی جیهانی کە گۆڤاری "The Futurist" بڵاو دەکەنەوە، فیدراسیۆنی جیهانیی توێژینەوە ئایندەییەکان کە وەرزنامەی "Futures Bulletin" بڵاو دەکەنەوە. ئەوان لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان بژاردە ئایندەییە بەردەستەکان و چارەسەرە ئایندەییە پەسەندەکاندا، کار لەسەر هاندانی فرەجۆریی توێژینەوە ئایندەییەکان دەکەن.

- ئاڕاستەی میتۆدۆلۆژی لە توێژینەوە ئایندەییەکاندا. کەسانێک هەن گریمانەی ئەوە دەکەن کە سەرەتا یەکەمینەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان لەسەر بنەمای میتۆدۆلۆژیی زانستی دەوەستێتە سەر گەشەپێدانی میتۆدی چەندێتی و "الاستقرائيه والاسقاطيه". هەر چی گەشەپێدانی پلە بە پلەی تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، وەکوو گەمەیەکی سفری لەبریی گەمەی ناسفری، دەگەڕێتەوە بۆ زانای فەڕەنسی دۆ کۆندۆرسیە و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە ناونیشانی "هێڵکاریی وێنەیەکی مێژوویی بۆ پێشکەوتنی عەقڵی مرۆیی" لە ساڵی (١٧٩٣).

**دووەم: داڕشتنی چەمکی توێژینەوە ئایندەییەکان**

بە هۆی هاوچەرخی و ئاڵۆزی لە یەک کاتدا، پێناسەکان لە بارەی چەمکی توێژینەوە

ئایندەییەکانەوە زۆر و فرەجۆر بوون. لە پۆلێنکردنی زانستدا هەر کۆمەڵگایەک پێوەری خۆی هەیە، لە کاتێکدا توێژینەوە ئایندەییەکان ملکەچی ئەو یاسایانە دەبن کە لە زانستەکانی ماتماتیک و ئەگەرەکان و ئامارەوە وەردەگیرێن، کە لە ڕێگەیانەوە توێژەری ئایندەیی دەگاتە ئەنجامگەلێک کە بە وردی و دڵنیایی دەناسرێتەوە.

کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی توێژینەوە ئایندەییەکان، توێژینەوەی ئایندەیی بەم جۆرە پێناسە کردووە: "لە سنووری زانست فراوانترە، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک وەرگردا دەکات لە ماوەگەلێکدا کە لەنێوان پێنج بۆ پەنجا ساڵدایە". ئەم پێناسەیە ئەوە دەردەخات کە مەیدانی توێژینەوە ئایندەییەکان مەیدانێکە پسپۆڕییەکان دەبڕێت و لە ئاڵوگۆڕی شوێنەکان و سەردەمەکاندا لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەڕوات، چونکە خۆیلەخۆیدا لە زانست گشتگیر و فراوانترە.

ئیدوارد کۆرنیش توێژینەوە ئایندەییەکان بەم جۆرە پێناسە دەکات: "ئەو زانستەیە چاودێریی گۆڕانکارییەکان لە دیاردەیەکی دیاریکراودا دەکات، بۆ گەشەپێدانی لە داهاتوودا هەوڵی دیاریکردنی گریمانە جیاوازەکان دەدات، بۆ پەسەندکردنی ئەگەرێک بەسەر ئەگەرێکی دیکەدا، هەوڵی پۆلێنکردنی یارمەتیدەرەکان دەدات". ئەم پێناسەیە وا دیارە سنووردارە، چونکە توێژینەوە ئایندەییەکان بە زانست و هەڵبژاردنی ئەگەری ڕاسترین لەنێو کۆمەڵێک ئەگەردا دەبەستێتەوە.

کەسانێکی دیکەش بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە، بە ئامانجی ئاشکراکردنی ئەو کێشانەی شەقڵێکی ئایندەییان هەیە، هەروەها کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کرداری بۆیان، ئامانجیشی دیاریکردنی ئاڕاستەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی گۆڕاوە جۆراوجۆرەکانە بۆ دۆخی ئایندە، کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئایندەدا هەبێت.

کەسانێکی دیکەش بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: پێشبینیکردنێکی مەرجدارە لە ڕوانگەیەکی گریمانەیی و ڕێژەیی زانستییەوە. هەروەها گوزارشتە لە: پسپۆڕییەکی زانستی کە گرنگی بە پاڵاوتنی داتاکان و باشترکردنی ئەو پرۆسانە دەدات کە لە بوارە جیاوازەکانی ڕەفتاری مرۆییدا بڕیار و سیاسەتەکانیان لەسەر بینا دەکرێت، بە نموونە کارە بازرگانی و حکومی و فێرکارییەکان، مەبەست لەم پسپۆڕییەش یارمەتیدانی بڕیاربەدەستانە تاوەکوو بە دانایی لەنێو ڕێبازە بەدیلەکاندا کە لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ کردار بەردەستن، بەدیلێک هەڵبژێرن.

لەوانەیە وردترین پێناسەی ئایندەناسی پێناسەکەی گۆڤاری "World Future Society" بێت کە دەڵێت: توێژینەوەیە بە ئامانجی دیاریکردن و شیکارکردن و هەڵسەنگاندنی هەموو پێشهاتەکانی داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی لە تەواوی جیهاندا بە ڕێگەیەکی عەقڵانی و بابەتی. ئەگەر بوار بۆ دروستکردن و ئەفراندنی

مرۆیی و تاقیکردنەوەی زانستی برەخسێنێت، بە مەرجێک ئەو چالاکییانە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدا بەشدار بن.

سەرباری ئەوانە، توێژینەوە ئایندەییەکان ملکەچی دۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێت، ئەوەش جیاوازیی چەمکەکانی لێ دەکەوێتەوە، وەکوو پلاندانان بە جۆرە جیاوازەکانیەوە: (کورتمەودا، مامناوەند، درێژخایەن)، پێشبینی، مەزەندەکردن، ئایندەناسی. هەر چی پلاندانانە: "ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی ناوەندی پەیکەری ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەڕێژێتەوە، بە هاوکاریی کۆمەڵێک سیاسەتی چڕوپڕ و کە لەبەر دەستدایە ئامادەی دەکات، لەسەر جێبەجێکردنی بە کرداری و چاودێریکردنی مکوڕن. هەروەها پلاندانان پێناسە دەکرێت بەوەی کۆمەڵێک بژاردەیە کە نوێنەرایەتیی کەناڵی ناوەندی دەکەن بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی گەشەپێدان لە هەردوو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە گرتنەبەری ئەو ئامراز و میکانیزمانەی بۆ پارەدارکردنی ڕاسپێردراون.

**بۆ پلاندانان سێ ڕێگای سەرەکی هەیە، ئەوانیش:**

- پلاندانانی دوابەدوای یەک: خۆی لە سەربەخۆیی هەر ئاستێک لە پلاندانان لە ئاستی دوای خۆی دەبینێتەوە. ئەم ڕێگەیە لە کاتی هەبوونی کاتی پێویستدا جێبەجێ دەکرێت.

- پلاندانانی هاوتەریب: پلاندانان بۆ دوو ئاست یان زیاتر لە یەک کاتدا، ئاستی سەرکەوتنی ئەم ڕێگەیەش دەوەستێتە سەر بەدیهێنانی گونجاندنێکی ورد لەنێو ئاستە جیاوازەکان و هەبوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ پلاندانان.

- پلاندانانی تێکەڵ: دەرەنجام و تێکەڵەیەکە لە دوو شێوازەکەی پێشوو. پلاندانان لەسەر ئاستی بەرز دەست پێ دەکات و پاشان بەدوایدا پلاندانانی هاوتەریب دێت بۆ تەواوی ئاستەکان لە یەک کاتدا، ئینجا گونجاندن و سەرپەرشتی و چاودێری دێت. ئەم ڕێگەش دەرفەت دەکاتەوە بۆ گرتنەبەری شێوازێکی هاوتەریب بۆ تەواوی بەشەکانی پلانەکە، لەگەڵ پاراستنی نهێنیی پلاندانەکان بە شێوازی یەک لەدوای یەک.

پرۆسەی پلاندانان بە پێنج قۆناغدا دەڕوات، ئەوانیش: قۆناغی دیاریکردنی ئامانجەکان بە تەواوی ڕەهەندە کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەنەکانەوە، قۆناغی کۆکردنەوەی فاکت و داتاکان و هەڵسەنگاندنی توانا بەردەستەکان، قۆناغی بەکارهێنانی شێوازێکی زانستی بۆ پێشبینی، قۆناغی دیاریکردنی بەدیلەکان و هەڵسەنگاندنیان، دواهەمینیان قۆناغی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنە.

کەسانێکیش هەن پلاندانان بە چەمکی ستراتیژییەوە دەبەستنەوە، واتە پلاندانانی ستراتیژی. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە توێژینەوەی ئایندەیی جیاوازە لە توێژینەوەی ستراتیژی. توێژینەوەی ئایندەیی گرنگی بە زانینی ئەو ئەگەرانەوە هەیە کە لە ئایندەدا بەدەست

دەهێنرێن، "واتە ئەنجامەکانی فرەئەگەرن، لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی نزیکترین ئەگەریان لە واقیعەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات بگاتە ئەنجامێکی دیاریکراو. لە کاتێکدا پلاندانانی ستراتیژی پەیوەستە بە ئامانجێکی پێشووەوە لەگەڵ پێداگری لەسەر وەرگێڕانی بۆ واقیعێکی بەرجەستە. پەیوەندیی نێوانیشیان پەیوەندییەکی جیانەکرایەوە، چونکە توێژینەوەی ئایندەیی زۆر یارمەتیدەرە لە ڕێنمایکردنی ئاڕاستەی پلاندانانی ستراتیژیدا.

پێشبینییەکان لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرن کە داهاتوو بابەتێکی پێدراوی پێشوەختەیە، ئەوەی لێرەدا پێویستە تەنها لابردنی تەمومژە لەسەری. پێشبینییەکان وێنەیەکی چڕوپڕی ئایندە تێکەڵاو و جیاوازەکان دەکێشن. بەم شێوەیە دەکرێت لە ڕوانگەی ئەو پێدراوانەی کە لە ئێستادا دەوریان داوە و لە ڕابردوودا هەبوون، پێشبینیی ئەوە بکرێت کە لە داهاتوویەکی پێشبینیکراودا چی بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکەدا دێت.

لە کاتێکدا "اسقاط" خۆی لەو چەمکەدا دەبینێتەوە کە لە شیکارکردنی توێژینەوە کورتخایەنەکاندا بەکار دەهێنرێت، بۆ هەڵهێنجانی ئاڕاستە گشتییەکان و پەیوەندییە چەندایەتییەکان کە لە هاوسەنگی لەگەڵ ڕابردووی دیاردە کۆمەڵایەتییەکەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکارییەکەوە ئەنجام دەدرێن.

هەر چی ئایندەناسییە: "گوزارشتە لە پرۆسەیەکی زانستیی ڕێکخراو بۆ کۆمەڵێک پێشبینیی مەرجدار، کە سیما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵێک لە کۆمەڵگاکان لە قۆناغێکدا لەخۆ دەگرێت کە بیست ساڵی تێنەپەڕاندبێت. ئایندەناسی پرۆسەیەکی دوورە لە بابەتەکانی پێشبینی و پێودانگی کەسی، ملکەچی شێوازی زانستییە، چونکە ڕابردوو شیکار دەکات و ئێستا لێک دەداتەوە، لە پەیوەندیی هۆکاریی نێوان فاکتەرەکان و گۆڕاوە کاریگەرەکان دەکۆڵێتەوە. واتە ئایندەناسی لە بارەی ئەو دیاردانەی ئێستا هەن و ڕیشەیەکی مێژوویی ڕابردوویان هەیە، پشت بە بنەمایەکی تۆکمەی داتا زانستییەکان و زانیارییە وردەکان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە دەبەستێت، بەو پێیەی بەشێکی گرنگن لە پێشبینیکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە داهاتوودا. هەروەها لیستێک لە ئەولەویات و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆمەڵگا لە داهاتوودا ڕێک دەخات، لە ڕێگەیەوە بە ئامانجی زانینی ئاستی ئەگەری ڕوودانیان، پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکرێت.

بەڵام هێشتا مشتومڕەکان بەردەوامن لە بارەی ئەوەی ئایا توێژینەوە ئایندەییەکان زانستە یان هونەرە، یان هەردووکیانە پێکەوە. بیروبۆچوونەکان جیاوازن لەنێوان ئەوانەی وەکوو "زانست" دەیبینن و ئەوانەشی وەکوو "هونەر" دەیبینن، بۆچوونی سێیەمیش کۆکەرەوەیە لەنێوان زانست و هونەردا.

**ڕەوتی یەکەم:**

**توێژینەوە ئایندەییەکان زانستە**

هێربەرت جۆرج وێڵز بە یەکەم کەس دەژمێردرێت کە لەساڵی (١٩٠٢) چەمکی "زانستی ئایندە"ی لە توێژینەوەکانیدا بەکار هێناوە، ئەو زیادکردنی قووڵی پێشکەش کردووە لە ڕەگداکوتانی گرنگیدانی زانستی بە توێژینەوە ئایندەییەکان. هەروەها کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوەی کە ئۆسیپ فێلختهایم (Ossip Flechtheim) یەکەم کەسە باسی لە چەمکی "زانستی ئایندە" لە (١٩٤٣) کردووە. فێلختهایم "زانستی ئایندەیی"ی بە لقێک لە زانستی کۆمەڵناسی داناوە، نزیکیشە لە کۆمەڵناسیی مێژووەوە، هەر چەندە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەی دواییان گرنگی بە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەدات، لە کاتێکدا "زانستی ئایندەناسی" گرنگی بە ڕووداوەکانی سەردەمی داهاتوو دەدات و لە ئەگەرەکانی ڕوودانی دەکۆڵێتەوە.

**ڕەوتی دووەم:**

**توێژینەوە ئایندەییەکان هونەرە**

فرید پۆلاک (Fred Polak) لە کتێبەکەیدا (وێناکردنەکانی ئایندە) ڕەخنە لە فێلختهایم دەگرێت و دەڵێت ئایندە نادیارە، ئیدی چۆن زانستێک لەسەر نادیار جێگیر دەکرێت. ناوزەدکردنی "زانستی ئایندە"، ناونانێکە زیادەڕۆیی تێدا کراوە، پیشاندانی ئەوەی کە بەڕوونی ئامانجەکانی ئایندەناسی دەزانرێت و دەتوانێت بەدروستی بە ئامانجە مسۆگەرکراوەکانی بگات، بابەتێکە پێچەوانەی ڕاستییە.

برتراند دی جۆڤنال لە کتێبەکەیدا (هونەری پێشبینی) کە لە (١٩٦٧) بڵاو کراوەتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە توێژینەوەی زانستی ئایندە "هونەر"ێکە لە هونەرەکان و ناتوانرێت بکرێتە زانستێک، تەنانەت جۆڤنال دەرکەوتنی زانستی ئایندەناسی ڕەت دەکاتەوە. داهاتوو جیهانێکی دڵنیاکەرەوە نییە، بەڵکوو جیهانێکی گریمانەکراوە، ئایندە دڵنیاکەرەوە نییە، ئیدی چۆن دەبێتە بابەتی زانستێک لە زانستەکان.

**ڕەوتی سێیەم:**

**توێژینەوەی ئایندەیی لە یەک کاتدا زانست و هونەرە**

ڕەوتی سێیەم؛ توێژینەوە ئایندەییەکان دەخاتە ڕیزی "توێژینەوە نێوانییەکانەوە"، وەکوو لقێکی نوێ کە بەرهەمی کارلێکی نێوان پسپۆڕییەک یان زیاترە کە پێکەوە پەیوەستن یان پەیوەست نین. لەم بارەیەوە بیرمەند مەهدی مونجەرە دان بەوەدا دەنێت: "توێژینەوەی زانستی ئایندە، بەردەوام گرتنەبەری ڕێگایەکی کراوەیە کە بیرکردنەوە لێی پشت بە توێژینەوەی بژاردە و بەدیلەکان دەبەستێت، هەروەها گشتگیرە و میتۆدەکەشی فرەپسپۆڕییە".

به‌ دیدی هه‌ندێک که‌سی تر، ده‌ره‌نجامی پڕۆسه‌کی کارلێکی نێوان زانستی سروشتی و زانستی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ و زانست نییه‌، چونکه‌ دیدگاکانی له‌سه‌ر زانسته‌ جیاوازه‌کان بینا ده‌کات. بوارێکی زانستی نێوانییه‌، به‌شدار و دابڕاوه‌ له‌ پسپۆڕییه‌کان و ته‌کنیکه‌کانی هه‌موو زانست و میتۆده‌ زانستییه‌کان، کراوه‌یه‌ به‌سه‌ر داهێنانه‌ مرۆییه‌کاندا که‌ له‌سه‌ر هونه‌ر و وێژه‌ و زانست ناوه‌ستێت. مانای وایه‌ که‌ توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کان بوارێکی فراوان و فره‌پسپۆڕیی زانستی و ته‌کنیکییه‌.

به‌ گوێره‌ی ڕاپرسییه‌کی کۆمه‌ڵه‌ی ئه‌مه‌ریکی بۆ ئاینده‌ی جیهان له‌ باره‌ی ئه‌و ناوه‌ی که‌ پێویسته‌ له‌م جۆره‌ توێژینه‌وانه‌ بنرێت، که‌ له‌ گۆڤاره‌ مانگانه‌که‌یان (Futurist) له‌ مانگی شوباتی (١٩٧٧) بڵاو کراوه‌ته‌وه‌، زۆرینه‌ی بۆچوونه‌کان به‌ ڕێژه‌ی (٧٢٪) له‌گه‌ڵ ڕاستکردنه‌وه‌ی چه‌مکی توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کان و هاوماناکانیه‌تی، له‌ کاتێکدا ته‌نها (١٤٪) ده‌نگیان له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی چه‌مکی "زانستی ئاینده‌ناسی" داوه‌، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی بوارێکی نێوانییه‌ نه‌وه‌کوو زانستێک یاخود ته‌کنیکێک.

**تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کان:**

له‌ ڕێگه‌ی دیاریکردنی جه‌وهه‌ری توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کانه‌وه‌، ده‌توانین تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی به‌م جۆره‌ پوخته‌ بکه‌ین:

- ئه‌و توێژینه‌وانه‌یه‌ له‌ لێکۆڵینه‌وه‌ و شیکارکردنی دیارده‌ شاراوه‌کاندا پشت به‌ ڕێبازی زانستی ده‌به‌ستێت.

- توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کان هاوشان له‌گه‌ڵ کۆششه‌ زانستییه‌کاندا، به‌شداریی زانستی و ته‌کنیکی له‌خۆ ده‌گرێت.

- ئه‌و توێژینه‌وانه‌ن که‌ چاره‌سه‌ری ئاینده‌ ده‌که‌ن له‌ ماوه‌یه‌کی کاتیدا که‌ له‌نێوان پێنج بۆ په‌نجا ساڵدایه‌.

- توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کان به‌ شیکارکردنی پێدراوه‌کان پاڵپشت به‌ واقیع و ئاڕاسته‌ی ڕووداوه‌کان جیا ده‌کرێنه‌وه‌.

سه‌رباری ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییانه‌، کۆمه‌ڵێک تایبه‌تمه‌ندیی میتۆدۆلۆژیی دیکه‌ هه‌ن که‌ پێویسته‌ له‌ توێژینه‌وه‌ ئاینده‌ییه‌کاندا ڕه‌چاو بکرێن، گرنگترینیان ئه‌مانه‌ن:

- گشتگیری و تێڕوانینی هه‌مووه‌کی بۆ دیارده‌ی ژێر توێژینه‌وه‌ و شیکارییه‌که‌.

- ڕه‌چاوکردنی ئاڵۆزییه‌کان: که‌ پێویستی به‌ ڕوانین له‌ دیارده‌ ئاڵۆزه‌که‌ هه‌یه‌ به‌ته‌واوه‌تی له‌ ڕێگه‌ی ڕێبازێکی پسپۆڕی بره‌وه‌.

- خوێندنه‌وه‌یه‌کی باش بۆ ڕابردوو.

- تێکه‌ڵکردنی شێوازه‌کانی چه‌ندێتی و شێوازه‌کانی چۆنێتی له‌ کاری ئاینده‌ییدا.

- بێلایه‌نیی زانستی و بابه‌تیبوون و پاراستنی زانستیبوون.

- کاری هاوبه‌ش و داهێنانی به‌کۆمه‌ڵ له‌ ڕێگه‌ی تیمێکی کاری تێگه‌یشتوو و هاوکار و ته‌واوکاره‌وه‌.

- خۆفێرکردن و ڕاستکردنەوەی بەردەوام بۆ شیکاری و ئەنجامەکان، توێژینەوەی ئایندەیی بە یەک گوژمە نابێت، بەڵکوو لە ڕێگەی پرۆسەیەکی فرەقۆناغەوە دەبێت کە تیایدا شیکارییەکان پێدەگەن و تێگەیشتنەکان قووڵ دەکرێنەوە و ئەنجامەکان وردبینی دەکرێن، لە ڕێگەی خولی بەردەوامی خۆفێرکردن و ڕەخنەلەخۆگرتن و وەرگرتنی بۆچوونی لایەن و هێزە جیاوازەکان و ڕەخنەکانیان و پێشنیارەکانیان و کارلێکردن لەگەڵیاندا، لە چوارچێوەی دیاردەی ڕاستەوخۆ و ئامرازی ناڕاستەوخۆوە بۆ بەشداریکردنی خەڵکی لە وێناکردن و نەخشەکێشانی داهاتوودا.

**سێیەم: گرنگیی توێژینەوە ئایندەییەکان**

بەهای توێژینەوە ئایندەییەکان لەوەدایە کە فرەپسپۆڕییە و ئامانجی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی داهاتووە، هەروەکوو سلۆتەر لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "بیرکردنەوەیەکی باش بۆ هەزارەیەکی باش" باسی کردووە کە ساڵی (١٩٩٦) چاپ کراوە. لەم بارەیەوە کۆرنیش دوو گۆڕانکاریی جەوهەریی لە تێڕوانینی خەڵکیدا بۆ داهاتوو تۆمار کردووە: یەکەم: "خەڵکی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەکرێت لە ئاینده بکۆڵنەوە. دووەم: دانپێدانانە بەوەی کە داهاتوو جیهانێکە توانای پێکهێنانی هەیە، نەوەکوو شتێکی پێشتر ئامادەکراو یان پێشوەخت پێدراو بێت."

هارۆڵد شان (Harold Shan) دەریخستووە کە ئامانج لە توێژینەوەکانی ئایندەناسی وەکوو پسپۆڕییەکی زانستیی نوێ ئەوەیە کە بڕیاربەدەست و کارسازانی سیاسی بتوانن لەنێو کۆمەڵێک بژاردەی پێشنیارکراودا، بژاردەی عەقڵانی و گونجاو و پێگەیشتوو هەڵبژێرن.

دەکرێت گرنگیی توێژینەوەکانی ئایندەناسی لەم خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە:

- توێژینەوەکانی ئایندەناسی بوونەتە پێویستییەکی هەنووکەیی و بابەتێکی واقیعی بۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو وەکوو یەک، بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ پێدراوەکانی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەرەنجامی کۆتاییهاتنی شەڕی سارددا هاتووەتە ئاراوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان (٩٧٪)ی کۆی خەرجیی جیهانی بۆ توێژینەوەکانی ئایندەناسی خەرج دەکەن، لە کاتێکدا دەوڵەتە دواکەوتووەکان ئەوەی لەو ڕێژەیە دەمێنێتەوە واتە تەنها (٣٪) خەرج دەکەن.

- توێژینەوەکانی ئایندەناسی لە کارەکتەری ئایندەیی خۆیاندا، هەوڵ دەدەن لەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوە وەکوو نیشانەیەک لە نیشانەکانی پێگەیشتنی عەقڵی و مەعریفی، بۆ کێشانی نەخشەیەکی گشتگیری داهاتوو.

- توێژینەوە ئایندەییەکان بژاردە گونجاوەکان دەخەنە ڕوو، لە پێناوی دۆزینەوەی بژاردەی هەرە گونجاودا کار لەسەر هەڵسەنگاندنیان دەکەن.

- توێژینەوە ئایندەییەکان لە ڕێگەی پێشبینکردنی پێشوەختەی قەیرانەکان و ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، کار لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی توندیی قەیرانەکان دەکەن.

- توێژینەوە ئایندەییەکان دەروازەیەکی پێویستە بۆ گەشەپێدانی پلاندانانی ستراتیژی کە پشت بە وێنای ئاینده دەبەستێت.

- بۆ ئەو دەرهاویشتە ئاڵۆزانەی کە لە هەڕەشەی ئەتۆمی و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دووبارە نەخشەکێشانەوەی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و نەتەوەیی و کولتووری دەکەونەوە، بەدەر لە هەڕەشەکانی کەمبوونەوەی وزە و ئاو و خۆراک، گرنگیی ئایندەناسی لە شەقڵی بەکۆمەڵیدا دەردەکەوێت.

- لە بواری زانستی سیاسیدا، توێژینەوە ئایندەییەکان ئامانجیان دارشتنی قاڵبێکی هزریی سیستماتیکە کە بەرپرسیار بێت لە دیاریکردن و شیکردنەوەی سروشتی ئەو کێشە و ئاڵنگارییانەی کە لە داهاتوودا دووچاری ڕێگای گەشەکردنی مرۆیی دەبنەوە، چونکە ئەوەی تا ئێستا بەدی هاتووە، بواری ئاستی پێش تیۆری (Pre-Theory) لە لایەک، بەهێزکردنی پرۆسەی بڕیارسازیی سیاسی لە ڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەتی چاوگی ئایندەیی بۆ بڕیاربەدەستان، پێشنیارکردنی کۆمەڵێکی فرەجۆری بەدیلی گونجاو بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردنی بژاردەیەکی شیاو بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بەردەوامەکان لە لایەکی دیکەوە، تێنەپەڕاندووە.

- چڕکردنەوەی بەشداریی سیاسی لە دروستکردنی داهاتوو و وێناکردنی سیناریۆکانی و پلاندانان بۆی، چونکە توێژینەوە ئایندەییەکان لەبەردەم پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان و بواری بەکارهێنانی ڕێبازەکانی هاوبەشیدا کراوەیە، کە لە وێناکردنی ئایندەیی لە بۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان وەردەگیرێت. لەنێو ئەو شێوازانەی کە بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە ئایندەییەکان هەن، ئەمانە دەبینین: کۆبوونەوەکانی زریانی هزری (Brainstorming)، لیژنەی شارەزایان، مۆدێلی سیگما و تەکنیکی دێلفی و دۆلابی ئایندەیی پیتەر واگشال، هەروەها شێواز و تەکنیکەکانی دیکەی کاری بەکۆمەڵی هاوبەشی. بەڵام ئەو گرنگییەی کە بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان دەخوازرێت، بەو پێیەی کولتوورێکی کۆمەڵایەتیی ڕەگداکوتاو و شێوازێکی بیرکردنەوە و شێوازێکی ژیانی تایبەتە، تەواوی ئەم بوارانە تێدەپەڕێنێت، چونکە ئامانجی جەوهەریی ئەم توێژینەوانە خۆی لە ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان و هەوڵدان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان دەبینێتەوە، سەرباری سوودبینین لە بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، پاش وەرگێڕانیان بۆ توێژینەوەی زانستی و بژاردەی جۆراوجۆر کە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

**ئەرکەکانی توێژینەوەی ئاییندەیی:**

دەکرێت نۆ ئەرکی توێژینەوە ئاییندەییەکان دیاری بکرێن کە ئەمانەن:

- بەکارهێنانی هزر و وێناکردن لە توێژینەوە ئاییندەییە ئەگەرییەکاندا (Possible Futures)

- توێژینەوەی ئاییندە گریمانەکراوەکان (Probable Futures)

- توێژینەوەی وێنەی داهاتوو (Images of the Future)

- توێژینەوەی بنەما مەعریفییەکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان

- توێژینەوەی بنەما ئەخلاقییەکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان

- شیکردنەوەی ڕابردوو و ئاڕاستەکردنی ئێستا، چونکە ڕابردوو کاریگەریی لەسەر ئێستا و داهاتووش هەیە.

- چڕکردنەوەی بەشداریی سیاسی لە وێناکردن و پلاندانانی داهاتوودا

- پاڵپشتیکردنی وێنەیەکی ئاییندەیی پەسەند و برەودان پێی.

**چوارەم: بنەما و گریمانەکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان**

- بنەماکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان

دەکرێت لە سێ بنەمادا بەم شێوەیە چڕ بکرێنەوە:

- بنەمای بەردەوامی: واتە سێگۆشەی زەمەنی هاوشێوەی بازنە کاتییە بەردەوامەکانە کە لە ڕابردووەوە دەست پێ دەکات، بە ئێستادا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئاییندە.

- بنەمای هاوشێوەیی: واتە دووبارەکردنەوەی هەندێک شێوازی ڕووداوەکان لەسەر شێوازی هاوشێوە، لە ماوەیەکی کاتییەوە بۆ ماوەیەکی دیکە.

- بنەمای کەڵەکردن: واتە کەڵەکەکردنی هەمان بڕیارەکان بەسەر ڕووداوەکاندا، لەگەڵ جیاوازیی تاکەکان لە ماوەکانی دوای بەدوای یەکدا.

**گریمانەکانی توێژینەوە ئاییندەییەکان**

توێژینەوە ئاییندەییەکان کار دەکەن بۆ دارشتن و وەرگێڕانی ئەم گریمانانە بۆ واقیعێکی بەرجەستە:

- ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، جیاوازن لە ڕابردوو.

- ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، پێشبینیکردنیان ئەستەمە.

- ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، خێراترن لە گۆڕانکارییەکانی پێشوو.

- ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، لە ڕێگەی دابینکردنی زانیاریی وردەوە دەکرێت چارەسەر بکرێن.

- ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاییندەدا ڕوو دەدەن، دەکرێت بە شێوازی بابەتی دوور لە کاریگەریی کەسی چارەسەر بکرێن.

سەرباری ئەوانە، پێودانگی زانستی و میتۆدۆلۆژی تەنها لە بەگەڕخستنی زانست

بۆ گریمانەکان چڕ ناکرێنەوە، بەڵکوو ئاستی لۆژیکیی ئەو گریمانانە و پێکەوەگونجان و پەیوەستیی نێوانیان و توانایان لە کردنەوەی بوارێکی فراوان لەبەردەم ڕووداوە زانستییە نوێیەکان لە زانست و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانیشدا دەگرێتەوە. بۆیە گرنگە ئەم گریمانە لۆژیکییانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

- خوێندنەوەی مێژوو سەرەتای بیرکردنەوەی زانستییانەیە لە ئایندە، لەگەڵ بەهەندگرتنی ئەوەی ڕابردوو ئامانجەکە نییە، بەڵکوو ئامانجەکە ئایندەیە. مەبەست لە توێژینەوەی ڕابردوو، چاودێریکردنی ئێستا و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و دەرهاویشتەکانیەتی وەکوو ئامادەکارییەک بۆ ئایندە.

- مێژوو لە ڕوانگەی ئەرکەکەیەوە دوو جۆرە، مێژوو بارێکە، واتە کەوتنە خەیاڵی گێڕانەوەی ڕابردوو و سەروەرییەکانی بە شێوە و وێنەکانیەوە. مێژووی هەڵکۆڵین وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە کێشەکانی ئێستا بکات، بە هەستکردنێکی ورد و زانیارانە.

- گۆڕینی عەقڵیەتی مرۆڤ جەوهەری هەموو چاکسازییەکە، گۆڕانکاری بە ڕاست گەڕانی فەرموودەکەی پەروەردگارە (إِنَّ اللّٰهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ).

- ناتوانرێت مامەڵە لەگەڵ هیچ کۆمەڵگەیەکدا بکرێت، بەدەر لەو زەمینە گشتییەی کە سەر بەو کۆمەڵگەیەیە و کارلێک لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەشدا دەکات.

- داهاتوو تاک نییە، بەڵکوو کۆمەڵێکە لە داهاتووەکان.

- دەکرێت داهاتوو دروست بکرێت و دابهێنرێت و پێداویستییەکانی دابین بکرێت.

- زەمەن چەقی هەر گۆڕانکارییەکە کە ڕوو دەدات، بە هۆی گونجان و توانای بۆ ئاڕاستەکردن.

- توێژینەوەی ئایندە پێویستی بە دیدگایەکی گشتیگر و داہینکردنی شێواز و میتۆد و تەکنیکی زانستی هەیە کە توانای شیکردنەوە و وێناکردنیان هەبێت.

- پێویستە تەماشای ئایندە بکرێت وەکوو درێژکراوەیەکی سروشتی ڕابردوو، یان لە ڕاستیدا ئەوەی لە ئێستادا هەیە، واتە دیدگای ئایندەیی تەنها بارمتەی شێوازە "اسقاطیە"کان نییە.

**پێنجەم: ڕێبازی میتۆدۆلۆژی بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان (میتۆد و تەکنیک و شێوازەکان)**

سەرباری زیادبوونی ئەو گرنگیپێدانەی کە لە ئێستادا لەلایەن توێژەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوارەکانی دیکەوە بە توێژینەوە ئایندەییەکان لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە دەدرێت، بەڵام هێشتا میتۆد و ئامرازەکانی لێتوێژینەوەی سیماکانی ڕوون نین، تا ئێستاش لەنێوان بیرمەندی ڕەوتە جیاوازەکان و قوتابخانە هزرییەکاندا جێگەی مشتومڕێکی فراوانە. هەر چۆنێک

بێت دەتوانین پۆلێنی کۆمەڵێک لە پێودانگە سنووردارەکانی میتۆدی توێژینەوە ئایندەییەکان بە هەردوو بەشەکەی هەمووەکی و بەشەکی (الكلي و الجزئي) بەم شێوەیە بکەین:

- دیاریکردنی چوارچێوەی توێژینەوەی ئایندەیی: بە گوێرەی ناوەڕۆک و میتۆد و یاساکان کە سیماکانی دیاریکراون دیاری دەکرێت.

- دابینکردنی بنکەیەکی زانیاری لە بواری توێژینەوەدا: واتە بانکی زانیاری و داتا بەردەستەکان.

- ماوەی زەمەنیی توێژینەوەکە: بە هەرسێ ڕەهەندەکەیەوە: نزیک، مامناوەند، دوور.

- لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان بە ئاڕاستەی توێژینەوەکە: واتە سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کۆنترۆڵی دیاردە و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و چۆنێتیی کارکردنیان دەکەن.

- بیروبۆچوونی ئایدۆلۆژیی توێژەر لە سروشتی لێکۆڵینەوەکەدا، ڕەنگدانەوەی لە ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکان لەسەر چۆنێتیی گەیشتن بە ئایدۆلۆژیاکەی.

- پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە، هەر چەندێک دیاردە لێکۆڵراوەکە زانیاریی زیاتری لەسەر بێت، ئەوەندە سەرنجی توێژەرانی ناو توێژینەوەکە ڕادەکێشێت.

**میتۆدەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان**

توێژینەوە ئایندەییەکان لەسەر بنەمای فرەمیتۆدۆلۆژییەکی یەکگرتوو دامەزراون، کە لەم ڕێبازانەی خوارەوە پێک دێن:

- میتۆدی پەیبردن: پشت دەبەستێت بە شارەزایی خودی و کەڵەکەکردنی زانیارییەکانی پێشوو، هەروەها هەوڵی تێگەیشتن لە کارلێک و پێکداچوونەکان کە دەبنە هۆی وێنەیەکی دیاریکراو کە توێژەر پێشبینیی دەکات بەبێ ئەوەی بانگەشەی چەسپاندنی بکات، لە دیدگایەکی ئایندەییەوە دروست دەبێت و ڕەنگدانەوەی خودێتی و شارەزاییە تایبەکانیەتی.

- میتۆدی دۆزینەوە: پەیوەستە بە زانینی ئاڕاستەی بۆچوونەکان کە پەیوەستە بە ئایندەی پەیوەندییەکانی ڕابردوو، بە یارمەتیی مۆدێلێک لە پەیوەندییەکان و پێکەوە گرێدانەکان.

- میتۆدی ئامانجدار: ئەمەش لە کارلێکی هۆشیارانە و ڕاستەوخۆدا بۆ گۆڕینی ڕێگوزەرەکانی داهاتوو دەردەکەوێت، لە چوارچێوەی ئامانج و بڕیارە سنووردارەکاندا لەگەڵ سوودوەرگرتن لە میتۆدە زیادکراوە جۆراوجۆرەکان.

- میتۆدی گشتگیر یان هەمووەکی: گوزارشتکردنێکی وردە لە دیاردەکان و بزاڤەکان و گۆڕانکارییەکان و یەکتر گرێدانەکان و کارلێکی هەموویان، بۆیە پەیوەندییەکانی ڕابردوو فەرامۆش ناکات، لە هۆکارە

بابەتییەکانیش بێئاگا نابێت کە بۆ گۆڕینی ڕێگوزەرەکانی داهاتوو خۆیان دەسەپێنن، ئەم میتۆدەش بە ڕێگوزەری توێژینەوە ئایندەییە هاوچەرخەکان دادەنرێت.

- میتۆدی وێناکردن: میتۆدێکی زانستییە لە توێژینەوە ئایندەییەکاندا بەفراوانی بەکار دەهێنرێت، شارەزایان و توێژەران و بڕیارسازان لە توێژینەوە و بڕیارە ستراتیژییەکانیاندا لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەنجامی دەدەن و پشتی پێ دەبەستن. لە بواری سیاسیدا ڕێگە بەم جۆرە توێژینەوانە دەدرێت بۆ ڕێکخستن و دیاریکردنی پەیوەندیی سیاسی، وا باشترە لەژێر ڕۆشنایی پێشبینییە جیۆسیاسییە لێکۆڵراوەکاندا پەیڕەو بکرێت.

بەو پێیەی زۆر زەحمەتە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت زانستە سیاسییەکان ملکەچی ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆ بکرێن، بۆیە وێناکردن بووەتە میتۆدێکی زانستی بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان لە بواری زانستی سیاسیدا، دەکرێت ئەم ڕێبازە بەم دوو ڕێگایەش بەکار بهێنرێت:

- بەکارهێنانی پێشبینیکراوی وێناکردن: بۆ توێژینەوەی ژمارەیەک لە سیناریۆ پێشنیارکراوەکان و دۆزینەوەی ئەنجامەکانی بەکار دەهێنرێت، پاشان هەڵبژاردنی ئەو سیناریۆیەی باشترین ئەنجامی دەبێت. ئەم شێوازەش لە ئێستادا زۆر بڵاوە و بەکار دەهێنرێت، لەسەر بنەمای پێدراوەکانە بۆ زانینی ئامانجەکان. شارەزایانی ئەمەریکا پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ وێناکردنی نەخشەی جیهان لە ساڵی (٢٠٢٠) دا، لە ڕێگەیەوە زانیاریی بەنرخیان لەلایەن دەیان شارەزا و پسپۆڕی بوارەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و توێژینەوە ئایندەییەکانەوە دەست کەوت.

- بەکارهێنانی ڕاپۆرتی وێناکردن: پەیوەستە بە سروشتی ئەو ئامانجەی کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەوە دەتەوێ پێی بگەیت، پاشان دۆزینەوەی باشترین سیناریۆ بۆ جێبەجێکردنی. شێوازێکە لەسەر بنەمای ئامانجەکان بۆ وێناکردنی ئامرازەکان، هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارێکی جەوهەری بداتەوە، ئەویش: ئەو سیناریۆیە کامەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە پێویستە بەکار بهێنرێت؟

ئەم میتۆدە بە شێواز و هەنگاوەکانیەوە خۆی دەبینێتەوە لە: دیاریکردنی ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵرێتەوە و شیکار دەکرێت، نووسینی مۆدێلەکان، بەدەستهێنانی زانیاری، پڕکردنەوەی فۆرم، پلاندانانی ئەزموونەکان، بەکارهێنانی مۆدێلەکان بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان، شیکردنەوەی ئەنجامی وێناکردنەکان، وەرگێڕانی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان.

### شێوازەکانی توێژینەوەی ئایندەیی

شێوازەکانی توێژینەوەی ئایندەیی زۆر و جۆراوجۆرن، لێرەدا بواری باسکردنی هەموویان نییە، بۆیە تەنها باس لە گرنگترینیان دەکەین:

- تەکنیکی دێلفی: بە ناوی پەرستگایەکی کۆنی یۆنانییەکانەوە ناو نراوە کە مەزاری کاهین و پیاوە ئایینی و فەلەکناسەکان بوو بۆ پێشبینیکردنی ئایندەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بە پێی ئەو زانیارییە ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی کە بەدەستیان دەهێنا، بە هۆیەوە دەیانتوانی ئاسۆی داهاتووی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەی کە قسەی لەسەر دەکرێت؛ دابڕێژن. ئەم تەکنیکە لەدەوری خستنەڕووی هەموو ئەگەرەکان بۆ پەرەسەندنی دیاردەیەکی دیاریکراو لە داهاتوودا دەسووڕێتەوە، بە پشتبەستن بە شێوازەکانی ڕاپرسی و پاشان دەرهێنانی ئەنجامەکان قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگەی هەنگاوەکانەوە سەبارەت بە هەندێک ئەگەر تاوەکوو لە ئەگەرێکی دیاریکراودا یەکلایی دەکرێنەوە. باوترین تەکنیکە کە قوتابخانەی ئایندەگەریی ئەمەریکی بەکاری دەهێنێت.

**تەکنیکی دێلفی لە توێژینەوە ئایندەییەکاندا و قۆناغەکانی:**

قۆناغی یەکەم: خۆی لە دیاریکردنی دیاردەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکارییەکە دەگرێتەوە.

قۆناغی دووەم: تیایدا کۆمەڵێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی شارەزا لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی لە بارەی دیاردە لێکۆڵراوەکەوە لەخۆ دەگرێت.

قۆناغی سێیەم: پەیوەستە بە ڕێکخستنی ماوەی زەمەنیی دیاردەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکارییەکە.

قۆناغی چوارەم: ئاڕاستەکردنی زنجیرەیەک ڕاپرسییە کە کۆمەڵێک پرسیار و گریمانەی پێشبینیکراوی لەخۆ گرتووە لە بارەی ئەو دیاردەیەی لە ئایندەدا لێی دەکۆڵرێتەوە.

قۆناغی پێنجەم: پەیوەستە بەو ئەنجامانەی لە ڕێگەی ژماردنی وەڵامە دووبارەکانی ئەو ڕاپرسییانەوە دەست دەکەون.

- دۆڵابی ئایندە: سەرنج دەخاتە سەر هەڵبژاردنی ڕووداوێکی دیاریکراو، پاشان چاودێریی زنجیرە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم ڕووداوە و لێکەوتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی.

- شێوازی زنجیرەی کاتی: شێوازێکە پشت بە مۆدێلە هۆکارییەکان نابەستێت کە ڕەفتاری گۆڕاو یان گۆڕاوەکانی ژێر لێکۆڵینەوە بە پێی تیۆرێک دەردەبڕن، بەڵکوو شێواز و مۆدێلەکان لەخۆ دەگرێت، لەوانەش مۆدێلی هەنگاوی هەڕەمەکی و شێوازی "اسقاط" ئاڕاستەی گشتی.

الاسلوب الاسقاطات السكانیه و التنبؤ الاستقرائی: دیارترینیان شێوازی شەپۆل و پێکهاتەکانە، چونکە گەشەی دیمۆگرافی لە پێکهاتە وردەکانی وەکوو لەدایکبوون، مردن، کۆچکردن بۆ دەوڵەت و کۆچکردن لە دەوڵەتەوە حیسابی بۆ دەکرێت.

- شێوازی مۆدێلە هۆکارییەکان: لە دیارترینیان مۆدێلی ئابووریی سیاسی، مۆدێلی داخڵکردن و دەرهاویشتن، مۆدێلی

پرۆگرامینگ، ئایدیالی، مۆدێلی هاوشێوەکردن، مۆدێلی داینامیکی.

- شێوازی گەمە و یاری: ڕێگەیەکە بۆ هاوشێوەکردن بە بەشداریکردنی خەڵکی کە وەکوو یاریزان ڕۆڵ دەگێڕن، لە ڕێگەیەوە بڕیار دەدەن و وەڵامی بڕیاری کەسانی دیکە دەدەنەوە، کاردانەوەی خۆیان لە بارەی ڕووداوێکەوە دەردەبڕن. بە بەکارهێنانی مۆدێلە ماتماتیکییەکان یان هاوشێوەکردنە کردارییەکان، وێنەی ئایندەیی بەدیل دەردەهێنن.

- شێوازی شیکاری شوێنەواری یەکتربڕ: شێوازێکە بۆ لەخۆگرتنی لقینی نەخشێکی دیاریکراو و لابردنی پەردە لەسەر هێزە کاریگەرە بزوێنەرەکانی.

- شێوازە هاوبەشییەکان: لە نێویاندا شێوازی پراکتیکی ئایندەیی بە بەشداریکردن، شێوازی توێژینەوەی بەشداریکردن کە ئاڕاستەی کردەی کۆمەڵایەتی دەکرێت، شێوازی وۆرکشۆپە ئایندەییەکان، شێوازەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لێکۆڵینەوەی داهاتووی ئێتنۆگرافی.

- شێوازی پێشبینیکردن لە ڕێگەی "هاوتاکردن و الاسقاط بالقرینە": شێوازەکانی هاوتاکردن یان لەیەکچوون، پشت دەبەستێت بە دەرهێنانی هەندێک لایەنی وێنەی ئایندەیی بە پێی ڕووداوەکان یان پێشینە مێژووییە دیاریکراوەکان و پێوانەکردنی بەسەر دەوڵەتێکدا کە لە قۆناغێکی گەشەکردنیدا بۆ بەدەستهێنانی تێکڕایەک بە نموونە بۆ گەشەکردنی ئابووری. هەر چی شێوازی "الاسقاط بالقرینە"یە، گریمانەی ئەوە دەکات کە پەیوەندییەکی کاتی لەنێوان دوو ڕووداودا هەیە. لە دیارترین شێوازەکانی، ئاماژە بە شێوازی زنجیرەی کاتی دەکەین کە بە شێوەیەکی نەریتی لەگەڵ پێشبینیکردنی سوورە ئابوورییەکان بەکار دەهێنرێت، کە گەشەسەندنی خاو لە هەندێک گۆڕاوی ئابووریدا وەک گریمانەیەک بۆ خاوکردنەوەی جووڵەی چالاکیی ئابووری بەگشتی وەردەگیرێت.

- شێوازەکانی چاودێری و بەدواداچوونی دیاردەکان و شیکردنەوەی ناوەرۆک: شێوازی بەدواداچوونی دیاردەکانە، بە مەبەستی بەکارهێنانی کەناڵە جیاوازەکانی زانیاری بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاڕاستە گشتییەکانی ئەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی کە بڕیارە لە داهاتوودا زاڵ بن. توێژەری ئایندەیی نەیسبێت (Naisbitt) یەکەم کەسە لە توێژینەوە ئایندەییەکانیدا گەیشتووە بە ئاڕاستە گشتییە گەورەکان. هەر چی شێوازی یان تەکنیکی شیکاری ناوەرۆکە، پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامی کەناڵەکانی میدیا و پەیوەندیکردن و چاوگ و سەرچاوەکانی دیکە، بۆ تۆمارکردنی ئەو دەستەواژە و وشانەی بەهای ئاڕاستەکراوی دیاریکراویان تێدایە، لەسەر ڕۆشنایی ئەوانەش دەرەنجامە ئایندەییەکان هەڵدەهێنجرێن.

- شێوازی شیکردنەوەی بۆچوونی شارەزا و بەئەزموونەکان: لە نێویاندا شێوازی ڕاپرسییەکان کە پشت دەبەستێت بە زانینی ئاڕاستەکانی ڕای گشتی یان نموونەیەک لە خەڵکی لە ڕێگەی ڕاپرسی یان چاوپێکەوتنی کەسی یان پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە. لە شێوازەکانی دیکەی؛ پانێڵی شارەزایان یان شێوازی هاوبەشی هزرییە، هەروەها شێوازی دێلفی. ئەمەی دواییان لە وێناکردنی ئایندەدا جەخت دەکاتە سەر پێشبینیی کۆمەڵێک لە شارەزایان. هەروەها بۆ زانینی بۆچوونی شارەزایان، پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی ئەم شێوازە، بەڵام ئەوەی لە شێوازی دێلفیدا گرفتە ئەوەیە کە لە دابەشکردنی پرسیارنامەکاندا کاتێکی زۆری لە توێژەر دەوێت تاوەکوو بگاتە ڕای گشتی.

- شێوازی سیناریۆکان: ئەم شێوازە لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ بیرمەند جەودەت دەرکەوت. سیناریۆ وەسفکردنی دۆخێکی ئایندەییە کە دەکرێت ڕوو بدات یان گریمانەی دەکرێت یان دەشێت ڕوو بدات، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەنووکە یان دۆخی سەرەتایی گریمانەکراو. سیناریۆکان باسی ئەگەرە بەدیلەکان بۆ داهاتوو دەکات، کۆمەڵێک بژاردە دەخاتە بەردەم توێژەری ئایندەیی و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئیدی باش بن یان خراپ، بەڵام بە شێوەیەکی ورد ئەوە دەرناخات کەی و چۆن ئەو دیاردە دیاریکراوە لە داهاتوودا ڕوو دەدات، بەڵکوو هەوڵی ڕێکخستنی چوارچێوە گشتییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو گۆڕاوانە دەدات کە هەر چوارچێوەیەک بەجیا کۆنترۆڵ دەکەن. بە نموونە: پرسیارکردن لە بارەی ئەوەی ئایا دیاردەی ململانێ لە زیادبوون یان لە پاشەکشەدایە؟ ئایا جیهان بەرەو یەکگرتوویی یان هەڵوەشانەوە دەچێت؟ بەم پێیە، تەکنیکی سیناریۆ شێوازێکی شیکاریی ئەگەرییە کە بەدواداچوون یان چاودێریی پرۆسەی پەرەسەندنی ڕووداو و دیاردە نێودەوڵەتییەکان دەکات، بە پشتبەستن بە دۆخ و بارودۆخی ئێستایان، تا دەگات بە بەدواداچوونی زنجیرەیەک لە پێشبینییە ئایندەییەکانی ئەم ڕووداو و دیاردانە.

## سیناریۆ بە چوار قۆناغدا دەڕوات

قۆناغی یەکەم: پەیوەستە بە دیاریکردنی دیاردەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکارییەکە.

قۆناغی دووەم: خۆی لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی پەیوەست بە دیاردە لێکۆڵراوەکە دەبینێتەوە.

قۆناغی سێیەم: خۆی لە ڕێکخستنی چوارچێوە جۆراوجۆرەکانی پەرەسەندنی دیاردە لێکۆڵراوەکە دەبینێتەوە، بە گوێرەی زانیاری و پێدراوە بەردەستەکان. هەروەها تیایدا گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان ڕێک دەخرێنەوە کە کار دەکەنە سەر گەشەسەندنی دیاردە لێکۆڵراوەکە

و بە پێی گرنگییان لە گۆڕاوە بنچینەییەکانەوە بۆ گۆڕاوە پەراوێزییەکان ڕێک دەخرێن، ڕەنگە گۆڕاوە چاوەڕواننەکراوەکانیشی تێدا بێت کە لەوانەیە چوارچێوەی پەرەسەندنی دیاردە نێودەوڵەتییەکانیش بەدوای خۆیدا بهێنێت.

بۆیە لێرەدا پێویستە زەمینەی گەشەکردنی دیاردەکە لە داهاتوودا دیاری بکرێت کە هێڵکارییە یان چاکسازییە یان رادیکاڵییە.

قۆناغی چوارەم و کۆتایی پەیوەستە بە ئەنجام و دەرهاویشتەکانەوە کە لە پەیڕەوکردنی یەکێک لە چوارچێوەکانی گەشەسەندنی دیاردەکە لە داهاتوودا دەکەوێتەوە.

گرنگترین ڕەوتە هزرییەکان بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان کۆڕان لەسەر پۆلێنکردنی سیناریۆکان بۆ ئەم سێ جۆرە:

- سیناریۆی ئاڕاستەیی یان هێڵی: دان بە پاراستنی دۆخی ئێستای دیاردەی نێودەوڵەتیدا دەنێت لە داهاتوودا، کە پێویستی بە پێشبینیکردنی هێڵی وێنەیی ئێستای دیاردەکە لەسەر داهاتوو هەیە.

- سیناریۆی چاکسازی: بە پێچەوانەی سیناریۆی پێشووەوەیە، چونکە جەخت دەکاتە سەر بیرۆکەی ڕوودانی هەندێک چاکسازی لە دیاردە نێودەوڵەتییە لێکۆڵراوەکەدا لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە. ئەوەی کە ڕەنگە لە ئەنجامی ئەم چاکسازییانە دەربکەوێت، ڕێکخستنەوەی پلەبەندیی ئاشتییانەی گۆڕاوە کۆنترۆڵکەرەکانە لە چوارچێوەی گەشەسەندنی دیاردەی ژێر لێکۆڵینەوە و شیکاریدا، کە پێشبینیی باشتربوونی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکات.

- سیناریۆی وەرچەرخان یان رادیکاڵی: ئەو سیناریۆیە دەیەوێت دابڕانێک لەگەڵ ئەو چوارچێوانەدا دروست بکات کە لە دوو سیناریۆی پێشوودا باس کرا، چونکە مانەوە لە دۆخی ئێستا یاخود ئەنجامدانی هەندێک دەستکاری یان چاکسازی لە دیاردە لێکۆڵراوەکە ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو زۆر دوورتر لەوە دەچێت، چونکە جەخت دەکاتە سەر بیرۆکەی گۆڕینی ڕیشەیی قووڵی دیاردە لێکۆڵراوەکە لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، لە ڕێگەی بەهەندگرتنی ئەو گۆڕاوانەی گریمانەیەکی کەمی ڕوودانیان هەیە، کە لە کاتی ڕوودانیاندا دەتوانن گۆڕانێکی ڕیشەیی لە چوارچێوەی گشتیی دیاردە لێکۆڵراوەکە بهێننە ئاراوە.

**شەشەم: بوارەکانی بەکارهێنانی زانستییانەی توێژینەوە ئایندەییەکان**

گرنگیدان بە توێژینەوە ئایندەییەکان زیادی کردووە و بووە بە پێویستی، کە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت ناتوانرێت دەستبەرداری بین، بابەتێکی کاتبەسەربردن نییە، بەڵکوو بڕوایەکی پتەوە لەلای توێژە جەماوەرییە جۆراوجۆرەکان و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا. هەروەکوو ئالڤین تۆفلەر (Alvin Toffler)

لە کتێبەکەیدا (نەخشەکانی داهاتوو) جەختی لێ کردووەتەوە کە توێژینەوە ئایندەییەکان پاڵنەری پراگماتیکیی لە پشتەوەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاڵی دەستپێکە لە بەکارهێنانی توێژینەوە ئایندەییەکان بۆ مەبەستی سەربازی لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەر لەوەی بەفراوانی لە کەرتەکانی بازرگانی و فێرکاری و تەکنەلۆژیدا بەکار بهێنرێت.

ئەم زیادبوونی گرنگیپێدانە چەندین ئاماژەی لێ کەوتووەتەوە، دیارترینیان زیادبوونی ژمارەی زانایان و توێژەرانە لە بواری توێژینەوە ئایندەییەکاندا لە زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا، سەنتەرەکانی توێژینەوە و دەستە زانستییەکان و پەیمانگا تایبەتمەندەکانە، هەروەها کۆمەڵەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوە ئایندەییەکان وەکوو ڕایەڵەی نێودەوڵەتیی ئایندە کە جۆفنێل دایمەزراندووە، کۆمەڵەی جیهانیی ئایندە کە ئیدوارد کۆرنیش لە (١٩٩٦) دایمەزراندووە، لیژنەی ساڵی (٢٠٠٠) کە دانیاڵ بێل سەرۆکایەتیی کردووە و شەقڵێکی زانستی و ئەکادیمیی بۆ زیاد کردووە.

بوارەکانی بەکارهێنانی توێژینەوە ئایندەییەکان بڵاو بوونەتەوە و فرەجۆر بوون و باس لە گرنگترینیان دەکەین:

- گەشەکردنی دیمۆگرافیی جیهانی و خۆراک و برسێتیی جیهانی و سەرچاوەکانی وزە و پیسبوونی ژینگە.
- ئاستی ململانێی جیهانی و جەنگەکان
- سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەسیاسیکردنی بەجیهانیبوون.
- کەلێن و پەیوەندییەکانی نێوان باکووری دەوڵەمەند و باشووری هەژار
- تەکەتولە ئابوورییە جیهانی و هەرێمییەکان
- ڕەوتەکانی جیهانگیریی سیاسی
- هەڵوەشانەوە و پارچەپارچەبوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان
- تەکنەلۆژیای نوێ و بیناکردنی کۆمەڵایەتی
- گۆڕانی مۆدێلە کۆمەڵایەتییەکان
- ڕەوتەکانی فێرکردن و فێربوون.

**حەوتەم: هەڵسەنگاندنی توێژینەوە ئایندەییەکان**

١. لەمپەر و ئاستەنگەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان

لە دنیای ئەکادیمی و جێبەجێکردندا، توێژینەوە ئایندەییەکان دووچاری زۆر لەمپەر و ئاستەنگ دەبنەوە، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:

- کورتهێنان لە تیۆریزەکردن و نەبوونی بنیادێکی تیۆریی تۆکمە و چوارچێوەی ئەکادیمی یان دامەزراوەی تایبەتمەند بەم بوارە مەعریفییە، گرنگیپێنەدانی لەلایەن دەوڵەتە دواکەوتووەکانەوە بە هۆی کەمیی سەرچاوەی ماددی و توانای مرۆیی کە لە بناغەوە پەیوەستە بە سیستمی بەهاکانی ئەم دەوڵەتانەوە، چونکە

قەدەر بەسەر کاروبارەکانیاندا زاڵە. ئەم ئاستەنگەش دەرەنجامی نەبوونی پەیبردنە بە ئایندە لە پێکهاتەی ژێرخانی عەقڵی عەرەبیدا، هەروەها نەبوونی دیموکراسیەتی توێژینەوەی زانستی لە ڕووی تیۆری و کردارییەوە. بەم شێوەیە کولتووری توێژینەوە ئایندەییەکان لە جیهانی عەرەبیدا لە جێگەی خۆیدا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی دووبارە عەقڵی عەرەبی دادەڕێژرێتەوە و لە هەر سیاسەتێکی دەمارگیری ڕزگار دەکرێت، دامەزراندن و پاشان گەلاڵەکردنی قوتابخانەیەکی عەرەبیی یەکگرتوو بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان و برەودان بە تەکنیک و شێوازەکانی، لەبریی ئەو ناوەندە توێژینەوە پەرتوبڵاوانەی لێرە و لەوێ هەن، کە تەنها جەستەیەکی بێڕۆحن.

- داهاتوو پێدراوێکی پێشوەخت و سەربەخۆ نییە، بەڵکوو تەنها بیرۆکە و دیمەنی گریمانەییە بە هۆی قورسی و ئاڵۆزیی بابەتە سەرەکییەکە تیایدا، چونکە دیاردەی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانێکی بەردەوامی کات و شوێندایە لە لایەک، نەبوونی تەنها ئایندەیەک، بەڵکوو کۆمەڵێک ئایندەی جیاواز هەن لەنێوانی دەگونجێ و ئەگەری و پەسەندە یان باشتردا، هەروەها ئەو پەیوەندییە کارلێککراوەی لەنێوان گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و شارستانی و بەهاکاندا دەوری داون، ناتوانرێت یەکێکیان فەرامۆش بکرێت یان بە گرنگتر لە تەواوی گۆڕاوەکانی دیکە دابنرێت.

- گۆڕانی خێرای بارودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی لە سایەی پێشکەوتنی هەنووکەیی تەکنەلۆژیادا، دەبێتە هۆی ئەوەی توێژەری "ئایندەیی" دووچاری کۆمەڵێک لەمپەر ببێتەوە و بەو هۆیەوە نەگاتە ئەنجامێکی ورد لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتییە لێکۆڵراوەکەوە، کە ڕێگری دەکات لە گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد سەبارەت بەو دیارە کۆمەڵایەتییەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

- خۆدەوڵەمەندنەکردنی توێژەران لە مەیدانی توێژینەوە ئایندەییەکاندا بە بابەتیبوون و بێلایەنی و زانستیبوون لە توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژێر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد.

- بە بەکارهێنانی شێواز و مۆدێلی ماتماتیکی بۆ پێوانەکردنی هەندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ورد، توێژەر دووچاری گرفتی ملکەچکردنی دیاردەکە دەبێتەوە بۆ پێوانەکردنی جموجۆڵی هەندێک لە پێکهاتە و گۆڕاوەکانی.

## سوودەکانی توێژینەوە ئایندەییەکان

سەرباری ئەو ئاستەنگ و لەمپەرانەی دێنە ڕێگای توێژینەوە ئایندەییەکان لە تەواوی زانستە مرۆییەکاندا، بەڵام لە بەها زانستی و سوودە جۆراوجۆرەکانی کەم ناکەنەوە، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا پۆلێنیان بکەین:

- توێژینەوەی ئایندەیی بایەخ بە گۆڕاوە جۆراوجۆرەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژێر

لێکۆڵینەوە و هۆکارەکانی چواردەوری دەدات.

- لابردنی پەردە لەسەر خاڵە لاوازەکانی دیاردە لێکۆڵراوەکە.

- کار دەکات بۆ پابەندکردنی توێژەر بۆ دووربینی و ئاگاداربوون لە هەر پێشهاتێکی نوێ لە دیاردە لێکۆڵراوەکە لە ئایندەی چاوەڕوانکراودا ڕوو بدات.

- توێژینەوەی ئایندەیی دیاردە لێکۆڵراوەکە وامان لێ دەکات بگەین بە سیناریۆی گونجاو و چاوەڕوانکراو کە ڕوو بدات.

- توێژینەوە ئایندەییەکان لە ڕێگەی ناوەندە تایبەتمەندەکانی توێژینەوەوە زانیاریی پێویست و تەواو دەبەخشێت بە پلاندانەر و ستراتیژ دانەرەکان و بڕیارسازەکان لە هەریەکە لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکاندا، بە گوێرەی پێدراوەکانی ئێستا و شارەزایی ڕابردوو.

**ئەنجام**

توێژینەوە ئایندەییەکان بووەتە پێویستییەکی ناچاری بۆ هەر پێشکەوتن و گەشەسەندنێک، هەروەها سەر بە زانستێکی دیاریکراو یان هونەرێک لە هونەرەکان نییە، بەڵکوو فرەپسپۆڕییە، بەرهەمی کارلێکی نێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها زانستێک یان هونەرێک نییە، بەڵکوو ڕوانگەکانی خۆی لەسەر زانستە جۆراوجۆرەکان بینا دەکات. بوارێکی مەعریفیی نێوانی هاوبەش و بڕەری پسپۆڕ و تەکنیکەکانە لە هەموو زانست و میتۆدە زانستییەکاندا، بەسەر داهێنانە مرۆییەکاندا کراوەیە و لەسەر هونەر و ئاداب و زانستەکان ناوەستێت، بەردەوام کراوەیە بۆ داهێنان و ئەفراندن. ئەم فرەییەش گرفتی کرۆنۆلۆژی و قەیرانی دیاریکردنی چەمک و دارشتنی پێناسەیەکی ورد، بەکارهێنانی لێکنزیککردنەوەیەکی میتۆدی گونجاو، پاشان دارشتنی لە قاڵبێکی میتۆدلۆژیی تیۆریی یەکگرتوو کە زامنی چارەسەرکردنی دیاردە مرۆییەکان لە هەموو ڕووەکانەوە بێت، لە چوارچێوەیەکی زەمەنیی بەردەوامدا لەگەڵ جەختکردنە سەر ڕەهەندی ئایندەیی دیاردەکە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بڕیارسازیی بەدیل و سەرکەوتوو و سوودبەخش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بەدیلی پێشنیارکراودا لێ کەوتووەتەوە.

لە ڕووی ڕیشەی مێژوویی توێژینەوە ئایندەییەکانەوە، بە سەرنجدان لەو سێ قۆناغەی کە تۆمارمان کرد، دەتوانین بڵێین سەرەتا مێژووییە یەکەمینەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زانای فەرەنسی دۆکۆندۆرسیە. هەر چی چەمکەکانیەتی، پێناسەکانی پەیوەست بە توێژینەوە ئایندەییەکان زۆر و جۆراوجۆرن. کەسانێک سیمایەکی زانستیی پێ دەبەخشن، هەندێکی دیکە بڕیاری ئەوە دەدەن کە هونەرە، بەڵام زۆرێک زاراوەی خوێندنی داهاتوو هاوواتاکانیان پێ باشترە، چونکە ملکەچی دۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و

ئابوورییەکان دەبێت، لە ئەنجامدا جیاوازیی چەمکەکانی لێ دەکەوێتەوە وەکوو پلاندانان بە جۆرە جیاوازەکانیەوە: (کورتماوە، مامناوەند، درێژخایەن)، پێشبینیکردن، الاسقاط، ئایندەبینی.

سەرباری زیادبوونی گرنگیدان بە توێژینەوە ئایندەییەکان لە ئێستادا، لە ڕووی تیۆری و کردارییەوە لەلایەن توێژەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوارەکانی دیکەوە، بەڵام میتۆردە جۆراوجۆر و ئامرازە جیاوازەکانی توێژینەوە هێشتا سیماکانی نادیارە و جێگەی مشتومڕێکی فراوانە لەنێوان بیرمەندانی ڕەوت و قوتابخانە هزرییە جیاوازەکاندا. لە ڕووی تیۆرییەوە، دەتوانین کەمتەرخەمی تۆمار بکەین لەسەر ئاستی تیۆریزەکردن بە هۆی نەبوونی بنیادێکی تیۆریی تۆکمە کە بگاتە ئاستی تیۆرە، بەدەر لە دەگمەنیی چوارچێوەی ئەکادیمی و کەمیی دامەزراوەی تایبەتمەند بەم بوارە مەعریفییە، بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا. لەو دەوڵەتانەدا کولتووری توێژینەوە ئایندەییەکان لە جێگەی خۆیەتی دەمێنێتەوە تاوەکوو دووبارە عەقڵی مرۆڤی جیهانی سێیەم دانەڕێژرێتەوە و ئازاد نەکرێت لە هەر سیاسەتێکی دەمارگیری، دامەزراندن و پاشان گەڵاڵەکردنی قوتابخانەیەکی یەکگرتووی جیهانی سێیەم بۆ توێژینەوە ئایندەییەکان، برەودان بە تەکنیک و شێوازەکانی، لەبریی ناوەندە توێژینەوە پەرشوبڵاوەکان لێرە و لەوێ، کە تەنها جەستەیەکی بێگیانن.

## سەرچاوەکان

**کتێب:**

1. العيسوي إبراهيم، الدراسات المستقبلية ومشروع مصر 2020م، القاهرة: معهد التخطيط القومي، 2000م.
2. النعيري محمد بن أحمد حسن، أسس دراسة المستقبل المنظور الإسلامي"، دمشق، دار الفكر، 2009م.
3. بن أحمد الرشيد محمد، رؤية مستقبلية للتربية والتعليم في المملكة العربية السعودية، 2003.
4. بندي جيروم وآخرون، مفاتيح القرن الحادي والعشرين، ترجمة حمادي الساحل، (تونس: المجمع التونسي للعلوم والآداب والفنون، بيت الحكمة، 2003م).
5. تافلر ألفين، خرائط المستقبل، ترجمة: أسعد صقر، (دمشق: منشورات اتحاد الكتاب العرب، 1987م).
6. زاهر ضياء الدين، مقدمة في الدراسات المستقبلية: مفاهيم-أساليب-تطبيقات، القاهرة: مركز الكتاب للنشر، 2004م.
7. عبد الحي وليد، الدراسات المستقبلية في العلاقات الدولية، الجزائر، باتنة، شركة الشهاب للنشر والتوزيع، 1991م.
8. عبد الحي وليد، مناهج الدراسات المستقبلية وتطبيقاتها في العالم العربي، أبو ظبي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، 2007م.
9. فلية فاروق عبده، وأحمد عبد الفتاح، الدراسات المستقبلية: منظور تربوي، عمان دار المشيرة، 2003م.

**گۆڤار:**

10. بوقارة حسين، "الاستشراف في العلاقات الدولية: مقاربة منهجية"، مجلة العلوم الإنسانية، الجزائر، جامعة منتوري، قسنطينة، عدد 21، جون 2004 م.
11. محمد إبراهيم منصور محمد إبراهيم،

"الدراسات المستقبلية: ماهيتها وأهمية توطينها عربيا"، مجلة المستقبل العربي، عدد 416، أكتوبر 2013.

12. محمد إسماعيل وائل، "التخطيط العلمي لصنع المستقبل: رؤى نظرية"، مجلة دراسات دولية، جامعة بغداد، عدد47، 2011م.

13. محمد جبر دينا، "تفعيل منهج التصور المستقبلي في دراسة العلاقات الدولية من الوجود الترفي إلى الضرورة الإستراتيجية"، مجلة العلوم السياسية، العراق، العددان 39-38.

**كۆنفرانسی زانستی:**

14. عبد الزعبوط سمية، "استشراف المستقبل في البحوث العربية"، المؤتمر العربي حول البحث العلمي بين الطموح والواقع، الأردن، عمان 10/27-25 /2015.

**ماڵپەڕ:**

15. الجميل أمينة، "ماهية الدراسات المستقبلية..التطور التاريخي للتفكير نحو المستقبل"، على الموقع التالي:
www.http://birutme.com/?p=2201

16. الجهني محمد فالح، "الدراسات المستقبلية: شغف العلم وإشكالات المنهج"، مجلة كلية التربية، السعودية، جامعة طيبة، عدد 175.
http://www.almareth.org/news.php?action=show&id=4309

17. المستقبل والاقتصاد في الدراسات المستقبلية"، على الموقع التالي:
www.http://ust.edu/open/library/mang/19/19.pdf

18. سعيد حبيب سامي، "دور الدراسات الاستشرافية في صناعة المستقبل"، 11/01/2014.
www.http://al.madina.com/node/504205?risala

19. عبد الحي وليد، "الدراسات المستقبلية: النشأة والتطور والأهمية"، على الموقع التالي http://alexandriamedia.blogspot.com/2014/05/blog-post_27.html

20. علي بشار أغوان، "الدراسات المستقبلية: ضرورة ملحة أم ترف فكري؟"، 18/08/2011، على الموقع التالي:
www.http://nashiri.net/articles/…/4929–v15-4929.htm

21. نصحى إبراهيم محمد، "الدراسات المستقبلية (نشأتها،مفهومها،أهميتها)"، على الموقع التالي:
www.http://kenanaonline.com/users/drnoshy/posts/269417

22. نزيهة أحمد التركي، "مستقبلنا هو حاضرنا وماضينا:علم المستقبل وأهمية الدراسات الاستشرافية"، على الموقع التالي: www.http://ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=204775

**کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

23- Cornish Edward, the Study of the Future, World future Society, Washington, 1977.

24- Dupont Louis, la Planification du Développement à l'Epreuve des Faits,Paris: édition Published, 1995.

25- James Morrison (Ed), Applying Methods and Teaching of Future Research, San Francisco: Jossey – Bass Inc Publishers, 1983.

26- Polak Fred, the Images of the Future, (Amesterdam:London and New York: Elsevier, 1973).

27- Sergiev .A, «La Prévision en Politique», URSS, Edition du Progrés, 1978.

28- Slaughter Richard, New Thinking for a New Millenium (New York: Routledge, 1996).

# هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠٢١-دا و چاوەڕوانییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢

**سەرجان چاڵشکان**
خوێندکاری دکتۆرا لە ئەکادیمیای پۆلیسی پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی، شارەزا لە بابەتی ئاسایشی عێراق و توێژەر لە پەیمانگای ئۆرسام (ORSAM)

**یوسف جان ئایاز**
خوێندکاری دکتۆرا لە ئەکادیمیای پۆلیس، بەشی پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی، شارەزا لە جوگرافیە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بەتایبەتی و توێژەر لە پەیمانگای ئۆرسام (ORSAM)

**وەرگێڕان لە تورکییەوە: ڕەنجە عەبدوڵا**

سەرچاوە: پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ORSAM)، بڵاوکراوەی مانگی شوباتی ٢٠٢٢



**دەروازە**

لە ساڵی ٢٠٢١، کۆمەڵێک ڕووداو و پێشهاتی گرنگ ڕوویان دا کە کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازی و ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو. لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەش: پێشهاتەکانی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداد، ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بە هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، هەڵبژاردنەکانی عێراق و پێشهاتەکانی پێکهێنانی حکومەت، گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڕۆسەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرەوە، نارەزایی و خۆپیشاندانە ناوخۆییەکان؛ لە گرنگترین ڕووداوەکان بوون. هەندێک لەم پێشهاتانە پەیوەندیی بە دۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و هەندێکی دیکەشیان پەیوەندیی بە کێشەکانی دەوڵەتی عێراق و گۆڕانکارییە هەرێمییەکانەوە هەیە. لەم توێژینەوەیەدا چەند بابەتێک خراونەتە ڕوو، لەوانەش: هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ڕەنگدانەوەی ململانێکانی نێوان ئەمەریکا-ئێران لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، لەژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕاو و ڕووداوانە لە ساڵی ٢٠٢١دا شیکردنەوە بۆ دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازیی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە بە تێگەیشتن لەو ڕووداوانە، خەمڵاندنێک سەبارەت بەو پێشهاتانەی کە ڕەنگە لە قۆناغەکانی داهاتوودا لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕوو بدات؛ بخرێتە ڕوو.

بەو پێیەی ساڵی ٢٠٢١ هەڵبژاردنی پێشوەختەی بە گوێرەی سیاسەتی عێراقی تێدا ئەنجام درا، ساڵێک بوو لە زۆر ڕوانگەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و جووڵەی گرنگی لەخۆ گرت. ئەدای پارتە سیاسییە کوردییەکان وەک بەشێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کاریگەرییەکی گرنگی لە داڕشتنەوەی پڕۆسەی سیاسی هەم لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەم لە سیاسەتی عێراقیشدا هەیە، بەتایبەتی ئەو سەرکەوتنەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ململانێی ناوخۆیی حیزبییەوە کە ماوەی ساڵێکی خایاند، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا وێنەیەکی لاوازی خۆی پیشان دا، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆکاری گۆڕانکاری لە باڵانسی هێز لەنێوان ئەو دوو پارتەدا کە کێبەرکێیەکی مێژوویی قووڵ لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها نەوەی نوێ وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کە سەنتەری چالاکییەکانی دەکەوێتە شاری سلێمانییەوە، بەگشتی لە سەرانسەری عێراقدا

توانیی ٩ کورسی بەدەست بهێنێت، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە و نیشانەی وەرچەرخان و بەهێزبوونی باڵی ئۆپۆزسیۆنە لە سیاسەتی کوردیدا.

گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە عێراق، لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە بۆ پێکدادان و بەریەککەوتن گۆڕا، لە ساڵی ٢٠٢١دا ململانێی دەسەڵاتی نێوان ئەم دوو هێزە لەسەر خاکی عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوام بوو. کشانەوەی ئەمەریکا لە بنکە سەربازییەکانی عێراق و زیادکردنی قورسایی بنکە سەربازییەکانی لە هەولێر، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی بەئامانجگرتنی هەولێر لەلایەن ئێرانەوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە ئاکامی بەئامانجگرتنی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لەلایەن ئێران و هێرشی مووشەکیی میلیشیا شیعەکانی لایەنگری ئێرانەوە، بەگشتی ئەو وێنەیە دەخاتە ڕوو مەیدانی ململانێ و پێکدادانەکان لە عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان گوازراونەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەم هێرشانە تەنها بۆ یەک جار نەبوون، بەڵکوو لە چوارچێوەی ئەو ساڵەدا چەندین جار دووبارە بوونەتەوە.

هەریەک لەو بابەتانەی سەرەوە وەک: پێکهێنانی حکومەت، کێشەی ئەمنی، مووچەی مووچەخۆران و... هتد، لە گرنگترین ئەو کێشانەن کە ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستانی عێراق ببنەوە.

**ئەدای هەڵبژاردنی پارتە سیاسییە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە حکومەتی نوێدا**

دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق، دوای نزیکەی دوو مانگ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراقی پەسەند کرد. لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢١)ەوە تەواوی تانەکانی سەر هەڵبژاردنەکانی عێراقی ڕەت کردەوە و پەسەندکردنی ئەنجامەکانی ڕاگەیاند. دادوەر قاسم محەمەد ئاماژە بە تانە و ناڕەزاییەکانی سەر پڕۆسەی سیاسی ڕایگەیاند ئەم بڕیارە پەیوەندیدارە بە تەواوی لایەنە دەسەڵاتدارەکانی عێراقەوە .

ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەنجامەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردنی گشتی، پێشهاتی نوێی لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان و بەغدادا هێنایە کایەوە. لەم چوارچێوەیەشدا کاتێک لە دەرەوەی تەوەری بەغداد لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە شارەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەڕوانین، ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردن لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک ئاماژەیەکی گرنگی سیاسەتی کوردین. بەم ئاقارەشدا، لە کۆی ١٥ کورسیی شاری هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان ١١ کورسی، نەوەی نوێ ٣ کورسی و هاوپەیمانیی کوردستانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان) ١ کورسییان بەدەست هێنا. لە کۆی ١٨ نوێنەری هەڵبژێردراو لە شاری سلێمانی؛ هاوپەیمانیی کوردستان ٨ نوێنەر،

نەوەی نوێ ٥ نوێنەر، پدک ٢ نوێنەر، کاندیدە سەربەخۆکان ٢ نوێنەر ، کۆمەڵی دادگەریی کوردستانی عێراق ١ نوێنەریان بەدەست هێنا. لە شاری دهۆک کێبەرکێکان لەسەر ١١ کورسی بوون، پارتی ٨ کورسی و سەربەخۆکان ٢ کورسی، هاوپەیمانیی کوردستان ١ کورسییان بەدەست هێناوە . چالاکییەکانی پارتە کوردییەکان تەنها پەیوەست نییە بە سیاسەتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی لەژێر قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان. هەر بەم ئاقارەشدا پدک لە سەرانسەری عێراقدا ٣١ کورسیی بەدەست هێنا و "ینک "یش شکستی تۆمار کرد. لە کاتێکدا هاوپەیمانیی کوردستانی (یەکێتی و گۆڕان) ١٧ کورسیی بەدەست هێنا، بزووتنەوەی نەوەی نوێ بەتەنها توانیی ٩ کورسی بەدەست بهێنێت.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق ینک و پدک وەک ئەلتەرناتیڤی یەکتر دەبینرێن و ململانێ لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام وا دەردەکەوێت لەدوای هەڵبژاردنەکان باڵانسی هێز لەنێوان ئەم دوو پارتە گۆڕانکاری تێیدا ڕوو بدات. ینک بە هۆی ململانێ نێوخۆییە حزبییەکانەوە کە بە شێوەیەکی چڕ دزەی کردە فەزای گشتییەوە و بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا و پێکهێنانی هاوپەیمانیی کورستانی، لە هەریەک لە شارەکانی دیالە، دهۆک، هەولێر و سەلاحەدین توانیی یەکی کورسییەک بەدەست بهێنێت، لە کەرکووک ٣ کورسی، موسڵ ٢ کورسی و سلێمانی ٨ کورسی، واتە بەتێکڕا توانیی ١٧ کورسی بەدەست بهێنێت. لە بەرامبەردا پدک دوای دەرچوواندنی ٣١ پەرلەمانتاری، یەکێک بوو لە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق. دابەشبوونی کورسییە براوەکانی پدک لە سەرانسەری عێراقدا بەم شێوەیە بوو: نەینەوا ٩، کەرکووک ٢، دهۆک ٨، سلێمانی ٢، لە هەولێریش ١٠ کورسیی بەدەست هێنا. ئەگەرچی نوێنەری یەکێتی لە بەغداد (ڕەبیعە حەمەد) لەپێش هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ینک و پدک سەبارەت بە دیاریکردنی کاندیدی هاوبەش لە بازنە جیاوازەکانی شاری بەغداد گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، ئەمەش لەو پێناوەی کە پارتە کوردییەکان نەچنە کێبەرکێی یەکترەوە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و ململانێ و پڕوپاگەندە دژی یەکتر نەکەن، بۆیە بڕیار دراوە لە هەر بازنەیەک و بە کاندیدێک بەشداری بکەن، بەڵام ئەمە سەرکەوتوو نەبوو. لە ڕاستیدا پەیوەندییەکان لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا خراپتر بوون .

کاتێک لە دابەشبوونی کورسییەکانی پدک لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەڕوانین لە شارەکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی، دەبینین تەنها ٢٠ کورسیی بەدەست هێناوە. لە دەرەوەی ئەم ناوچانەش، لە نەینەوا ٩ کورسی و لە کەرکووکیش ٢ کورسیی بەدەست هێناوە، ئەمەش وا دەردەکەوێت کە هێزێکی زیاتر بە

پدک ببەخشێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەراورد بە پێش هەڵبژاردنەکان. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە کاندیدەکانی پدک بە هۆی بەریەککەوتن و بوونی پەکەکە لە قەزای شەنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوا، نەیانتوانی پڕوپاگەندە و بانگەشەکانی خۆیان لەو ناوچەیە بەڕێوە ببەن. کاندیدەکانی پەکەکە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو نەبوون و کارەکانی فەرمانگە میرییەکانی دەوڵەت لەو ناوچەیە وەستێنران. سەرۆکوەزیرانی عێراق مستەفا کازمی، بەڵێنی دووبارە چەسپاندنەوە و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەت لەو ناوچەیە دا. دوای ئەم ڕووداوانە، وتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان تەحسین ئەلحەفاجی وتی کە ڕێککەوتننامەی شەنگال وەک ئەوەی پلانی بۆ دانراوە؛ بەڕێوە دەچێت و حکومەتەکانی بەغداد و هەولێریش گەیشتوون بە ڕێککەوتن لەسەر بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنیی شەنگال لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە . بەم شێوەیە پدک دوای ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا، وا دەردەکەوێت پێگەیەکی چالاکتر لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێت. لە کەرکووکیش ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا بە هۆی بایکۆتکردنەوە پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنی خۆی لە ناوچەکەدا بەڕێوە نەبرد و هیچ کورسییەکی بەدەست نەهێنابوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١دا لەگەڵ بەدەستهێنانی ٢ کورسی لە کەرکووک، گفتوگۆکانی گەڕانەوەی پێشمەرگەی بۆ کەرکووک هێنایەوە کایەوە. لەم چوارچێوەیەشدا، بە بیانووی زیادبوونی چالاکییەکانی داعش لە ناوچەکەدا، هەوڵی فراوانکردنەوەی مەودای کاری پێشمەرگە لە ناوچەکەدا دەدات.

ئاماژەدانی پدک بە چوونە ناو هاوپەیمانیی سێ قۆڵی لەگەڵ ڕەوتی سەدر و تەقەدوم، هەروەها بە بوونە کارەکتەرێکی چالاک لە حکومەتی نوێدا، بووە هۆی زیادبوونی ململانێکانی لەگەڵ ینک لە پرسە جیاجیاکاندا . پدک دەیەوێت پاداشتی ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا، وەربگرێت. لەم چوارچێوەیەشدا لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٢)ەوە کەوتە ململانێی ینک لە بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆککۆمار. لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە پۆستی سەرۆککۆمار وەک عورفێک بۆ کورد و لەناو کوردەکانیشدا بۆ یەکێتی یەکلایی بووەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی پدک بە شێوەیەکی بەهێزتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ هاتە دەرەوە، وا دەردەکەوێت کە پدک هەم لە پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا و هەم لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا ڕۆڵێکی کاراتر ببینێت. لە کاتێکدا لە ١١-١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢دا، کاندیدی ینک بۆ پۆستی سەرۆککۆمار کاندید بوو، کەچی پدک کاندیدی خۆی کە هۆشیار

زێباریی وەزیری پێشووتری وەزارەتی دەرەوە و وەزیری داراییش بوو، کاندید کرد. لەمەشدا پدک بە بەدەستهێنانی پشتگیریی کەسانی وەک مشعان جبوری (سەرکردەی کوتلەی ئاشتی و ئازادی) لە عەرەبی سوننە، ڕەوتی سەدر و تەقەدوم، هێزی خۆی لە پێکهنانی حکومەت و دیاریکردنی کاندیدی خۆی، هۆشیار زێباری، بۆ پۆستی سەرۆککۆمار بەکار هێنا. هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە ینک لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە سەبارەت بە شیعەکانەوە گرنگیی خۆی هەبوو، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەیانویست هاوسەنگیی هێز بەرامبەر پدک بپارێزن. لە لایەکی دیکەوە وا چاوەڕوان دەکرێت پدک لە دابەشکردنی وەزارەتەکاندا بەشێکی زۆری وەربگرێت، بۆیە لە بەرامبەردا پشتگیریکردن لە بەربژێری ینک، بەرهەم ساڵح، هاوسەنگی دەستەبەر دەکات.

سیاسەتی کوردیی عێراق تەنها خۆی لە تەوەری هاوسەنگیی یەکێتی و پارتیدا نابینێتەوە. لە هەڵبژاردنەکاندا گۆڕان هاوپەیمانیی لەگەڵ ینک کرد و بەیەکەوە هاوپەیمانیی کوردستانیان دروست کرد. بەدەستنەهێنانی هیچ کورسییەک لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە، یەکێک بوو لەو خاڵانەی کە جێگەی مشتومڕ بوو. بە هۆی ئەوەی تەواوی ئەو بەربژێرانەی لە هەڵبژاردنەکاندا لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دەرچووبوون سەر بە ینک بوون، ئەمەش واتای شکستی گۆڕان بوو، بەم شێوەیە ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان و تەواوی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن دەستیان لە کار کێشایەوە . لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای پدک، جووڵانەوەی نەوەی نوێ یەکێکی دیکە بوو لەو پارتانەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. شاسوار عەبدولواحیدی سەرکردەی جووڵانەوەی نەوەی نوێ بە بەدەستهێنانی ٩ کورسی، هاوپەیمانیی لەگەڵ عەلا ڕکابیی سەرکردەی بزووتنەوەی ئیمتیداد کرد کە ئەمانیش خاوەنی ٩ کورسین، پێکەوە لەگەڵ ١٠ ئەندامپەرلەمانی سەربەخۆدا بوونە خاوەنی ٢٨ کورسی، ئەندامەکانیان لە کورد و عەرەب پێک دێت و "هاوپەیمانی لە پێناو خەڵکدا"یان پێک هێنا و بوونەتە کوتلەیەکی نوێ لە پەرلەمان . لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا و بە لەبەرچاوگرتنی پشکی کەمینەکان، هیچ لایەنێکی کوردی سەرکەوتوو نەبووە. لە پشکی سابی، مەسیحی، فەیلی و شەبەک، یەکی تەنها یەک نوێنەری سەربەخۆیان دەرچووە. لە پشکی مسیحییەکان، بەگشتی ٤ چوار نوێنەری بزووتنەوەی بابیلۆنی نزیک لە حەشدی شەعبی دەرچوون. لە کۆتای ئێزیدییەکانیش، نوێنەرێک لە پارتی پێشکەوتنی ئێزیدی دەرچووە. واتە بە کۆی گشتی، ٩ ئەندامپەرلەمان دەرچوون. پەرلەمانی عێراق لە ٣٢٩ نوێنەر پێک هاتووە. دەکرێ بڵێین ئەم کۆتا و کەمینانە کاریگەرییەکی سنوورداریان لەسەر سیاسەتی عێراق دەبێت.

**ڕەنگدانەوەی ململانێکانی ئێران و ئەمەریکا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق**

یەکێک لە گرنگترین ئەو گۆڕاوانەی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکیی عێراق هەیە، ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێرانە. ئەم گۆڕاوە چەندە بۆ بەغداد گرنگە، ئەوەندەش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، ئەمە لە کاتێکدایە ململانێکانی ئەمەریکا و ئێران ڕاستەوخۆ لەسەر خاکی عێراقە. لە کاتێکدا پدک وەک بەهێزترین پێکهاتەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر داعشدا هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەمەریکای هەبوو، کەچی ئێران خاوەنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵە لەگەڵ هێزی باڵادەستی سلێمانی کە ینکە. یەکێک لە گەورەترین ئەو پێشهاتانەی لە پەیوەندیدا بەم ململانێیەوە لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢١دا ڕووی دا، کاتێک لە گەڕی چوارەمی کۆبوونەوەکانی دیالۆگی ستراتیژیدا و لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١دا بڕیاری کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا درا. لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی جەنگیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ئەرکی ڕاهێنان و هاوکاریکردن گۆڕا . لە بابەتی هێرشی داعش و میلشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران، ئەمەریکا هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگەی بۆ زیادکردنی توانای ئاسایشی هەرێمی کوردستان کرد، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ کاتێک هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون بوو، ئەمەریکا هاوکاریی ڕاوێژکاریی بۆ دەستەبەر کردن. لەمەوە کاتێک پدک توانیی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم چەند کورسییەک بەدەست بهێنێت و هێزی خۆی زیاد بکات، وا دەبینرێت کە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە دەستەبەر بکات. ئەنجامدانی ئەو هێرشانە لەلایەن میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێرانەوە، گەورەترین ئاماژەی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێرانە. کاتێک لە ڕوانگەی هەولێرەوە لە بابەتەکە دەڕوانرێت، فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق؛ کێنێس ماکنیز، هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی مانگی نیسانی سەر فڕۆکەخانەی هەولێری وەک گەورەترین سەرچاوەی نیگەرانی لە ناوچەکەدا لێک دایەوە . بە هۆی ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر هەولێر، سەرۆکوەزیرانی یۆنان کیریاکۆس میتسۆتاکیس کە بڕیار بوو لە ١٣ی تەمموز سەردانی هەولێر بکات، گەشتە چاوەڕوانکراوەکەی بۆ هەولێر دوا خست . هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە هۆی ئەم هێرشانە و بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعشەوە، هاوکارییە دارایی و تەکنیکییەکانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر کرد. بۆ نموونە: هەتاوەکوو ئێستا و لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ١٢.٥ ملیۆن دۆلاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە

ناردووە، هەروەها جەختیش لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە تاوەکوو ئێستا بە بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە و عێراق لە ڕووی ئاسایشەوە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی هاوپەیمانان دەیڤید ولیامز ڕاگەیاند، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، تیمێکی تایبەتمەند دروست کراوە. جگە لەوەش، ولیامز جەختی لەوە کردەوە کە مانگانە هاوکارییەکی ٢٠ ملیۆن دۆلاری بە پێشمەرگە دەبەخشن بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی پیشەگەر و پرۆفیشناڵ و دەستەیەکی تایبەت و ناوەندی هاوبەش پێک هێنراوە . لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١، بە هۆی یاسای دەسەڵاتی بەرگریی نیشتمانیی ئەمەریکاوە، پێشبینیی ئەوە دەکرێت بڕی ٢٦٠ ملیۆن دۆلار وەک هاوکاری لە ساڵی ٢٠٢٢ بدرێتە هێزەکانی پێشمەرگە. جگە لەوەش، بۆ یەکەمین جار بە مەبەستی دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی پوما، بڕی ٥ ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە تەرخان کرا . یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەپاش کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق هەر بەردەوامە، کەواتە ئەم کشانەوەیە نەبووەتە هۆی کەمبوونەوەی یارمەتی و هاوکارییەکانی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان.

چالاکییەکانی ئێران لەسەر خاکی عێراق، لە بەغداد لە ڕێگەی ئەو پارتە سیاسییانەوەیە کە ئێران پشتیوانییان دەکات، لە هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی "ینک"ەوەوە بەڕێوە دەچێت. ململانێ ناوخۆییەکانی یەکێتی و شکستی لە هەڵبژاردنەکاندا، هۆکاری لەدەستدانی هێزی ینک بوون، هەروەها وەک پێشهاتێکی سیاسی لە سنووردداربوونی نفوزی ئێرانیش لە عێراق لێک دەدەرێتەوە. بەڵام هاوکارییەکانی ئێران بۆ ینک لە سلێمانیدا، بەتەنها خۆی لە هاوکاریی سیاسیدا نابینێتەوە. لە ڕاستیدا یەکێک لەو هەنگاوە بەرجەستانەی بازرگانیی ئێرانی لە ساڵی ٢٠٢١دا ناویەتی، کردنەوەی ئۆفیسی وڵاتانی عەرەبی و ئەفەریقیی سەر بە ڕێکخراوی گەشەپێدانە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە شاری سلێمانی بە مەبەستی بازرگانی و بەشداری لە پێشانگاکاندا، بە شێوەیەک ناوەندەکە خزمەتگوزارییەکانی وەک: بەبازاڕکردن، خزمەتگوزاریی یاسایی، خزمەتگوزاریی ڕیکلام، دیاریکردنی پێشانگا و شوێنی نووسینگە و ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان، تەرخانکردنی کۆگا، ڕاوێژکاری، خزمەتگوزاریی بانکی، گواستنەوە و خزمەتگوزاریی لۆجستی، بیمە و شوێنی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت و ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانە . پلانی ئێران بۆ کردنەوەی ناوەندی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی، یەکێکە لەو

هەنگاوانەی کە لەوانەیە گۆڕانکاریی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بهێنێتە ئاراوە. هەر چی ئەمەریکاشە، هەستاوە بە نۆژەنکردنەوەی کونسوڵخانەکەی کە لە ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر کردیەوە. ڕۆبێرت پالادینۆ کونسوڵی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەولێر، ئاماژەی بەوە دا کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ دەچنە باڵەخانەی نوێی کونسوڵخانەکەیانەوە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٥٢٠٠٠ مەتر چوارگۆشەیە و ئەمەش گەورەترینیانە لەسەر ئاستی دونیا. کونسوڵخانەکە لە ڕووی بونیادییەوە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٢١دا تەواو بوو. پالادینیۆ، بە ئامادەبوونی مەسروور بارزانی و شاندێکی گەورەی دیپلۆماسی، مەراسیمی کردنەوەکەی ڕێک خستبوو . پالادینیۆ ئەوەی خستە ڕوو کە کونسوڵخانەکە ئاماژەی پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێم و خەڵکەکەیەتی، هەروەها ئەمەی وەک نیشانەیەکی بەرجەستەی پەیوەندییەکی ماوەدرێژ لێک دایەوە. بەم هۆیەوە وا پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ئەمەریکا بە هۆی گوتاری هەڕەشەی داعشەوە یارمەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بدات بۆ خستنە ژێر ڕکێفی ناوچەیەکی بەرفراوانتر لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، هەروەها لە ڕووی سیاسی، سەربازی و ئابوورییەوە هاوکارییەکانی بەردەوام بێـت.

**پەیوەندییەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق**

لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠١٩ی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دەستی لە کار کێشایەوە و بەدوای ئەوەشدا حکومەتێکی نوێ لەلایەن مستەفا کازمییەوە دروست کرا. لەگەڵ هاتنی ئەم حکومەتە نوێیەدا، پەیوەندییەکانی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی. ئەم بەرەوپێشچوونانە لە ساڵی ٢٠٢١ پەرەی سەند، کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ کۆمەڵێک کێشەی هەڵواسراو لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا هەبوون و ئەمەش لەسەر دانوستانەکان ڕەنگی دایەوە. لەم ڕوانگەیەوە دانوستانەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە بارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چۆنیەتیی ئیدارەدانیان، بەرهەمێکی گرنگی هەبوو. ئەگەرچی لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانی پێشوو عادل عەبدولمەهدی (٢٠١٨-٢٠١٩)، دانوستان لەنێوان وەزارەتی بەرگریی عێراق و وەزارەتی پێشمەرگەدا لە بارەی جێگیرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دژی داعش کرا، بەڵام هیچ هەنگاوێکی کرداری لەم بارەیەوە نەنرا. لە مایسی ساڵی ٢٠٢٠، کاتێک حکومەتە نوێیەکەی مستەفا کازمی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا، ئیتر قۆناغ و پڕۆسەیەکی

نوێ دەستی پێ کرد. لە بارەی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، بابەتەکە لە سوودی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرچەرخا.

دوای ئەوەی کازمی دەستی بە ئەرکەکەی کرد، یەکەمین هەنگاوی کرداری لە ئابی ٢٠٢٠دا دەرکەوت. سەرۆکوەزیرانی عێراق مستەفا کازمی ڕەزامەندیی لەسەر ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش کە پلانی بۆ دانرابوو، دەربڕی. بە گوێرەی ئەمەش لە کەرکووک، دیالە و موسڵ ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش دروست دەکرێت و لەم چوارچێوەیەشدا سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بەهاوبەشی جووڵە دەکەن. لە مایسی ٢٠٢١دا، لەنێوان هەولێر و بەغدادا لە بارەی سەقامگیری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، یەکەمین هەنگاوی کرداری لە دەرئەنجامی دانوستانەکانەوە نرا: لێرەوە بڕیار لە دروستکردنی ژووری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کەرکووک، موسڵ، مەخموور و دیالە درا. بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، هەندێک لە لیواکانی پێشمەرگە لە بنکەی سەربازیی کەی وەن لە شاری کەرکووک دەست بە کارکردن دەکەنەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا زانیاری و هەماهەنگیی هەواڵگری پێشکەش دەکەن. دوابەدوای ئەم هەنگاوەش، داواکارییەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاڕاستەی حکومەتی ناوەندی کرا، تێیدا داوا کرابوو کە بابەتەکە تەنها لە هاوکاریی هەواڵگریی هەماهەنگیدا نەمێنێتەوە، بەڵکوو جارێکی دیکە هێزەکانی پێشمەرگە بە مانای ئۆپەراسیۆنی لە کەرکووک جێگیر بکرێنەوە. لە چوارچێوەی ئەم داواکارییەشدا، دانوستانەکانی نێوان هەردوو لا بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بەردەوامیی هەبوو. لە ئابی ساڵی ٢٠٢١دا، لە پەیامێکدا کە حکومەتی عێراقی بۆ ڕای گشتی بڵاوی کردەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە دانوستانەکان گەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی. ڕاگەیاندنی ئەنجامی دانوستانەکان بۆ دوای هەڵبژاردنەکان دوا خرا. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمدا، حکومەتی بەغداد لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند کە لە دوو لیوای سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقدا، سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە پێکەوە لەو ناوچانەی کە بۆشایی ئەمنیی تێدا دروست بووە، لە دژی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش پێکەوە ئەرکی هاوبەش جێبەجێ دەکەن. جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە یەکێک لە لیوا دروستکراوەکان لەنێوان کەرکووک و دیالە جێگیر دەکرێت، لیواکەی دیکەشیان لەو ناوچەیەی کە لە کەرکووکەوە تاوەکوو مەخموور هەیە دەست بە ئەرکەکەی دەکات.

یەکێکی دیکە لە پایە گرنگەکانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا، ناردنی بودجە بوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە

بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمە لە سەرەتاوە لە سەردەمی نووری مالکییەوە لە ساڵی ٢٠١٤دا سەری هەڵدا. بە گوێرەی ڕێککەوتنێکی دیکە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٩ کە لەنێوان حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و حکومەتی هەرێمدا واژۆ کراوە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی ڕۆژانەی ٢٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت کە دەینێرێتەوە دەرەوە؛ بدات بە حکومەتی عێراقی، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕی داهاتی دیاریکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە تەسلیمی حکومەتی بەغداد نەکرا، ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا و بۆیە بەغدادیش لەبەرامبەر نەناردنی پارەی نەوتەکەدا بڕیاری بڕینی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستانی دا. ئەگەرچی مستەفا کازمی لەگەڵ دەستکردن بە ئەرکەکەی لە ئابی (٢٠٢٠)ەوە، دیسانەوە دەستی بە ناردنی بەشەبودجەکە کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێکتێنەگەیشتنەکان لەنێوان هەردوو لایەنەکە هەر بەردەوام بوون، بۆیە دیسانەوە گرفتی بڕین و دواخستنی بودجە سەری هەڵدایەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی ٢١٪ی مووچەی فەرمانبەرانی کەم کردەوە، بابەتە داراییەکانی وەک گەڕاندنەوەی لێبڕین و مووچە پاشەکەوتکراوەکان لە گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە دوای ئەو ماوەیە باسی لێوە دەکرا. بە هۆی کێشە دارایی و لێکتێنەگەیشتنەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، چەندین ئاریشەی دیکە سەریان هەڵدا و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نائاراميیان خوڵقاند. هەر بۆیە لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٠ و سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢١دا، شاری سلێمانی بوویە شانۆی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە هەرێمی کوردستان.

کێشە و ناکۆکییە داراییەکانی نێوان لایەنەکان، بزاوتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەورووژێنێت و ئەگەر و ڕێگەی هەستانی شەقام زیاتر دەکات. لە لایەکی دیکەوە کاتێک سەیری ناوەرۆکی ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانەی (٢٠٢٠-٢٠٢١) دەکەین، دەبینین زۆربەی ئەوانەی کە ڕژانە سەر شەقامەکان، لە توێژی گەنجان بوون. بەم هۆیەوە کاتێک کێشە و ناڕەزایەتییەکانی فەرمانبەری میری و بەدوایدا بەشداریی ڕێژەیەکی زۆری گەنجان لە خۆپیشاندانەکان و ڕژانە سەر شەقامیان لەبەرچاو دەگیرێت، دەتوانرێت بوترێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتەنها کێشەی فەرمانبەرانی میریی نییە کە دەبێت چارەسەریان بکات، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەیەک کێشەی زۆری تایبەت بە گەنجان هەیە کە دەبێـت چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە هۆکاری ڕژانە سەر شەقامەکان لەلایەن گەنجانەوە نەدانی مووچەی فەرمانبەران نییە، دەتوانرێ بوترێت کە هۆکاری سەرەکی بێکاریی چڕی توێژی

گەنجان و دابەشبوونی نایەکسانانەی داهاتە لەنێوان چینەکاندا، بەتایبەت کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان چینی دەوڵەمەند و خەڵک بەگشتی هەیە. لە ڕاستیدا ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ی خوێندکارانی زانکۆ لە شاری سلێمانی بۆ باشکردنی هەلومەرجی خوێندن، بەڵگەیەکی بەرجەستە و حاشاهەڵنەگری ئەم بابەتەیە.

## چاوەڕوانییەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢

پێشهاتەکانی ساڵی ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان تەنها بە پەیوەندی و کێشەکانی نێوان هەولێر-بەغداد کاریگەر نەبوو، بەڵکوو پێشهاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش لە زۆر لایەنەوە کاریگەرییان لەسەر دۆخی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو. لەم چوارچێوەیەشدا پێشهاتە سیاسییە چاودێریکراوەکان بەتایبەت لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا، خێراییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی. هەر لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا، تەرازووی هاوسەنگیی هێز لەنێوان هەردوو حیزبی سەرەکیی هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکاریی بەسەردا هات و فۆڕمێکی دیکەی وەرگرت. پدک بەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا، دەیەوێت نەک لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکوو لە ڕووی سەربازی و ئابوورییشەوە بەکاری بهێنێت. هەر چی ینکە بە هۆی شکستی لە هەڵبژاردنەکاندا، باجی ناهاوسەنگیی هێز بەرامبەر پدک تۆمار دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا پدک بە چوونە نێو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕەوتی سەدر، هاوپەیمانیی تەقەدوم و هاوپەیمانیی عەزیم کە هێزی گەورە و هاوپەیمانی بەهێزن و دەیانەوێت حکومەت پێک بهێنن، دەیەوێت پۆستی سەرۆککۆمار بەدەست بهێنێت و لەمەشدا ڕووبەڕووی ینک وەستاوەتەوە. ئەگەرچی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تەواوی سەرۆککۆمارەکانی عێراق لە کورد و لەناو کوردیشدا لە یەکێتی بوو، تەنها لە هەڵبژاردنی پێشوودا پارتی کاندیدی خۆی بۆ پۆستەکە هەبوو، بەڵام ئەم جارە پدک بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵبژادنەکاندا و هەروەها ئەو زنجیرە هاوپەیمانییە سیاسییانەی کە کردوویەتی، بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە دژی یەکێتییە.

پدک بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بەدەستی هێنا، هەروەها گوتاری مەترسیی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەکار دەهێنێت بە مەبەستی فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە. لەم چوارچێوەیەشدا ئەو یارمەتییانەی کە هێزەکانی هاوپەیمانان پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگەی دەکەن،

دەبێتە هاندەرێکی کاریگەر بۆ زیادبوونی توانا و هێزی پێشمەرگە. ئەمەریکا بە ڕێگای یاسای بەرگری ڕێگەپێدانی نیشتمانی هاوکاریی پێشمەرگەی بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کرد، لە هەموو دەرفەتێکدا جەخت لەسەر هاوکاریی پێشمەرگە دەکاتەوە و بەکارهێنانی گوتاری مەترسیی داعش، هەموو کاتێک ڕەوایی بەو کۆمەکانە دەبەخشێت.

یەکێک لە چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا، هەڵگرتنی هەنگاوی کردارییانە و گەڕانەوەیە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە ئەمە پێشتر لەگەڵ هاتنەسەرکاری حکومەتەکەی کازمیدا هەنگاوی گرنگی هاویشت. چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە جێگیرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێی وایە کە هیچ ئاماژە و پێشبینییەک بۆ بەکۆتاهاتنی داعش نییە، لەبەر ئەوەی وەک سیاسەتێک گوتاری هەڕەشە و مەترسیی داعش بەکار دەهێنێت. چڕبوونەوەی هێرشەکانی داعش لە هێڵەکانی کەرکووک، دیالە و سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠٢١دا و کەمتوانایی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە بەرگریکردن لەبەرامبەر ئەو هێرشانەدا، یەکێک دەبێت لەو فاکتەرانەی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گوتاری مەترسیی داعش و دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتدا. لەبەر ئەمە دەکرێت بڵێین کاتێک کە هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی ٢٠٢٢ دەکەین، کێشەی داعش لە عێراق و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؛ لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دەبن کە کاریگەریی وردیان لەسەر داهاتوو دەبێـت. بەم هۆیەوە بەردەوامیی کێشەی داعش دەبێتە هۆکاری هێنانەکایەی بڕیاری سیاسیی نوێ لە پەیوەندیدا بە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لەپێش هەموویشیانەوە کەرکووک.

بەهێزبوونی پدک لە ڕووی سیاسییەوە چ لە هەولێر و چ لە بەغداد، دەبێتە هۆکاری باشبوونی پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر، لە پەیوەندیدا بەمەوە، بابەتی بودجە و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ماوەیەکی کورتدا لە بەشی سەرەوەی لیستی بابەتە ڕۆژەڤییەکاندا شوێن دەگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، پدک بە هۆی زیادبوونی هێزی لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانەیە لە شاری سلێمانیش، هێزی بەرەو زیادبوون بچێت. لاوازبوونی ینک و هەرەسی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەگەری ئەوەی تێدایە جووڵانەوەی نەوەی نوێ وەک بەدیلێکی نوێی پارتی لە مەیدانەکەدا دەستەبەر بکات. لێرەدا دەتوانرێت پێشبینیی ئەوەش بکرێت کە

جوولانەوەی نەوەی نوێ ئەگەرچی لە حکومەتی عێراقییشدا نییە، بەڵام هێشتا هەر خاوەنی ٩ کورسییە و دەکرێت ببێتە ڕکابەرێکی بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## سەرچاوەکان

١- بە هۆی درێژی و ناپێویستییەوە، بەشێك لە توێژینەوەکە وەرنەگێڕدراوە.

٢- نوسەرانی بابەتەکە، ناوی قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق بە (ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کوردیی عێراق دەهێنن)، بەڵام لێرەدا بەگوێرەی دەستوری عێراق مامەڵە لەگەڵ ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە. (وەرگێڕ)

٣- "Iraq's Supreme Court ratifies October election results", Al Jazeera, 27.12.2021 دادگای باڵای عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئۆکتۆبەر پەسەند دەکات"، ئەلجەزیرە، ٢٧,١٢,٢٠٢١)

٤- لێرەدا مەبەستی کاندیدەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە (وەرگێڕ)

5- Rudaw Elections, Rudaw, 2021, https://www.rudawelections.com/english/ancamakan (Erişim Tarihi: 19.01.2022).

٦- پدک: پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

٧- ینک: یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی عێراق

٨- "Kürtler Bağdat'ta yeni seçim formülü konusunda anlaştı", Rudaw, 10.09.2021 (کوردەکان لە بەغداد لەسەر فۆرمی نوێی هەڵبژاردن ڕێکەوتن"ڕووداو، ١٠.٩.٢٠٢١)

٩- نوسەران بە ناوچە جێناکۆکەکان ناویان بردووە. (وەرگێڕ)

١٠- "JOC: Government insists on implementing Sinjar Agreement", Iraqi News Agency, 30.12.2021(جۆک: حکومەت سورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی شەنگال، سەرچاوە: ئاژانسی هەواڵی عێراق. ٣٠.١٢. ٢٠٢١)

١١- "Iraklı siyasetçi: HoŞyar Zebari Irak'ın yeni cumhurbaŞkanıdır", Basnews, 13.01.2022 (سیاسیەکی عێراقی: هۆشیار زێباری سەرۆک کۆماری عێراقە. باسنیوز ٢٠٢٢\١١\١٣)

١٢- "Goran Hareketi lideri ve tüm Yürütme Kurulu istifa etti!", Rudaw, 13.10.2021 (ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان و تەواوی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن دەستیان لەکار کێشایەوە)

13- New alliance refuses to participate in a quota government", Iraqi News Agency, 15.12.2021.

14- "White House: From Combat to training and advisory is to be our mission in Iraq", Iraqi News Agency, 26.07.2021.

15- General Kenneth F. McKenzie Jr., Commander, U.S. Central Command, Holds a Press Briefing, 22 Nisan 2021, https://www.defense.gov/Newsroom/Transcripts/Transcript/Article/2582980/general-kenneth-f-mckenzie-jr-commander-uscentralcommand-holds-a-press-briefi/, Erişim tarihi: 15 Haziran 2021.

16- "Miçotakis Erbil ziyaretini erteledi", Rudaw, 08.07.2021

17- "Iran to open trade center in Sulaymaniyah", Tehran Times, 15.09.2021 "New consulate will b

18- "US National Defense Authorization Act Allocates $260 Million to Support Peshmerga Forces", 28.12.2021

19- "Iran to open trade center in Sulaymaniyah", Tehran Times, 15.09.2021

20- "New consulate will be a tangible sign of US commitment to Kurdistan Region: Consul General", Rudaw, 23.09.2021

# پێگەی ئێران لە ئایندەی جیۆپۆلەتیکیی وزەی عێراقدا(١)

**عەلی ئادەمی**
**مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی عەللامەی تەباتەبایی - تاران**

**مورتەزا شوکری**
**توێژەری پۆست-دکتۆرای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی عەللامەی تەباتەبایی - تاران**

**وەرگێڕان: موجاهید وەهاب**

**سەرچاوە: وەرزنامەی ئەکادیمیی پەیوەندییە دەرەکییەکان، ساڵی سیانزەیەم، ژمارەی چوار، زستانی ٢٠٢٢**




(١) بە هۆی کەمی بواری دابەزاندنی سەرجەمی توێژینەوەکە لەم ژمارەیەدا، بەشێك لە توێژینەوەکە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هاوکات لە ڕووی چەمکە بەکارهێنراوە سیاسیی و شوناسییەکانیشەوە، گوازشت لە دیدگای توێژەرەکانی بابەتەکە دەکەن، نەک ستافی گۆڤاری ئایندەناسی.

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە، لێکۆڵینەوەی جیۆپۆلەتیکیی وزەی عێراق و گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییە جیهانی و هەرێمییەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتەیە لە داهاتوودا. ئامانجی نووسەران، شیکردنەوەی ڕەوتە گرنگەکانە لەسەر پیشەسازیی وزەی عێراق بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی ڕوون لە داهاتووی جووڵە و کاریگەریی ئێران لە جیۆپۆلەتیکی وزە لەو وڵاتەیە. سیاسەتی عێراق لەسەر فرەچەشنیی بنەماکانی هاوردەکردنی وزە، پێشکەوتنی ژێرخانی وزە نوێبووەوەکان، فراوانکردنی وەبەرهێنانی دەرەکی و لە هەمان کاتدا ئابڵووقە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە نموونەی پرۆسە کاریگەرەکانی سەر بەرکەوتنی ئێرانە لە جیۆپۆلەتیکی وزەی عێراق. لەسەر ئەم بنەمایە، پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پرۆسە گەورەکانی سیاسی و ئابووریی کاریگەر لەسەر بازاڕی وزەی عێراق، چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئێران لە جیۆپۆلەتیکی وزەی ئەم وڵاتە دەبێت؟ نووسەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەردەوامیی ئەم پرۆسە سیاسی و ئابوورییانە لە ماوەیەکی کورتمەودادا دەبێتە هۆی ئەوەی سوودی تایبەتی جیۆپۆلەتیکی ئێران لە تۆڕی وزەی عێراق تووشی ئاڵنگاری بێت.

.........................

**کلیلەوشەکان: جیۆپۆلەتیکی وزە، عێراق، وزە نوێبووەوەکان، هێزە گەورەکان، سزاکان (ئابڵووقە، تحریم)**

.........................

**بەرایی**

عێراق لەگەڵ ئەوەی کە یەکێکە لە دیارترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و بە دووەم گەورەترین هەناردەکەری ڕێکخراوی ئۆپیک ئەژمار دەکرێت، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کارەبا ناچار بووە بە هاوردەکردنی کارەبا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان غاز بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا. دوای لادانی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣، لە کاتێکدا کە دراوسێ عەرەبەکانی عێراق بەتایبەت وڵاتانی کەنداو پەرێزیان لە هاوکاریی سیاسی یان ئابووری لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق گرت، کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیوەندییە سیاسی، ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتە پتەوتر کردەوە. باشتربوونی پەویوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە، ئیمتیازێکی تایبەت بووە لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە بۆ ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، سنووردارێتییەکانی ئەم پەیوەندییە کە لە ئەنجامی وابەستەبوون بە وزەی هاوردەکراو و فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر عێراق بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئێرانە، عێراقی ناچار کردووە کە لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەشوێن چەندێتیی هاوردەکردنی وزە یان پێشخستنی ژێرخانی پیشەسازیی وزەوە بێت.

دوای چەند دەیەیەک شەڕ و ئابڵوقە، عێراق شوێنپێی خۆی لەنێو گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوتی جیهان قایم کردووە.

وەبەرهێنانە دروستەکان لە بەشی وزە، بەرهەمی نەوتی عێراقی بۆ زیاتر لە ٤.٨ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠١٩ بەرز کردووەتەوە. بەغداد لەگەڵ هەندێک کۆمپانیای دەرەکی لە بواری نەوت لە بارەی ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان دانوستانی کردووە و عێراقی گەیاندووەتە لێواری بەرهەمهێنانی ٩ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە تا ساڵی ٢٠٢٠ کە نزیک دەبێـتەوە لە بەرهەمی ئێستای عەرەبستانی سعودی یان ڕووسیا. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) پێشبینیی کردووە کە تا کۆتایی ئەم دەیەیە، بەرهەمی نەوتی عێراق دەگاتە نزیکەی ٦ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە (Businessline, ٢٠١٩).

لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستەی وزەی پاک و نوێبووەوە، عێراقی خستووەتە سەر ڕێڕەوێکی دروستی جیۆپۆلەتیکی وزە. ئەم وڵاتە خەریکی بەرنامەڕێژییە بۆ بەکۆتاگەیاندنی پرۆژە نوێیەکانی وزەی خۆر (سۆلار) لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان بۆ پێشخستنی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە بۆ ٣٣٪ لە کۆی گشتیی وزە تا ساڵی ٢٠٣٠.


ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆکار بۆ ئێران کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کە سوودێکی تایبەتی لە جیۆپۆلەتیکی عێراق دەست کەوتووە، تووشی ئاڵنگاری لە سیستمی نوێی هەرێمی ببێتەوە. پرسیارەکە ئەمەیە کە پرۆسە گەورەکانی سیاسی و ئابووریی کاریگەر لەسەر بازاڕی وزەی عێراق، چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئێران لە داهاتووی جیۆپۆلەتیکی وزەی ئەم وڵاتە دەبێت؟ نووسەران هەوڵ دەدەن لەسەر بنەمای چوارچێوەی چەمکی جیۆپۆلەتیکی وزە، لێکۆڵینەوە لە پێگەی عێراق لە جیۆپۆلەتیکی جیهانی وزە دەکات، دواتر بە شیکردنەوەی ئاراستە فراوانەکان و گەڕان و بزووتنە زاڵەکان، دیدێکی ڕوون لە هەڵکەوتەی ئێران لە جیۆپۆلەتیکی وزەی عێراق تا ساڵی ٢٠٣٠ بخەنە ڕوو.

## جیۆپۆلەتیکی وزەی عێراق و گرنگیی بۆ ئێران

عێراق لەدوای سعودیە، دووەمین بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی خاو لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت (ئۆپیک)ە. ئەم وڵاتە خاوەنی پێنجەمین گەنجینەی گەورەی سەلمێنراوی نەوتی خاوە لە جیهان کە ١٤٥ ملیار بەرمیلە، کە دەکاتە ١٧٪ی گەنجینەی سەلمێنراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ٨٪ لە گەنجینەی گشتیی جیهان (Oil& Gas Jurnal, ٢٠٢٠) . زۆرترین کێڵگە سەرەکییە ناسراوەکانی عێراق (کە هەموویان کەوتوونەتە وشکانییەوە)، لە حاڵەتی بەرهەم یان لە قۆناغی کارکردن بۆ بەرهەمهێنانن. بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق لە ساڵی

٢٠١٣ تاوەکو ٢٠١٩، نزیکەی ٣٠٠٠٠٠ بەرمیلی ڕۆژانە گەشەی کردووە و ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەم وڵاتەدا بە شێوەی بە تێکڕایی لە ساڵی ٢٠١٩، ٤.٧ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە بووە. پێشبینی دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق تا ساڵی ٢٠٣٠ نزیکەی ١.٣ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە گەشە دەکات و ئەم وڵاتە دوای ئەمەریکا و بەڕازیل، سێیەمین گەورە سەرچاوەی نەوت لە ئاستی جیهاندا دەبێت (International Energy Agency, ٢٠١٩) .

هەناردەکردنی نەوتی خاو ٩١٪ لە کۆی گشتیی داهاتەکانی وڵاتی عێراقی لەخۆ گرتووە (International Monetary Fund, ٢٠١٩). هەر چەند عێراق وەبەرهێنەرێکی دیاری نەوت و دووەم گەورەترین هەناردەکەری ئۆپیکە، بەڵام نەبوونی توانای خۆبژێوی لە سووتەمەنیی بەکارهێن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، توانای ئەم وڵاتەی لە ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی کارەبا و وزە کەم کردووەتەوە. عێراق ناچارە بۆ کارپێکردنی مۆلیدەکانی کارەبا،




چارتی ١. پێنج وڵاتی یەکەم لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت (٢٠١٨-٢٠٣٠)

ئابووریی عێراق پەیوەندییەکی زۆری بە داهاتی هەناردەی نەوتی خاوەوە هەیە. بە پێی ڕاگەیەنراوی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو(IMF)، لە ساڵی ٢٠١٨ داهاتی

غازی پێویست لە دەرەوە و بەتایبەت لە ئێران هاوردە بکات.

بە شێوەی گشتی عێراق لەبەر دوو هۆکار بۆ ئێران گرنگە: یەکەم، ئەو ڕۆڵەیە کە ئەم

وڵاتە لە پاراستنی ئاسایشی ئێران دەیگێڕێت. هەوڵەکانی ئێران بۆ سەپاندنی ئاسایش لە عێراق لەسەر بنەمای زۆرێک لە واقیعە بنەڕەتییەکانی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە. گۆڕانکارییە نوێیەکانی دەرەنجامی هێرشی ئەمەریکا بۆ عێراق و پێشهاتەکانی، ئێرانی ناچار کرد کە ئاسایشی خۆی پتەوتر بکات و هاوکارییەکی سیاسیی بەهێز لەگەڵ حکومەتی نوێی دراوسێ دروست بکات. هەبوونی پەیوەندییەکی سیاسی-ستراتیژی لەگەڵ حکومەتێکی دۆستی شیعە، دەتوانێت یارمەتیی ئێران بدات تا لە ئەنجامەکانی مانەوەی درێژمەودای ئەمەریکا لە عێراق بیپارێزێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڕەشانەی کە بە هۆکاری بارودۆخی نێوخۆیی عێراق و شەڕی دەسەڵات لە ئێستادا (ئەگەری هەڵوەشانەوە، شەڕی نێوخۆیی، کێبەرکێی باڵەکان و... هتد) سەرچاوە دەگرن، دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبێت. بە سەرنجدان لەوەی ئێران خاوەنی پەیوەندییەکی زۆر باش لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئەکتەرەکانی تری ناوچەکە وەکوو سعودیە و میسرِ بە بەراورد لەگەڵ عێراق نییە، دەبێت لە کاریگەرییەکانی ئەم بەریەککەوتنانە هۆشیار بێت.

هۆکاری دووەم، دروستکردنی دەرفەتە ئابوورییەکانە کە عێراق دەتوانێت بۆ ئێران هەیبێت. ئەم هۆکارە لەسەر دوو بنەما وەستاوە؛ یەکەم، عێراق لەدوای سەددام دەتوانێت هەندێک دەرفەت بۆ ئێران دروست بکات کە بە شێوەیەکی چالاک بتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دروست بکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی تایبەت لە دروستکردنی سەقامگیری لە عێراقی نوێدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە. دووەم، بارودۆخێکی نوێ دەرفەتی تایبەتی خستووەتە بەردەم بڕیاردرانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران تا لە گەیشتن بە بەشێک لە ئامانجە ئابوورییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی فشارە ئابوورییەکان کە دەرەنجامی سزاکانی ئەمەریکایە، هاوکاری بکات.

لە بواری ئابووریدا عێراق بەردەوام بازاڕێکی باش بۆ بازرگانە ئێرانییەکان بووە، بەڵام ئەوەی گرنگیی ئابووریی عێراق بۆ ئێران بەرجەستە دەکات، پێویستی و وابەستەبوونی ئەو وڵاتە بە غازی ئێرانە. بە پێی بەرنامەی دیدگای ٢٠ ساڵە (چشم انداز ٢٠ ساله)، ئێران دەبێت تا ساڵی ٢٠٢٥ هەموو ژێرخانە پێویستەکانی بۆ بوون بە جەمسەرێکی کارەبای ناوچەیی ئامادە بکات. عێراق گەورەترین هاوردەکەری کارەبای ئێرانە. هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێککەوتننامەیەکیان لەسەر هەناردەکردنی کارەبای ئێران بۆ عێراق واژۆ کرد. عێراق پێویستی بە ٢٦ مێگاوات کارەبا هەیە، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی تەنیا ١٩ بۆ ٢١ هەزار مێگاوات هەیە. نزیکەی یەک لەسەر سێی (٢٦٪) کارەبا و غازی پێویستیی عێراق،

لە ئێرانەوە بۆ ئەو وڵاتە هەناردە دەکرێت ((Tehran Times, ٢٠١٩.

ئێران بازاڕی عێراق بە گرنگترین دەرفەت بۆ هەناسەدانی ئابووری لەم بارودۆخە قورسەی سزاکانی سەر ئەو وڵاتە دادەنێت. عێراق لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ١٣٥ ترلیۆن مەتر سێجا لە گەنجینەی سەرچاوەی سروشتیی سەلمێنراوی غازی سروشتییە و دوانزەیەمین گەورە گەنجینەی جیهانە، بە هۆی نەبوونی بۆری و ژێرخانی پێویست، بەشێکی گەورە لە غازەکەی سوودی لێ وەرناگیرێت و دەسووتێت. دوای ڕووسیا، عێراق زیاتر لە هەر وڵاتێکی تری جیهان غازی سووتاوی هەیە. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٧، عێراق نزیکەی ٦٢٩ پێی سێجا غازی سروشتیی سووتاند (٢٠١٨ National Centers for Environmental Information, . لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم وڵاتە ٣٨١.٣٩ ملیار پێی سێجا (١٠.٨ ملیار مەتر سێجا) غازی سروشتیی بەرهەم هێناوە، لە کاتێکدا ڕێژەی بەکاربردنی نزیکەی ٧٠٢.٧٦ ملیار پێی سێجا (١٩.٩ لیار مەتر سێجا) بووە. لەم برە، تەنیا بەشێکی بچووکی بۆ دروستکردنی کارەبا سوودی لێ وەرگیراوە(BP, BP Statistical Review). لەسەر ئەم بنەمایە، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ چەند ڕێککەوتننامەیەکی بۆ هاوردەکردنی کارەبای ئێران واژۆ کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٩، هەردوو وڵات ڕێککەوتننامەیەکیان بۆ وەرگرتنی هەناردەی غازی ئێران واژۆ کرد. بە پێی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە، ئێران پابەند بوو کە ڕۆژانە ٧١ بۆ ٨٨ ملیۆن پێی سێجا (٢٠-٢٥ ملیۆن مەتر سێجا) غازی سروشتی هەناردە بکات. عێراق دوای ڕێککەوتننامەکانی ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ کە لە بەشەکانی تری توێژینەوەکە ئاماژەی پێ دەکرێت، بە شێوەیەکی فەرمی بووە هاوردەکەری غازی سروشتیی ئێران بۆ دروستکردنی کارەبا و لە ئێستادا کڕیاری سەرەکیی کارەبای ئێرانە. ئەم وڵاتە نزیکەی ٤٠٪ لە غازی هاوردەکراو لە ئێران بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە وێستگەکانی دروستکردنی کارەبا بەکار دەهێنێت و بۆ قەرەبووی کورتهێنان نزیکەی ١٤٠٠ مێگاوات کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات ((Shokri Kalehsar, ٢٠٢٠ . بابەتێک کە تەنانەت لەگەڵ بوونی فشارەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی ترامپدا نەیتوانی وابەستەبوونی عێراق بە غازی ئێران کەم بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پرۆسە لە جیۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتە لە حاڵەتی دروستبووندان، کە لەوانەیە داهاتووی کاریگەریی ئێران لە بازاڕی وزەی عێراق سنووردار بکات.

## شرۆڤەی ڕەوتە زاڵەکانی سەر بازاڕی وزەی عێراق

لە بازاڕی وزەی عێراق، هەندێک پرۆسە لە حاڵەتی دروستبووندان کە دەتوانن داهاتووی کاریگەربوونی ئێران بخەنە مەترسییەوە. فراوانبوونی هاوکاریی ناوچەییەکان، زیادبوونی ئامادەبوونی هێزە گەورەکان لە پیشەسازیی

وزەی عێراق و وەبەرهێنانەکانی ئەم وڵاتە لە بواری وزەی نوێبووەوە؛ لە نموونەی ئەم پرۆسانەن کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر داهاتووی جیۆپۆلەتیکی وزەی ئەم وڵاتە هەیە.

### داڕشتنی ستراتیژی بەرزەفڕانەی وزە

وەک ئاماژەی پێکرا دیدی ئابووریی عێراق زۆر پەیوەستە بە پێشخستنی بەشی وزەی ئەم وڵاتە، چونکە ٩٨٪ی کۆی گشتیی هەناردە و ٩٦٪ی داهاتی بودجە لەم بەشەوە دابین دەبێت (Saadi & Gordon, ٢٠٢٠p, ٨). عێراق بە پاڵپشتیی سندووقی ئەمانەتی عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی بانکی جیهانییە، "ستراتیژی یەکپارچەیی نەتەوەیی وزە"ی (Integrated National Energy Strategy) خۆی لە ساڵی ٢٠١٤ داڕشتووە. ئەم ستراتیژە پلانەکانی چاککردن و وەبەرهێنانی زیاتر لە ٦٠٠ ملیار دۆلار لە بەشی نەوت، غاز و کارەبا و بابەتە پەیوەندیدارەکان ڕادەگەیەنێت. بە شێوەیەک کە تا ساڵی ٢٠٣٠، تا ٦ ترلیۆن دۆلار داهاتی گشتی و ١٠ ملیۆن هەلی کار لە ئابووریی عێراقدا پێشبینی دەکرێت. ئەم ستراتیژە ٦٠٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە بەشی وزە و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە "بەهای زیادکراو" وەکوو پترۆکیمیایی، سەماد، ئاسن و بەرهەمهێنانی ئەلەمنیۆم پێشبینی دەکات.

هەروەها چاکسازی و گەشەی ناوەندەکانی بەشی وزە و زیادبوونی بەشداریی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لە بەشی وزەی عێراق و پیشەسازییە پەیوەستەکان، لە ئامانجەکانی ئەم ستراتیژە ئەژمار دەکرێن (Iraq's ٢٠١٤, Integrated National Energy Strategy). بێگومان گەیشتن بەم ئامانجانە، پێشهاتی جیۆپۆلەتیکی کاریگەری بۆ عێراق و هەروەها ئێران دەبێت کە بەشێکی گەورەی پێداویستییەکانی ئەم وڵاتە دابین دەکات.

### فراوانبوونی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە

عێراق لەم ساڵانەی کۆتاییدا لەژێر فشارەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی چەند جۆر کردن لە بنەماکانی دابینکردنی وزە و کارەبا و گەیشتن بە سەربەخۆیی وزە، هەوڵ دەدات پەیوەندییە ناوچەییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا برەو پێ بدات تا پەیوەستبوونی خۆی بە هاوردەکردنی کارەبای ئێران کەم بکاتەوە. لە ساڵی ٢٠١٩، عێراق یەکەمین ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنی کارەبای لەگەڵ ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو بۆ هێڵێکی کارەبای ٣٠٠ کیلۆمەتری واژۆ کرد. ئەم ڕێککەوتننامە ڕێگە بە عێراق دەدات کە ٥٠٠ مێگاوات کارەبا لە کوەیتەوە بۆ بەندەری فاوی باشوور هاوردە بکات (Middle East Monitor, ٢٠١٩). بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەردوو لا پابەند بوون بەوەی ژێرخانی پێویست لە سنوورەکان ئەنجام بدەن. عێراق ژێرخانی تایبەت بە خۆی لە مانگی یەکی ساڵی

٢٠٢٠ تەواو کرد (NAS News ,٢٠٢٠ ).

عێراق هەروەها بەجیا گفتوگۆی لەگەڵ سعودیە کرد تا کارەبا نەک تەنها بۆ بەغداد، بەڵکوو بۆ بەشی باکووری عێراق وەکوو ڕێڕەوێک بۆ وڵاتانی تر هاوردە بکات. کۆمپانیای ئەکواپاوەر (ACWA Power)ی سعودی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وزەی بەکارهاتووی لە عێراق دەست پێ کردووە. هاوکاریی عێراق لەگەڵ سعودیە لە قۆناغەکانی سەرەتادایە و لەم نێوەندەدا هەندێک کۆبوونەوە لە ئاستی باڵادا بەڕێوە چووە کە تیایدا سعودیە پابەند بووە بە وەبەرهێنانی ١٠٠ ملیار دۆلاری لە عێراق و نۆژەنکردنەوەی شارە سوننەنشینەکانی وەک فەلوجە، ڕومادی، تکریت و موسڵ. سعودیە لە هەوڵدایە هێڵی بۆری هەناردەی نەوتی عێراق دووبارە چالاک بکاتەوە و لە وەبەرهێنان لە ژێرخانەکان و بەشەکانی وزەی چەندین وڵات بۆ زیاترکردنی دەستڕۆیشتوویی سیاسیی خۆی لە عێراق سوود وەربگرێت تا ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. ئەم هەنگاوەی سعودیە کە وەکوو ڕێگایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق ناو دەبرێت، وا دێتە پێش چاو بەو هێزە داراییە گەورەیەی کە ئەو وڵاتە لەبەر دەستیدایە، بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە عێراقی دوای داعش بگێڕێت (Shokri Kalehsar ,٢٠١٩ ).

لەگەڵ ئەوەشدا عێراق لەگەڵ کۆمپانیای ئیسداری ئیماراتی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی سۆلار لە گفتوگۆدایە کە ئامانجی زیادکردنی کارەبای ئەو وڵاتە تا ٢ گێگاواتە. کۆمپانیای وزە پاکەکانی میسدار، کۆمپانیایەکی گەشەپێدەر و جێبەجێکاری پڕۆژەکانی وزەی بەکارهاتووە، پڕۆژەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاوێژکاری خزمەتگوزاریی وزەیە.

هەروەها کوەیت لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە خەریکی پلاندانانن بۆ کردنەوەی گەورەترین تێرمیناڵی وەرگرتنی ئێل ئێن جی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مارچی ساڵی ٢٠٢١دا. پێشبینی دەکرێت تێرمیناڵی ئەلزور ساڵانە ٢٢ ملیۆن تەن ئێل ئێن جی وەربگرێت کە توانای ناوچەکە دوو هێندە دەکات (Bloomberg ,٢٠٢٠ ). هەروەها کوەیت بۆ پشتیوانیی ئابووری لە عێراق ڕۆڵێی گرنگی لە دانیشتنەکانی ڕێککەوتنی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی نێوان بەغداد و کارگێڕیی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی کەنداو بۆ هێڵی گواستنەوەی سپۆنسەرکراو لەلایەن ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو گێڕا کە ٥٠٠ مێگاوات کارەبای لە کاتژمێرێکدا لە ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو بۆ بەندری فاو دابین دەکرد کە لە کوەیت تێدەپەڕێت (Occhiuto ,٢٠٢٠ ).

هەر چەندە سەرچاوەی پێویستی غازی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو وەکوو جێگرەوەی سەرچاوەکانی ئێران بۆ عێراق دڵنیا نییە، بەڵام ئەگەر وڵاتانی ئەنجوومەنی

هاوکاری ئامرازەکانی هاوردەی ئێڵ ئێن جی فراوان بکەن، درزی دابینکردنی غازی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو دەتوانێت بە ئەگەرێکی زۆر لە زەمەنێکی نێوەندمەودا و درێژمەودادا کەم بێتەوە.

جگە لە وڵاتای عەرەبی، پەیوەندی لەگەڵ تورکیاش گەشە دەکات. بە سەرنجدان لە دۆخی خراپی ئابووریی عێراق، تورکیا خۆی وەکوو دەروازەیەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە بۆ ئەورووپا ناساندووە. لەسەر ئەم بنەمایە، تورکیا هێڵێکی بۆریی گواستنەوەی دروست کردووە کە لە کەرکووکەوە تا بەندەری جەیهانی تورکی درێژ دەبێتەوە و ئێستاکە نزیکەی ٢٥٪ لە هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لەئەستۆ گرتووە (Khafaji٢٠٢١, ). ئەمە لە کاتێکدایە کە بازاڕەکانی عێراق پێش کشانەوەی دۆناڵد ترەمپ لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە مانگی مەیی ساڵی ٢٠١٨، تا ئاستێکی زۆر لە کۆنترۆڵی ئێراندا بوو و ئەمەش ڕێگای بۆ ئێران خۆش کردبوو کە سووڕانەوە بەدەوری هەندێک لە سزاکانی بکات. بەم حاڵەوە، لەو کاتەوە بازاڕەکان لە ئێران دوور دەکەونەوە و لە بەرانبەردا بە شێوەیەکی گەشەسێنەر لەژێر کۆنترۆڵی دوو ڕکابەری تری ناوچەکە واتە تورکیادان.

لەوانەیە گرنگترین ڕووەکانی هاوکارییە ناوچەییەکانی لە پرۆژەی شام جیددی ببینرێن. شوێنێک کە عێراق هەوڵ دەدات هاوکارییەکانی وزەی خۆی لەگەڵ وڵاتانی میسڕ و ئەردەن پتەوتر بکات. بە پێی پرۆژەی "شام جدید"، جۆرێک لە یەکگرتنی ئابووریی فراوان لەنێوان هەرسێ وڵاتی عێراق، میسڕ و ئەردەن دروست دەبێت. بە پێی پرۆژەکە، هێڵێکی بۆریی گواستنەوەی نەوت لە بەندەری بەسڕە لە باکووری عێراق تا بەندەری "العوقبە" لە ئەردەن و دواتر میسڕ دروست دەکرێت. ئەم پرۆژەیە جەخت لەسەر توخمە تەواوکەرەکان واتە نەوت، وزە، گواستنەوە، بازرگانیی کەلوپەل و هێزی کار دەکاتەوە. هێڵێکی بۆریی نەوت لە بەندەری بەسڕە لە باکووری عێراق تا بەندەری عوقبە لە ئەردەن و دواتر تا میسڕ درێژ دەبێتەوە. لە کاتێکدا کە ئەردەن نەوتی عێراق بە نرخێکی کەمتر لە نرخی نێودەوڵەتی وەردەگرێت، جگە لە خەرجییەکانی ترانزێت، میسڕ لە پاڵاوتنی بەشێک لە نەوتی عێراق لە وڵاتەکەیدا سوودمەند دەبێت. لە لایەکی ترەوە عێراق کارەبا لە میسڕەوە هاوردە دەکات و هەروەها دەتوانێت لە پسپۆڕیی میسڕ لە ڕێڕەوەکانی نۆژەنکردنەوە سوود وەربگرێت. بە سەرنجدان لە تواناییەکانی ئەردەن لەم بوارەدا، لە هێزی ئەو وڵاتە لە بواری گواستنەوەدا سوود وەردەگیرێت. هەروەها کاڵاکان لە ئەردەن و میسڕەوە هەناردەی عێراق دەکرێن.

پرۆژەی "شام جدید" بڕیارە لە دوو قۆناغدا پێش بکەوێت کە قۆناغی یەکەم پەیوەندیی

میسر لەگەڵ ئەردەن زیاد دەکات و قۆناغی دووەم بریتی دەبێت لە فراوانکردنی ٣٠٠ کیلۆمەتر هێڵی بۆریی گواستنەوە لە ئەردەنەوە بۆ عێراق. خەرجییەکانی هەموو پرۆژەکە بە ٢.٢ ملیار دۆلار خەمڵێنراوە. ئەمەش دەرفەت دەداتە عێراق ٧٠٠ مێگاوات کارەبای میسر لە ڕێی ئەردەنەوە هاوردە بکات (Energy٢٠٢١ & Utilities, ).

پێویستە بوترێت میسر لە کاتی ئێستادا بەشێک لە کارەبا بۆ وڵاتانی کەنداو هەناردە دەکات. ئەم وڵاتە بە سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنان لە پرۆژە گەورەکانی وزە نوێبووەکان، لە ئێستادا یەکێک لە سەرەکیترین وڵاتانی بەرهەمێنەری وزە نوێبووەکان لە باکووری ئەفەریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵات (مینا)یە. توانایی ئەم وڵاتە زیاتر لە بەشی وزەی هەوا و سۆلارە. بە پێی پێشبینییەکانی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی وزەی خۆر ((The International Solar Energy Society (ISES))، ئامانجی میسر ئەوەیە کە تا ساڵی ٢٠٢٢ بەشی وزە نوێبووەکان لە بەرهەمهێنانی کارەبا تا ٢٠٪ بەرز بکاتەوە و ئەم ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠٣٥ بگەیەنێتە ٤٢٪ (٢٠١٨, ٣ .egypt) Renewable

ئەم پرۆژەیە ڕێگریی زۆری بۆ ئێران دروست کرد، چونکە ئەم یەکگرتنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ عێراق لە سیستمی عەرەبییەوە نزیک دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق خۆی لە بلۆکێکی نوێی عەرەبی خۆی ببینێتەوە کە لەو ڕێیەوە بتوانێت لە سیستمی عەرەبیدا کاریگەرتر بێت. ئەنجامەکەشی کشانەوەی یەکێک لە پایەکانی پرۆژەی ستراتیژیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و دروستبوونی درزێکی گەورە لە ستراتیژی ناوچەیی وڵاتەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم یەکگرتنە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران بازاڕی عێراق کە تاکە ڕێی هەناردەی بەرهەمەکانی ئێرانە، لەدەست بدات. قەبارەی هاوردەی عێراق لە ئێران نزیکەی ١٢ ملیار دۆلارە و سەنگی بازرگانی بە ١٠٠٪ بە سوودی ئێران دەشکێتەوە (The Emirates٢٠٢٠ Policy Center, ). کەواتە دوورە کە ئێران لەدەستدانی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراق قبووڵ بکات و پێشنیاری ئەوە دەداتە نوێنەرەکانی خۆی لەو وڵاتە کە ئەم یەکگرتنە بەشێکە لە پیلانەکانی کەنداو و ئەمەریکا. لە هەموو ڕێگاکان بۆ دروستکردنی ڕێگری لە ڕێڕەوەکانی یەکگرتن وەک ناسەقامگیرکردنی عێراق، سوود وەردەگرێت.

## هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بە ئامانجی گەشەی بەرهەمهێنان

توانای بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ئێستادا ٥ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەیە و ئامانجی گەیشتنە بە توانای بەرهەمی ٧ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە و وەستاندنی بەفیڕۆچوونی غازی گڕگرتوو و هاوردەکردنی

غاز لە ئێرانەوە تا ساڵی (٢٠١٥)یە. ئەم وڵاتە هەروەها نزیکەی ٨٠٪ی کۆی پڕۆژە غازییەکانی کە یارمەتیی کەمکردنەوەی سووتانی غازی هاوردەکراو لە ئێرانەوە دەدات، خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە (Saadi & Jumaat٢٠٢٠, ). وەک ئەوەی لە چارتی ژمارە ٣ نیشان دراوە، لە ئەنجامی گەشەی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز، بەرهەمهێنانی کارەبای عێراق لە دەیەی کۆتاییدا زیادی کردووە. هەر چەندە بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ماوەدای ساڵەکانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٨، بە هۆی شەڕی داعشەوە لە حاڵەتی دابەزین بوو.

لەدوای "بەرنامەی اقدام سریع"، وەزیری ئێستای کارەبا، لوئەی ئەلخەتیب، کە باس لە زیندووکردنەوەی پڕۆژە وەستاوەکانی کارەبا بە ئاسانکاریکردنی پێویستییەکانی ڕێککەوتنامەکان و گۆڕینی سەرنجی کۆمپانیا ناوچەییەکان بۆ بەرنامەکانی نۆژەنکردنەوە و سەرپەرشتی لە ساڵی ٢٠١٩ دەکرد، بازدانێکی گەورە لە بەرهەمهێنانی کارەبای عێراق ڕووی دا. بە شێوەیەک کە بووە هۆی گەشەی ساڵانەی ٢٠٪، بە بەراورد بە ماوە هاوشێوەکەی ساڵی ٢٠١٨ (Saadi & Jumaat٢٠٢٠, )، واتە کاتێک کە نارەزاییە توندوتیژەکان لە ناوچەکانی باشوور دروست بوو. هەروەها کارەبای تۆڕی




ڕێژەی بەرهەمهێنانی ساڵانەی کارەبای عێراق ٢٠١٩-٢٠٠٣

سەرچاوە : (Mills & Salman,2020. P.7)

نیشتمانی بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستی داعش، بۆ یەکەم جار دوای پچڕانی ٥ ساڵەی، کەوتەوە کار.

"پڕۆژەی غازی الرتاوی"(Ar Ratawi project)، گەورەترین پڕۆژەی غازی ئەم وڵاتە کە بە هۆی کەمیی بودجەوە دوا خرابوو، لە سەرەتادا ٣٠٠ ملیۆن پێی سێجای ڕۆژانە بەرهەم دەهێنێت و لە کۆتاییدا دەگاتە یەک ملیار پێی سێجا کە دەتوانێت ١.٢ گێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت. ئەم پڕۆژە غازییە کە وەکوو بەشێک لە مامەڵەی وزەی ٨ ملیار دۆلاری کە ئەنجامی ڕێککەوتنامەی کۆمپانیای ئەمەریکیی هۆنی وێل(Honeywell) و وەزارەتی نەوتی عێراقە، توانایی ئەوە بە عێراق دەبەخشێت کە پرۆسەی بەرهەمێنانی خۆی گەشە پێ بدات و ئامانجی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی نێوخۆیی وەک جێگرەوەی هاوردەکردنی غاز لە ئێرانەوەیە. عێراق لەژێر فشاری ئەمەریکادایە تا هاوردەکردنی کارەبا و غاز لە ئێرانەوە بپچڕێنێت کە بە هۆی کەمیی کارەبا و بەردەستنەبوونی تەکنەلۆژیای ڕێگری لە سووتانی غازی فلۆرین(Fluorine) لە عێراق و سووتانی غازی پەیوەست پێیەوە پێویستە، ئەم ڕێگرییەش بە هۆی پابەندبوونی ئەو وڵاتە بە کەمکردنەوەی بەرهەمی ئۆپیک پلەس، سنووردارێتیی بەرهەمهێنانی هەیە. بە پێی توێژینەوەی بانکی جیهانی لە مانگی جون بڵاو کرایەوە، لەدوای ڕووسیا، عێراق بە ١٨ ملیار مەتر سێجا لە ساڵی ٢٠١٩ زۆرترین ڕێژەی غازی لە جیهاندا دەسووتێنێت (Saadi & ٢٠٢٠Jumaat,).

عێراق بە ئامانجی زیادکردنی بەرهەمی نەوت و غاز، لە سێپتەمبەری ٢٠٢١ ڕێککەوتنامەیەکی بە بەهای ٢٧ ملیار دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای تۆتاڵ واژۆ کرد. ئەم ڕێککەوتنامەیە چوار پڕۆژەی وزەی گەورە لە باشووری عێراق لەخۆ دەگرێت. بە وتەی ئیحسان عەبدولجەبار؛ وەزیری نەوتی عێراق، قۆناغی یەکەم بریتییە لە وەبەرهێنانی ٣ ملیار دۆلاری لەلایەن گرووپی فەڕەنسیی تۆتاڵ لە پڕۆژەی گەیاندنی ئاوی دەریا بۆ کێڵگە نەوتییەکان بە مەبەستی باشترکردنی پرۆسەی دەرهێنانە. تۆتاڵ بۆ دروستکردنی کارگەیەکی پاڵاوتن بۆ ئەو غازەی کە لە (کێڵگەکانی باشوور، قەرنەی ڕۆژئاوا٢، مجنون، الرتاوی، توبی و لوهیس) بەرهەم دێت، دوو ملیار دۆلار دابین دەکات. چاوەڕوان دەکرێت ئەم پڕۆژەیە ٣٠٠ ملیۆن پێی سێجا لە ڕۆژێکدا غاز بەرهەم بهێنێت و لە قۆناغی دووەم گەشەی بەرهەمهێنانی بگاتە دوو هێندە. غازی بەرهەمهێنراو لە پڕۆژەی توتاڵ لە باشووری عێراق یارمەتیی ئەو وڵاتە دەدات کە هاوردەکردنی غاز لە ئێرانەوە ڕابگرێت، لەبەر ئەوەی غازێک لە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت، لە غازی ئێران هەرزانتر دەبێت. لە کاتێکدا کە خەرجیی هاوردەکردنی غاز لە ئێرانەوە

نزیکەی ٨ دۆلارە بۆ هەر ملیۆنێک یەکەی "Btu " و غازێك کە لە پرۆژەی تۆتاڵ بەرهەم دەهێنرێت یەک دۆلار و نیو بۆ هەر یەک ملیۆن "Btu" هەرزانتر دەکەوێت (خبرگزاری ایسنا، ١٤٠٠).

لە پەراوێزی دیداری مستەفا کازمی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوێک، دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی هاوکارییەکان و فراوانکردنی شەراکەتی ئابووری لەنێوان عێراق و ئەمەریکای ڕاگەیاند. پێنج کۆمپانیای ئەمەریکیی وەکوو چیڤرۆن (Chevron)، هۆنی وێل، بەیکر هاگز (Baker Hughes)، جەنەراڵ ئەلکتریک(General Electric) و ستیلار ئینێرجی(Stellar Energy) لە هاوینی ٢٠٢٠ بە ئامانجی بەهێزترکردنی سەربەخۆیی وزەی عێراق لە ئێران، چەند ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانیی بە بەهای ٨ ملیار دۆلاری لەگەڵ وەزیرەکانی نەوت و وزەی عێراق واژۆ کرد (Reuters٢٠٢٠, ).

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا و چین لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی چالاک لە بازاڕی وزەی عێراق ئامادە بوون. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠، بەرپرسانی ڕووسیا ڕایانگەیاند کە ٢٠ ملیار دۆلار پرۆژەی دەرهێنانی هایدرۆکاربۆن لە داهاتوویەکی نزیکدا کە بریتین لە زارۆبژنەفت (Zarubezhneft)، تات نەفت(Tatneft) و ناوەندە نەوتی و غازییەکانی پەیوەست بە ڕووس نەفت، وەبەرهێنان بکەن. گازپرۆم و هاوبەشەکانیشی، وەبەرهێنانی ٢.٥ ملیار دۆلاری لە باکووری عێراق ئەنجام داوە. دێوەزمەی وزەی حکومیی ڕووسیا، ٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەکانی سەرقەڵا لە گەرمیان بەرهەم دەهێنێت و چەندین پرۆژەی پشکنینی لە کێڵگەکانی هەڵەبجە و شنگال دامەزراندووە. دەبێت سەرنج بدرێت بوونی ڕووسیا لە عێراق لەم ساڵانەی کۆتاییدا خێرایی پێ بەخشرا، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٤ کە بەغداد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پێویستی بە هاوکاری بوو و واشنتۆن هاوکارییە سەربازییە پێویستەکانی دوا خست.

لە ساڵی ٢٠١٦، یەکێک لە گەورەترین وەفدەکانی ڕووسیا بۆ قسەکردن لەسەر زیادکردنی هاوکارییە ئەمنییەکان بەرەو عێراق هات، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتری وزە لەگەڵ مامەڵەی چەک ئەنجام دەدرا. لە ساڵی ٢٠١٧، ڕووس نەفت ٣.٥ ملیار دۆلار قەرزی دا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە سەرەتاکانی مانگی مەیی ٢٠٢٠، باڵوێزی ڕووسیا لە عێراق، ماکسیم ماکسیمۆف، ڕایگەیاند کە کێڵگەی غازی "المنێوریە" لە دیالە دەبێتە ئامانجی وەبەرهێنانێکی دیار (Kurdistan Conflict and Crisis Research Cente, ٢٠٢١).

هێڵی بۆری بەو پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییانەی کە هەیانە، بە هێزی جووڵێنەری

بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی وزەی عێراق ئەژمار دەکرێن. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٨، ڕووس نەفت زۆربەی پشکەکانی هێڵی بۆریی گواستنەوەی نەوتی کوردستانیی عێراقی بۆ تورکیای کڕییەوە و ڕێک کەوت کە بۆرییەکی گواستنەوەی غاز هاوتەریبی ئەو هێڵە دروست بکات (TRT World ,٢٠٢٠ ).

هەروەها کۆمپانیا نەوتییەکانی چین بەشدارییەکی چالاکیان لە پڕۆژە نەوتییەکانی عێراقدا هەیە، لە سێپتەمبەری ٢٠٢٠ عادل عەبدولمەهدی؛ سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بەرەو پەکین سەفەری کرد و لەگەڵ سەرۆککۆماری چین کۆ بوویەوە، لە پەراوێزی ئەم دیدارەدا هەردوو لا لەسەر بەرزکردنەوەی قەبارەی بازرگانی تا ٣٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا کۆک بوون. لەم دیدارەدا چین پلانی خۆی بۆ وەبەرهێنانی ٢٠ ملیار دۆلاری لە عێراق خستە ڕوو. بە وتەی عەبدولمەهدی، هەناردەکردنی ڕۆژانەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە عێراقەوە بۆ چین دەتوانێت چوارچێوەیەکی دارایی پێویست بۆ دابینکردنی بودجەی پڕۆژە گەورە ژێرخانییەکان دروست بکات. چین دەیەوێت لە ژێرخانی عێراقی لە پڕۆژەی "یەك ڕێگا، یەك پشتێنە" سوود وەربگرێت. هەروەها لە ئێستادا کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا وەک لوک ئۆیڵ، گازپرۆم، بە واژۆکردنی ڕێککەوتنی درێژمەودا لە عێراقدا بوونیان هەیە (شکری، ١٣٩).

هەروەها پلانی نێوەندمەودای عێراق ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٣٠ ڕۆژانە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت (Thehindubusinessline ,٢٠١٩ )، زیادبوونی بەرهەمی نەوتی عێراق لە بەرژەوەندیی ئێران و وڵاتانی تری بەرهەمهێنەری نەوت نییە، هەر چەند بە هۆی سزاکانی ئەمەریکا، ئێران توانای زیادکردنی بەرهەمی نییە، بەڵام لە ئەگەری نەمانی سزاکانیش، ئەرکێکی ئاسانی بۆ وەرگرتنەوەی بەشی خۆی لە بازاڕی ناوچەکەدا نابێت.

**وەبەرهێنان لە وزە نوێبووەوەکان**

عێراق بە ئامانجی چەندێتیکردنی سەرچاوەی وزە و کەمکردنەوەی وابەستەبوون بە سەرچاوەی دەرەکی، پلانێکی جیاواز و ئامانجداری دەست پێ کردووە، کە بە پێی ئەو پلانە ئەم وڵاتە دەتوانێت ١٠٪ لە پێداویستییەکانی وزەی خۆی تا ساڵی ٢٠٢٨ لە ڕێی وێستگەکانی سۆلار و با و بایۆماس دابین بکات. وەبەرهێنانی دیاریکراو بۆ ئەم بابەتە، زیاتر لە ٥٠ ملیار دۆلارە. عێراق بەو توانا زۆرەی کە لە بواری وزەی هەتاو و با هەیەتی، دەتوانێت بە دوور لە وابەستەبوونی بە سووتەمەنیی بەبەردبوو لە دەیەی داهاتوو بەرهەمی وزەی کارەبای خۆی فراوان بکات. چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٨، توانای دامەزراو بۆ وێستگەکانی وزەی خۆر لەم

وڵاتە ٥ گێگاوات و توانای دامەزراو بۆ وزەی با نزیکەی یەک گێگاوات و توانای دامەزراو بۆ بایۆماس نزیکەی ٢ گێگاوات دەبێت (-٢٠١٩pv magazine, ).

عێراق بۆ پێش ساڵی ٢٠٢٣، چەندین پڕۆژەی بۆ پێشخستنی ٧.٥ گێگاوات وزەی نوێبووەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران داڕشتووە. بە وتەی ئەحمەد مووسا وتەبێژی وەزارەتی کارەبای ئەم وڵاتە، ئەم پڕۆژانە گبەشێکن لە پڕۆژەی چاکسازی لە سیستمی وزە کە ئامانج لێی بەرهەمهێنانی ٦٣٪ وزەیە لە ماوەی ٥ ساڵە. تاکوو ئێستا وڵاتی عێراق چەند ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ گرووپێک لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی پسپۆڕ لە بواری وزەی پاک بۆ دامەزراندنی وێستگەکانی کارەبا بە توانای ٣.٥ گێگاوات وەکوو بەشێک لە پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ١٢ گێگاوات واژۆ کردووە. لەم دواییانەدا عێراق لەگەڵ کۆمپانیای حکومیی "مصدار ابوظبی" ڕێککەوتننامەیەکی بۆ گەشەی پڕۆژەکانی فۆتۆڤۆڵتایەکی خۆر بە توانای گونجاوی ١ گێگاوات واژۆ کرد. قۆناغی یەکەمی ئەم پڕۆژانە لە ئێستادا لە جێبەجێکردندان کە بریتین لە وێستگەیەکی ٤٥٠ مێگاواتی لە زیقار، وێستگەیەکی ٣٥٠ مێگاواتی لە ئەنبار، وێستگەیەکی ١٠٠ مێگاواتی لە نەینەوا و وێستگەیەکی ١٠٠ مێگاواتی لە میسان. حکومەتی عێراق هەروەها ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ کۆمپانیای فەڕەنسیی تۆتاڵ ئینێرجی بۆ دامەزراندنی وێستگەیەکی سۆلاریی ١ گێگاواتی لە ناوچەی بەسرە واژۆ کردووە. هەروەها ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ "Scatec"ی نەرویج بۆ دامەزراندنی پڕۆژەیەکی سۆلاریی ٥٢٥ مێگاواتی کە پێک هاتووە لە وێستگەیەکی ٣٠٠ مێگاواتی لە کەربەلا و وێستگەیەکی ٢٢٥ مێگاواتی لە بابل واژۆ کردووە (٢٠٢١Zidane,).

عێراق خەریکی پلاندانانە بۆ تەواوکردنی پڕۆژە نوێیەکانی وزەی خۆر لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکانە بۆ گەشەی سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە بۆ ٣٣٪ لە کۆی ئەو وزەیە تا ساڵی ٢٠٣٠. بە پێی وتەی ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوتی عێراق، پڕۆژە واژۆکراوەکان لە ساڵی ٢٠٢١ و ڕێککەوتننامە نوێیە پلان بۆ دانراوەکان لەلایەن عێراقەوە، کۆی وزەی خۆر بۆ نزیکەی ١٢٠٠٠ مێگاوات لە ساڵی ٢٠٣٠ دەگەیەنێت (٢٠٢١Zawya.com, ).

گەشەی عێراق بەرەو وزەی پاک، دەتوانێت ساڵانە زیاتر لە ٥ ملیار دۆلار بۆ بودجەی وڵات زیاد بکات کە بە سوودوەرگرتن لە نەوتی خاو بتوانێت وێستگەکانی کارەبا دابمەزرێنێت و هاوردەکردنی غاز لە ئێرانەوە کۆتایی پێ بهێنێت.

## ئێران و داهاتووی بازاڕی وزەی عێراق

ئێران یەکێک لە سەرەکیترین دابینکەرانی عێراق لە بەشی کارەبایە. هەناردەی کارەبای ئێران بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە دەستی پێ کردووە و بەردەوام زیادی کردووە، بەتایبەت

کە وڵاتە عەرەبییەکان لەم ساڵانەی کۆتاییدا عێراقیان پەراوێز خستبوو و ئەمەش یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی عێراق بوو لە ئێران. ئێران لە ئێستادا یەک لەسەر سێی پێویستییەکانی وزەی کارەبا و غازی عێراق دابین دەکات. ئامارەکان دەریدەخەن ڕێژەی هەناردەی غازی ئێران بۆ عێراق لەگەڵ هەبوونی سزاکانیش لە مارچی ساڵی ٢٠٢٠، نزیکەی ٢٦٪ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو زیادی کردووە و بۆ ١٧.٥ ملیار مەتر سێجا بەرز بووەتەوە (Khatinoglu٢٠٢٠, ).

هەناردەی غازی سروشتیی ئێران بۆ عێراق بە پێی دوو ڕێککەوتننامە لە ساڵەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٥ ئەنجام درا. بە پێی یەکەمین ڕێککەوتنامە، ئێران پابەند بووە بە لایەنی زۆرەوە ٣٥ ملیۆن مەتر سێجای ڕۆژانە غاز بۆ وێستگەی بسمایە کە گەورەترین وێستگەی سووتێنەری غازە، هەناردە بکات. ئەم ڕێککەوتننامەیە کارەبای بەغدادی پایتەخت دابین دەکات. ڕێککەوتننامەی دووەم داوا لە ئێران دەکات کە ٢٠ بۆ ٣٥ ملیۆن مەتر سێجای ڕۆژانە غازی باشووری عێراق دابین بکات کە برەکەی پەیوەستە بە پێویستیی ناوچەکان. هەناردەی غازی سروشتیی ئێران بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧، بە قەبارەی ٧ ملیۆن مەتر سێجا بۆ دابینکردنی سووتەمەنیی وێستگەکانی کارەبای نزیک لە بەغداد وەکوو بسمایە، قدس، مەنسووریە و سەدر بەفەرمی دەستی پێ کرد. عێراق بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەوتی خاو لە وێستگەکان دەسووتێنێت تا کەمیی مەوادی خاوی سووتەمەنییەکانی تر قەرەبوو بکاتەوە. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٥ لە مەوسمی زۆرترین بەکارهێنانی کارەبا ڕۆژانە ٢٢٣ هەزار بەرمیل نەوتی خاوی دەسووتاند، بەڵام هاوردەکردنی غازی سروشتی لە ئێرانەوە و سوودوەرگرتن لە نەوتی خاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق لە ١٦٩ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠١٦، بۆ ١٢٩ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠١٧ کەم کردەوە (Kadhim& ٧.p,٢٠٢٠ Vakhshouri, ).

سەپاندنی سزا قورسەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٨، کێشە بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتیی ئێران بۆ عێراق دروست بوو و عێراق لەژێر فشاری ئەمەریکا هەوڵی داوە چەندێتی ببەخشێتە سەرچاوەکانی غازی هاوردە و لەم ڕێڕەوەدا چەندین ڕێککەوتننامەی لەگەڵ وڵاتە ناوچەیی و سەرووناوچەییەکان واژۆ کرد. لوئی ئەلخەتیب لە یاداشتێکدا کە لە foreign affairs لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت لە ساڵانی کۆتاییدا عێراق کۆمەڵێك پێشنیاری گرانبەهای لەلایەن کۆمپانیا دەرەکییە گەورەکانی وەکوو زیمینسی ئەڵمانیا و جەنەراڵ ئەلەکتریکی ئەمەریکا و هەندێک لە کۆمپانیا چینی و ناوچەییەکان بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگای وزەی عێراق بۆ هاتووە. لەگەڵ

ئەوەی ئەم پێشنیارانە شایستە دێنە بەرچاو، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم وڵاتە لە کۆتاییدا پێویستی بە نەخشەڕێگای نیشتمانیی عێراق بوو، بە هاوکاریی ڕێکخراوە چەند لایەنەکان و هاوبەشە ناوچەییەکانی هەوڵی دارشتنی نەخشەڕێگای عێراقی داوە تا لە هەمان کاتدا باشترین هەڵبژاردنە بازرگانییەکان بۆ تەواوکردنی نەخشەی نیشتمانی هەڵبژێرێت. پلانی گەشەی نیشتمانیی عێراق دوو ڕەهەندی نێوخۆیی و دەرەکیی هەیە: یەکەمیان، نەخشەڕێگای عێراق پەیوەستە بە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان پێویستییە بەپەلەکانی وزەی عێراق (واتە سەرچاوەی کارەبای باوەڕپێکراو بۆ هەموو عێراقییەکان) و ئامانجە بەرزەفڕەکان بۆ سەربەخۆیی وزە تا ساڵی ٢٠٣٠. دووەمیان، پلاندانان بە مەبەستی گەیشتن بە سەقامگیریی وزە. لەسەر ئەم بنەمایە، عێراق هەوڵی داوە بە ڕۆیشتن بەرەو بەڕێوەبردنی تێکەڵەی سووتەمەنی بە جەختکردنەوە لەسەر غاز و کارەبا و هەروەها بەرهەمهێنانی ٣٠٪ لە سەرچاوەی وزەی وڵات لە سەرچاوە نوێبووەوەکان ئاسایشی وزەی خۆی دابین بکات (Al-Khatteeb ,٢٠١٨ ).

پرۆسەکانی ئێستا دەریدەخەن عێراق بە وەبەرهێنان لە پیشەسازیی وزە تا دەیەی داهاتوو دەتوانێت هاوردەی وزە بۆ کەمترین ئاست نزم بکاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وڵاتانی دراوسێ وەکوو کوەیت و ئەردەن هەناردەی هەبێت. ئەم وڵاتە بە سەرنجدان لە پلانەکانی کە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت، ڕێگری لە سووتاندنی غاز و گەشەی سەرچاوە سەربەخۆکان هەیەتی، بەرەو چەندێتی بەخشین بە هاوردەکانی وزە دەڕوات. بەم حاڵەوە ئەم بابەتە واتای پچڕانی یەکجاری لەگەڵ ئێران نابێت، لەبەر ئەوەی کاتێک دەتوانێت لە چەند سەرچاوەیەکەوە هاوردەی هەبێت، دەرفەتی گفتوگۆی زیاتر دەبێت. لە لایەکی ترەوە، هەلومەرجی ئێران بە شێوەیەکە کە تا کاتێک کە توانای هەناردەکردنی سنوورداری هەبێت، دەرفەتی گفتوگۆی زۆری نابێت. لەم هەلومەرجەدا لەوانەیە خواستی ئێران ئەوە بێت کە کۆمپانیا حکومی و تایبەتەکانی خۆی بە ئامانجی گەشەی تۆڕی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبای عێراق بخاتە گەڕ. هەر جۆرە دروستکردنێکی وەها داواکارییەک، لە ڕاستیدا بە واتای دروستکردنی داواکاری بۆ هەناردەی غاز و پیشەگەرانی بواری کارەبا دەبێت. ستراتیژی ئێران بۆ دروستکردنی داواکاریی درێژمەودا بۆ هەناردەی غاز، دەتوانێت دەرچەی چوونەژوورەوەی بێت بۆ بەشی گەشەی وێستگەیی و تۆڕی کارەبای عێراق. هەر جۆرە درەنگکەوتنێک لەم بابەتە، دەبێتە دەرفەت بۆ ڕکابەرەکانی تر. لەگەڵ ئەوەی ئێران دەتوانێت بچێتە ناو پڕۆژەی گەیاندنی غاز بۆ ماڵان لە عێراق، بە هەمان شێوەی ڕووسیا کە بۆ دروستکردنی داواکاری لەسەر غازی خۆی بۆ ئۆکرانیا ئەنجامی دا.

## ئەنجام

دوای لادانی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣، لە کاتێکدا کە دراوسێ عەرەبییەکانی عێراق بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی کەنداو کە بەرهەمهێنەری نەوت بوون، لە هاوکاریی سیاسی یان ئابووری لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق خۆیان لا دا. ئێران سیستمێک لە پەیوەندیی سیاسی، ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتیی لەگەڵ عێراقدا دروست کرد و پێویستییەکانی وزەی ئەم وڵاتەی دابین کرد. بە شێوەیەک کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا ئێران لەنێو ئەکتەرە ناوچەییەکان لە تۆڕی ئابووریی عێراق، سوودێکی تایبەتی بەدەست هێناوە. لە ڕاستیدا وەها یەکگرتنێک بەتایبەت بە سەرنجدان لە دوژمنایەتیی بەرانبەر، لەنێوان هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئێران سەرنجڕاکێشە، بەڵام پرۆسەکانی وەکوو هاوکاریيە ناوچەییەکان، زۆربوونی وەبەرهێنان، گەشەی بەرهەمهێنان و لە کۆتاییدا ئامادەبوونی زلهێزەکان، ڕێگا بۆ کەمبوونەوەی وابەستەبوونی عێراق بە ئێران لە بواری دابینکردنی کارەبا دروست دەکات.

ئەو پرۆسانەی ئێستا لە بازاڕی وزەی عێراقدا بەڕێوە دەچن، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە بازاڕی وزەی عێراق لە داهاتوودا گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیک بەخۆیەوە دەبینێت بە جۆرێک کە گۆڕانکاری لەسەر پەیوەندیی وزەی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێران دروت دەکات. چەندێتی بەخشین بە سەرچاوە هاوردەکان، بابەتێکی لۆجیکی بۆ هەر وڵاتێک بەتایبەت عێراقە. لەگەڵ ئەوەشدا، بێنیازبوونی عێراق لە وزەی هاوردەکراوی ئێران، نیگەرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت کە وزە گرنگترین هۆکاری بوونی هەژموونی ئێران لە عێراق لە دوو دەیەی کۆتاییدا بووە. عێراق دەیەوێت هاوتەریبی هاوردەی کارەبا، تۆڕی کارەبای خۆی لە شێوەی خولی تێکەڵاو بۆ بەرهەمی کارەبای ئەتۆمی گەشە پێ بدات و لە ئێستادا گەورەترین ڕێککەوتننامەی بەرهەمهێنانی کارەبای لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا و هەروەها وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا لە بوارە جیاوازەکان لەبەر دەستدایە.

بە سەرنجدان لەوەی کە عێراق لە ساڵانی داهاتوودا لە وابەستەبوونی تەواو بە وزەی ئێران دەردەچێت، دیپلۆماسیی وزەی ئێران دەبێت بۆ مانەوەی خۆی لە بازاڕی وزەی عێراق چالاکتر بێت و بۆ هەر کام لەم پرۆسانە پلانی پێویست دابنێت. ئەوەی لەم بارودۆخەدا گرنگە، ئەوەیە کە ئێران نابێت بە هیچ شێوەیەک بازاڕی عێراق لەدەست بدات، لەبەر ئەوەی عێراق بە شێوەیەکی تر هەم بە ژیان و هەناسەی ئێران لە کاتی سەپاندنی سزاکاندا ئەژمار دەکرێت، هەم بە قووڵایی جیۆپۆلەتیکی ئێران دێتە ئەژمار. بۆچوونی نووسەران ئەوەیە ئەگەر ئێران نەتوانێت تا ساڵی ٢٠٣٠ بەشی خۆی لە بازاڕی غازی عێراق (جگە لە هەناردە و بەشی پێشکەوتن) بپارێزێت، ئیتر دەرفەتی تری بۆ هەبوونی هەژموونی خۆی لەم وڵاتەدا نابێت.

## سەرچاوەکان

(بۆ بینینی لیستی سەرچاوەکان، سەردانی ماڵپەڕی تایبەت بە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بکەن)

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# هەژموونی خۆڵبارین و ئایندەی ئاسمانی هەرێم

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



## پرۆفایلی بەشدارانی ڕاپۆرت:



**ئەحمەد تەها عەلی:** ساڵی ١٩٨٦ لە شاری کەلار لەدایك بووە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە بابەتی جوگرافیا لە زانکۆی تاران و پسپۆڕی وردی ئاووهەواناسییە. لە ئێستادا مامۆستایە لە زانکۆی گەرمیان.



**عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت:** ساڵی ١٩٨٠ لە شاری بەغدا لەدایك بووە و پسپۆڕی بواری جوگرافیایە (بەڕێوەبردنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو). لە ئێستادا وەك مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان کار دەکات.



**خالد سلێمان:** ساڵی ١٩٧١ لە گەرمیان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٤ دەستیکردووە بە کاری ڕۆژنامەنووسی و لە ساڵی ٢٠١٠-ەوە وەك ڕۆژنامەنووسی بواری ژینگەیی و گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا بەردەوامە لە کارکردن. بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کار لەسەر ژینگەی ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقا دەکات و وەك پسپۆڕ و ڕاهێنەری ڕۆژنامەوانی، سەرپەرشتیاری زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووس دەکات لەم ناوچەیە.



**جاسم فەلاح:** ساڵی ١٩٦٣ لە شاری فەلوجەیە لەدایك بووە. ساڵی ١٩٨٨ بروانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی و نەشتەرگەری گشتی لە زانکۆی موسڵ بەدەست هێناوە. لە ساڵی ٢٠١٤ کراوەتە بریکاری هونەری وەزارەتی ژینگە و لە ئیستادا لە حکومەتی مستەفا کازمیدا وەزیری ژینگەیە، هەروەها بە نوێنەرایەتی ئاسیا، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ ژینگە.



**عەلی ئەللامی:** عەلی عەبدولزەهرە زەبون ئەللامی لە ساڵی ١٩٥٩ لەدایك بووە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە پسپۆڕی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان و ئاو. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٥ ڕاوێژکاری وەزیری ژینگە و ٢٠١٢-٢٠١٤ بریکاری هونەری وەزارەتی ژینگە بووە و لە ئیستادا خانەنشین و ڕاوێژکاری کەرتی تایبەتە.

## بەرایی

لەگەڵ ئەوەی مێژووی خۆڵبارین دێرینە، بەڵام چەند ساڵێکە عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر لە دۆخی باو کەوتوونەتە بەر شەپۆلی تۆز و خۆڵبارین، ماوەی دوو ساڵیشە ئەم شەپۆلانە زیادیان کردووە و ئەمساڵیش شەپۆلەکان هەم ژمارە و هەم چڕییان زیاتر بووە. لەگەڵ ئەوەی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا چەند جارێک هۆشداری لە بارەی ئەم شەپۆلانەوە دراوە کە ئێستا ئاسمانی هەرێم و عێراقیان تەنیووە، بەڵام توێژەران دەڵێن ڕێکاری پێویست نەگیراونەتەبەر و نەتوانراوە ڕێگری لە زیادبوونی بەبیابانبوون و لە کۆتاییشدا خۆڵبارین بکرێت، ئەمەش ئایندەی عێراق و ژینگە و تەندروستیی دانیشتووانەکەشی ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەکاتەوە.

## سەرچاوەکانی خۆڵبارین

زیاتر لە ٩٥ی سەرچاوەکانی خۆڵبارین لە ئێستادا لە دەرەوەی عێراقدایە و وڵات بەدەست زیادبوونی بەبیابانبوونەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت لە خۆرئاوای وڵات. ڕۆژانە لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە چاودێریی کەشوهەوا دەکەن و لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانیشدا لە هەماهەنگیی بەردەوامدان. وەزیری ژینگە دەڵێت، دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی، مێرگ و دارستان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی؛ هاوکار دەبن لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان. گەردەلوولە خۆڵاوییەکان لە ماوەی ڕابردوودا توندتر بوونەتەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، بەتایبەت کە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوای بەر کەوتووە کە هاوکاتە لەگەڵ کەمبوونەوەی پشکە ئاوییەکان و کەمبوونەوەی داباران. لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە بریتییە لەوەی زۆربەی گەردەلوولە خۆڵاوییەکان هەرێمین و سەرچاوەکەی لە دەرەوەیە، بەتایبەت ناوچەکانی دەیرەزوور کە ڕێژەی بەبیابانبوون تێیاندا زیادی کردووە، هەروەها بیابانەکانی سەر سنووری ئوردن، سعودیە و بیابانەکانی ئەفەریقا. گەردەلوولە خۆڵاوییەکان سنووربڕن و بایەکانیش لەگەڵ خۆیاندا دەیانگوازنەوە بۆ عێراق، بەم جۆرەش عێراق دەبێتە ناوەندی گەردەلوولەکان. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە خۆڵبارینەکانی ئەم جارە چڕوپڕن کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە و ژمارەیەکی زۆر تووشی تەنگەنەفەسی دەبن، بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیی ڕەبۆیان هەیە، ئەمە جگە لە کاریگەرییە ئابوورییەکان و کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی وشکانی، ئاسمانی و دەریایی. خۆڵبارین لە عێراق کاریگەریی لەسەر هەناردەی نەوت هەیە و گرووپە تیرۆریستییەکانیش وەک هەلێک بەکاری دەهێنن بۆ هێرشەکانیان بۆ سەر هێزە

ئەمنییەکان. جاسم فەلاحی؛ وەزیری ژینگەی عێراق بە گۆڤاری ئایندەناسیی وای وت.

خالید سلێمان؛ ڕۆژنامەنووسی تایبەت لە بواری ژینگە و گۆڕانی کەش، دەربارەی سەرچاوەکان دەڵێت: سەرچاوەکانی خۆڵبارین بۆ عێراق بریتییە لە ناوچەکانی خۆرئاوای عێراق، لە پارێزگای ئەنبار بۆ شاری قائم، لەوێوە بۆ ئەوبەری سنوور واتە سنووری سووریا، لە دەیرەزوور و ناوچەکانی حەسەکە، لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆرئاوای موسڵ و لەوێشەوە دەگەنە هەرێمی کوردستان. ئەمانە سەرچاوە نێوخۆییەکانی خۆڵبارینن بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان. بێگومان سەرچاوەی دیکەش هەیە، یەکێک لەو سەرچاوانەی کاریگەریی لەسەر خۆڵبارین لە عێراق هەیە، بریتییە لە بیابانی گەورەی ئەفەریقا، کە لەو بیابانەوە خۆڵبارین هەڵدەکات و بەرەو ناوچەکە دێت لەگەڵ تەوژمی بادا و عێراقیش یەکێک دەبێت لەو ناوچانەی کە بەر ئەم خۆڵبارینە دەکەوێت. خودی هەرێم سەرچاوەی خۆڵبارین نییە، چونکە خاکەکەی فشەڵ نەبووە و دابارینی وەرزییش هەیە، ئەوەی هەیە ڕۆژئاوای عێراق و باکووری خۆرئاوای سووریایە. خۆڵبارین سات و کاتی خۆی هەیە و هەموو کاتێک وەک یەک نییە، بۆ نموونە: لە مانگەکانی ئازار و نیسان و ئایار زۆر زۆرە، چونکە وەرزی گۆڕانە لە زستانەوە بۆ هاوین کە تێیدا زەوی گەرم دەبێت، بەتایبەت کە زستانەکەی باران کەم بووبێت و زەوییەکە فشەڵ بێت، ئیتر لەم کاتەدا هەر هەوایەکی سارد لە ئەورووپاوە بەرەو ناوچەکە بێت، دەیکاتە خۆڵبارین.

ئەحمەد تەها عەلی؛ پسپۆڕی جوگرافیا و مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی گەرمیان، لە بارەی سەرچاوەکانی خۆڵبارین بۆ هەرێمی کوردستان دەڵێت: ناوچەکانی بادیەی شام، بادیەی جەزیرە، بیابانی ڕۆژئاوای عێراق، هەندێک لە ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی ئەردەن، باکووری سعودیە و کوێت؛ سەرچاوەی خۆڵبارینەکانی هەرێمی کوردستانن، بەڵام بەزۆری خۆڵبارینەکانی هەرێم لە بادیەی شام، بادیەی جەزیرە و بانی ڕۆژئاواوە دێن، ئەم ناوچانە دەکەونە خۆرئاوای پارێزگای کەرکووک، سەڵاحەدین، موسڵ، ڕومادی، کەربەلا و نەجەف لە عێراق و ناوچەکانی دێرەزوور، حەسەکە و ڕەقە لە سووریا، ئەم ناوچانە وشک و نیمچەوشکن و بارانیان لە ٢٠٠ ملم کەمترە و ڕووپۆشی ڕووەکی نییە، جگە لە چەند دڕک و ڕووەکێکی بیابانی کە دەتوانن بەرگەی گەرمای بێئەندازەی بیابانەکان بگرن. لە ناوچەی بادیە، بنکی بەشێک لە لقە ئاوییەکانی دیجلە و فوڕات و دەریاچەکان کە وشکبوون هەیە، ئەمانە بە هۆی پێکهاتەی لیتەیی بنکەکانیانەوە لە خاکی شیتەڵ و شیبووەوەی لیتەیی و لمین پێک هاتوون کە دەنکۆڵەکانیان بچووک و سووکن و لە کاتی بوونی بای خێرا بەئاسانی دەگوازرێنەوە. جگە لەم ناوچانە، بیابانەکانی

حەماد و نفوز هەیە کە خاکێکی بیابانیان هەیە و بەئاسانی تووشی ڕامالّین و گواستنەوە دەبن.

عەلی لامی پسپۆڕی بواری ژینگە، خۆڵبارینی ئێستای عێراق بە کێشەیەکی گەورە ناو دەبات و دەربارەی سەرچاوەکانیش دەڵێت: سەرچاوەی ئەم خۆڵبارینانەی عێراق نێوخۆیی و هەرێمین، بەڵام بە هۆی وشکەساڵی لە دوو ساڵی ڕابردوودا و وازهێنان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بە هۆی کەمبوونەوەی ئاو، خاکی وڵات وشک و فشەڵ بووە و ئەمەش سەرچاوە نێوخۆییەکانی خۆڵبارینی زۆر کردووە. لەگەڵ کەمترین جووڵەی باشدا، ئەم خاکە وشکە بەرز دەبێتەوە و دەچێتە هەوا، هەر بۆیە ئەوەی ئەمساڵ بەدیی دەکەین لە خۆڵبارین، هیچ ساڵێکی پێشووتر نەماندیوە. ئەو سەرچاوانەی خۆڵبارین کە دوورن و لە دوورییەکی زۆر لە عێراقدان، پێشتریش هەبوون، بەتایبەت لە مانگی ئایار کە بەشێکی دیاری لە ئەفەریقاوە دێن، بەڵام سەرچاوە زۆر و سەرەکییەکانی خۆڵبارین بۆ عێراق نێوخۆیی و هەرێمییەکانن کە وشکەساڵی ڕووی تێ کردوون و کاریگەریی تێ کردوون، بۆ نموونە: لە کاتێکدا عێراق خاوەنی ١٢ ملیۆن دۆنمە، بەڵام بە پێی دوایین ئاماری وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان ئەم ڕووبەرە بۆ سێ ملیۆن دۆنم دابەزیوە، واتە نزیکەی ٩ ملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵی وشک بوون و بە نزیکەیی بوون بە ناوچەی سەرچاوەی خۆڵبارین، هەر لەبەر ئەم ڕاستییانەش وتم کە کێشەکە لە تواناکانی حکومەت گەورەترن. ڕاستە دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی بۆ شارەکان و درەخت ڕواندن لە شارەکان گرنگن، بەڵام چارەسەری کێشەکە ناکەن، چونکە کێشەکە بریتییە لە کەمبوونەوەی خاکی کشتوکاڵی و زۆربوونی ئەو ناوچانەی کە سەرچاوەی خۆڵبارینن و بە هۆی سروشتی خاکی ئەم ناوچانەش کە فشەڵن، بە کەمترین با بەرز دەبنەوە و هەڵدەکەنە سەر ئەو ناوچانەی کە باکە ڕووی تێ دەکات.

## پێکهاتەی خۆڵبارین و کاریگەریی لەسەر ژینگە

عەبدوڵموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت؛ پسپۆڕی جوگرافیا، پێکهاتەی خۆڵ و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و ژینگە شی دەکاتەوە و دەڵێت: بە پێی سەرچاوەکەی دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەنکۆڵەکانی خۆڵ (خاک) تیرەیان ٥٠٠ مایکرۆن یا کەمترە. بە پێی کاریگەری و ڕۆڵیان لە چڕیی خوڵبارین، توانای مانەوەیان لە بەرگی هەواییدا و کاریگەرییان لەسەر ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ؛ دەکرێتە چوار بەشەوە:

١. زۆر زبر: ئەم دەنکۆڵانە تیرەیان نزیکەی ٥٠٠ مایکرۆنە و لەبەر کێشیان تا چەند سەنتیمێک یا چەند مەترێک بەرز دەبنەوە، بەڵام لە ماوەیەکی یەکجگار کورتتدا

دادەبەزنەوە سەر زەوی. کاریگەرییان لەسەر چڕیی خۆڵبارین و تەندروستیی مرۆڤ زۆر کەمە یان هەر نییە.

٢. زبر: تیرەی ئەم دەنکۆڵانە لەنێوان (١٠-٥٠٠) مایکرۆنن و تا قەبارەیان نزیک بێت لە ١٠ مایکرۆنەوە، زیاتر لە بەرگەهەوادا دەمێننەوە، بەڵام مانەوەیان لە بەرگەهەوا تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکە و دواتر دادەبەزنە سەر زەوی. کاریگەرییان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کەم.

٣. ورد: ئەم جۆرە دەنکۆڵانە تیرەیان لەنێوان (٢,٥-١٠) مایکرۆنە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرگەهەوادا دەمێننەوە، کاریگەرییان زۆرە لەسەر تەندروستیی مرۆڤ، بەتایبەتی لەسەر کۆئەندامی هەناسەدان، تووشبوون بە هەستیاریی چاو و کۆئەندامی هەناسەدان.

٤. زۆر ورد: ئەو دەنکۆڵانە دەگرێتەوە کە تیرەیان کەمترە لە ٢,٥ مایکرۆن. ئەم جۆرە دەنکۆڵانە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە بەهەڵواسراوی لە بەرگەهەوادا و هەندێک جار بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ ڕۆژ دەمێننەوە. کاریگەریی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ زۆرە، یەکێکە لە پڕمەترسیدارترین جۆرەکانی دەنکۆڵە و بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت لە هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی کۆئەندامی هەناسەدان. ئەم جۆرە دەنکۆڵانە زۆر بەئاسانی تێکەڵ بە سووڕی خوێن دەبن و زۆر جار ئەم دەنکۆڵانە بە هۆی کرداری گۆڕینەوەی ئایۆن (ion exchange)، میتاڵە قورسەکانیان پێوەیە، ئەمەش مەترسییەکانی خۆڵبارین بۆ سەر تەندروستیی کۆمەڵگا زیاتر دەکات. خولبارین کاریگەریی زۆریشی هەیە لەسەر هاوسەنگیی نێوان تیشکی خۆر و تیشکی زەوی. کوالێتیی هەواش بەتەواوەتی دەگۆڕێت، چونکە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕێژەی ئۆکسجین دەبێت. بە هۆی وردیی دەنکۆڵەکانی خۆڵبارینەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەنیشنەوە سەر گەڵای دار و ڕووەک و بەروبوومە کێڵگەییەکان، دەبێتە هۆی داخستنی مولوولەی سەر گەڵای دارەکان و پەکخستنی کرداری ڕۆشنەپێکهاتن و دواتر وەرینی گەڵای دارەکان و کەمکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە بەروبوومە کێڵگەییەکان. لە لایەکی ترەوە دوای نیشتنەوەیان لەسەر زەوی یان خاک، دەبێتە هۆی تێکچوونی پێکهاتەی خاک لە ڕووی کیمیایی، فیزیایی و بایۆلۆجییەوە و ڕێژەی میتاڵە قورسەکان لە خاک زیاد کات. خۆڵبارین هۆکارێکە بۆ زیادبوونی لێڵیی ئاو و زۆر جار بە پێی خەستیی خۆڵبارینەکە ڕێژەی ترشی و تفتی (pH)ی ئاو دەگۆڕێت و ڕێژەی میتاڵە قورسەکان لە ئاو زیاد دەکات، کە هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر زیندەوەرانی نێو سەرچاوەکانی ئاو دەبێت و تەنانەت کوالێتیی ئاوەکە دەگۆڕن.

**میکانیزمەکانی گواستنەوەی تۆز و خۆڵ**

ئەحمەد تەها عەلی بەم جۆرە میکانیزمەکانی گواستنەوەی تۆز و خۆڵ لە سەرچاوەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە: میکانیزمی گواستنەوەی خۆڵبارین بوونی نەوراییەکی نزمە لەسەر سەرچاوەکانی خۆڵبارین کە پێشتر ناومان برد، ئەم نەوراییە نزمە لە ئاستەکانی سەرووی کەشە و بە خێراییەکی بەرز دەسووڕێتەوە کە زیاترە لە ٥٠ مەتر لە چرکەیەکدا، هاوکات بوونی نزمەپەستانێکی قووڵ لەسەر زەوی یارمەتیی هەڵدان و گواستنەوەی تۆز و خۆڵ بۆ نێو ئەم سیستمە فەراهەم دەکات، پاش کەوتنەڕێی نزمەپەستانەکەی سەر زەوی و نەوراییەکەی ئاستی سەرەوە خۆڵ لە سەرچاوەکانی خۆڵبارینەوە بەرەو ناوچەکانی خۆرهەڵات دەگوازرێتەوە کە زۆر جار بەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق و ئێران تاکوو ئەفغانستان دەڕوات، بەڵام کاریگەرییەکەی تا بێت کەمتر دەبێت، هەندێک جار لەلایەن سەرچاوەکانی خۆڵبارینی لۆکاڵییەوە هاوکاری دەکرێت و خۆڵ و دەنکۆڵەی زیاتر هەڵدەگرێت. واتە هەموو خۆڵبارینێک پێویستی بەم میکانیزمانە هەیە:

ا. بوونی بایەکی خێرا کە زیاتر بێت لە ٥٠ مەتر لە چرکەیەکدا کە دەتوانێت نیوملیۆن تەن خۆڵ هەڵبگرێت لە ماوەی ڕۆژێکدا.

ب. بوونی زەوییەکی شیبووەوەی لماوی یان لیتەیی ڕووتەن لە ڕووەکی سروشتی، کە زۆر جار زەویی بنکی دەریاچە و ڕووبارە وشکبووەکان یان خاکی بیابان، نیمچەبیابان و ناوچە کشتوکاڵییە بەبیابانبووەکان دەگرێتەوە.

ج. نەبوونی هیچ بەربەستێکی وەک شاخ و گردی بەرز لەبەردەم ئەو بایە خێرایەی کە هەڵدەکات و دەنکۆڵەکانی خۆڵ هەڵدەگرێت.

عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت هۆکاری دروستبوونی خۆڵبارین و میکانیزمی گواستنەوەکەی بەم جۆرە شی دەکاتەوە:

ئەم دیاردەیە بە هۆی ڕامالّینی خاکەوە دروست دەبێت بە هێزی با و دواتر دەنکۆڵەکانی خاک بەرز دەبنەوە بۆ بەرگەهەوا و تا زیاتر لە دوو کیلۆمەتر لە ڕووی زەوییەوە. بۆ ڕوودانی ئەم دیاردەیە، بە شێوەیەکی سروشتی پێویستە خێرایی با زیاتر بێت لە ٢٥کم/کاتژمێر لە شوێنی سەرچاوەوە کە زیاتر لە بیابانەکانەوە سەرچاوە دەگرن، وەکوو بیابانی عەرەبی، بیابانی خۆرئاوای عێراق و هەندێک جاریش لە بیابانی ئەفەریقاوە. مەرجیش نییە خۆڵبارین تەنها لە بیابانەکانەوە سەرچاوە بگرێت، چونکە زۆر جار لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیشەوە دروست دەبێت. ئەو زەوییانەی کە دەکەونە ناوچە وشک و نیمچەوشکەکانەوە، کە بە هۆی کەمیی ڕووپۆشی ڕووەکی، کەمبارانی و بەرزیی پلەکانی گەرمییەوە ماددەی ئۆرگانییان زۆر کەمە و خاکەکانیان لاوازە و بەتەواوەتی شی بووەتەوە. بۆیە ئەم تایبەتمەندییانە وا دەکەن خاکەکە بەئاسانی لەگەڵ هەڵکردنی ڕەشەبادا بچێتە بەرگەهەواوە و بگوازرێتەوە بۆ ناوچەی دیکە.

ئەمە جگە لەوەی چالاکییە ناتەندروستەکانی مرۆڤ لەو جۆرە زەوییانە، وەکوو جووتکردن بە شێوەیەکی نازانستی، بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل لەو زەوییانە و چالاکییە سەربازییەکان زیاتر بەشی سەرەوەی خاک شی دەکەنەوە و تووشی ڕامالێن دێت بە با. خۆڵبارین (عواصف غباریە - Dust Storm) تا ڕادەیەک دیاردەیەکی ئاسایی نییە ئەگەر زیاتر دووبارە ببێتەوە، چونکە هەر کات ڕوو بدات، واتای ئەوەیە ڕێژەی ئاو و ماددەی ئۆرگانی لەنێو خاکدا کەم بووەتەوە. پێشتر لە هەندێک ناوچەی دیاریکراو ڕووی داوە لە عێراق وەکوو (ئەنبار، موسڵ و سەماوە) کە نزیکن لە بیابانەکانەوە، بەڵام بەم چڕییەی ئێستا نەبووە، تەنانەت هەموو عێراقی نەگرتووەتەوە. لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە ئەم دیاردەیە زیاتر لە عێراق چڕ بووەتەوە، ئەوەش بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و زیاتر دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە. لە ئەنجامدا پلەی گەرمی و ڕێژەی بەهەڵمبوون بەرز بووەتەوە و ڕێژەی دابارین زۆر کەم بووەتەوە، بۆیە ڕێژەی شێ لە خاکدا نزیکە لە سفرەوە، ماددەی ئۆرگانی تووشی ئۆکساندن بووە و دەنکۆڵەکانی خاک لە جۆری (گڵ - Clay) بەتەواوەتی شێواوە و توانای دروستکردنی (تۆپەڵ - Aggregation) یان نەماوە. هەر خاکێکیش سیفەتی دروستکردنی تۆپەڵەی نەبێت، زۆر بەئاسانی تووشی ڕامالین بە ئاو و با دەبێت.

**وشکەساڵی،**
**سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆڵبارین**

ماوەی چەند ساڵێکە ڕێژەی دابارین لە عێراق، هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێش ڕووی لە کەمی کردووە و هەندێک جار بۆ ماوەی چەند ساڵێک وشکەساڵی لەسەریەک دووبارە دەبێتەوە، بە پێی لێدوانی توێژەرانیش دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی لەو ناوچانەی سەرچاوەی خۆڵبارینن بۆ هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوون و چڕبوونەوەی خۆڵبارین لە عێراق و هەرێم.

لەو بارەیەوە خالید سلێمان دەڵێت: وشکەساڵی هۆکاری سەرەکیی خۆڵبارینە، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە سەرچاوە نێوخۆییەکانی خۆڵبارینن بۆ عێراق (خۆرئاوای عێراق و باکووری خۆرئاوای سووریا)، دوو وەرز زیاترە دابارینی وەرزی تێیاندا یان نییە یان زۆر کەمە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی فشەڵبوونی توێژاڵی زەوی و لەناوبردنی پۆشاکی زەوی (vegetation). ئەم ناوچانە چەند ساڵێکە بوونەتە شوێنی جووڵە سەربازییەکان، بەتایبەت سنووری ئەنبار کە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا بوونەتە شوێنی چالاکی، جووڵە و پێکدادانی سەربازی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕووبەرێکی زۆری خاکەکەی سەوزایی لەدەست بدات و فشەڵ ببێت و ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی خۆڵبارین.

ئەحمەد تەها عەلی زیادبوونی خۆڵبارین بە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی وشکەساڵی دادەنێت و دەڵێت: وشکەساڵییەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی (٢٠٢٠-٢٠٢١، ٢٠٢١-٢٠٢٢) کاریگەریی زۆری لەسەر کەمبوونەوەی ئاو، ڕووپۆشی ڕووەکی، زیادبوونی بەبیابانبوون و وشکبوونی ڕووبار و دەریاچەکان هەبووە، وشکیی وەرزەکانی پاییز، زستان و بەهار دەبێتە هۆی زیادبوونی وشکیی خاک، کەمبوونەوەی ڕووەک، شێبوونەوەی لیتە و خاک و ئاسانکردنی پرۆسەی ڕامالینی هەوایی لە سەرچاوەکانی خۆڵبارین. هەر بۆیە زۆر جار گەردەلوولەکانی خۆڵبارین زیاتر و بە پلەی یەکەم لە مانگەکانی ٤ و ٥ی ساڵدا ڕوو دەدەن، چونکە لەم دوو مانگەدا پلەکانی گەرمی بەرز دەبنەوە، ئەگەر خاکەکە ڕووتەن و وشک بێت، ئەوکات زووتر شی دەبێتەوە و لەلایەن بایەکانەوە دەگوازرێتەوە و هەڵدەگیرێت.

**مەترسییە گەورەکان،**

**بێپلانی و وشککردنی دیجلە و فوڕات**

بەپێچەوانەی ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامانەی لەنێوان عێراق و تورکیا هەن و پشکی هەردوو لا لە سەرچاوە ئاوییەکان دەپارێزن، لە چەند ساڵی ڕابردوودا تورکیا دەستی بە دروستکردنی دەیان پرۆژە و بەنداو کرد لەسەر هەردوو ڕووبارەکە و ئێرانیش ئەو سەرچاوە ئاوییانەی گرتەوە کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستانەوە. ئەحمەد تەها عەلی دەڵێت: گرتنەوەی ئاوی دیجلە و فوڕات لەلایەن تورکیاوە، بەتایبەت کاریگەریی هەبووە لەسەر زیادبوونی دووبارەبوونەوەی گەردەلوولی خۆڵبارین. تورکیا لە ڕێگەی پرۆژە ئاوییەکانی ئەلیسۆ و گاپەوە بەشێکی زۆری ئاوی ئەم دوو ڕووبارە دەگرێتەوە و کاریگەریی لەسەر زەوییەکانی دەوروبەری ڕووباری دیجلە و فوڕات هەیە لەنێو سووریا و عێراق، چونکە زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆرئاوا و باشووری عێراق و خۆرهەڵات و ناوەڕاستی سووریا پشت بە ئاوی ئەم دوو ڕووبارە دەبەستن، بۆیە لە ماوەی دەستپێکردنی پرۆژە و بەنداوەکانی گاپ و ئەلیسۆوە، وردەوردە ڕووبەری بەبیابانبوون لە عێراق و سووریا زیادی کردووە، تەنانەت بەشێک لە بنکی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات بووەتە سەرچاوەی خۆڵبارین بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، هەروەها وشکبوونی هۆرەکانی باشووری عێراق و بەشێک لە دەریاچەکان هۆکاری زیادبوونی خۆڵبارینن لە ناوچەکە، چونکە ئەو نیشتووانەی کە لە ڕێگای ڕووبارەکانەوە ڕادەماڵرێت، چەندین ساڵە لە بنکی دەریاچەکاندا کۆ کراوەتەوە، بە وشکبوونی دەریاچەکان دەبنە سەرچاوەی خۆڵبارین.

خالید سلێمان چالاکی کشتوکاڵی بێپلان، خراپ، نازانستی و هەڕەمەکی وەک هۆکارەکانی خۆڵبارین باس دەکات و دەڵێت: بەرنەدانەوەی ئاوی پێویست لە ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات، بوونەتە هۆی دەرکەوتنی

ڕێژەیەکی زۆری خوێ لە دەوروبەرەکانی ڕووبارەکان، چونکە ڕووبەرێکی زۆری زەویی کشتوکاڵی لە دەوروبەرەکانی هەردوو ڕووبارەکە لە ئاوی دیجلە و فوراتەوە ئاودێری دەکران، بەڵام ئێستا ئەوە کەم بووەتەوە، چونکە بە هۆی دروستکردنی ژمارەیەک بەنداوی زۆر لەلایەن هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانەوە، ڕێژەیەکی زۆر ئاو لەدەست دراوە، کە ئەم هەنگاوە "سیاسەتێکی شەڕەنگێزانەی ئاو"ە بەرامبەر عێراق لەلایەن هەردوو دەوڵەتەکەوە.

**کەمیی سەوزایی وەک هۆکار**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووبەرێکی زۆری سەوزایی لە هەرێم، عێراق و وڵاتانی دراوسێ لەناو چوون و لەناو بران، بە دروستکردنی ناوچە نوێیەکانی نیشتەجێبوونیش بەبێ پلان، هێندەی دیکە ناوچەکانی خستە بەردەم مەترسیی لەناوچوونی ڕووبەرە سەوزییەکان. کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزاییش لەو ناوچانەی سەرچاوەی خۆڵبارینن، لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی ژمارەی خۆڵبارینەکان و چڕبوونەوەی شەپۆلەکانە.

خالید سلێمان لە بارەی کاریگەریی کەمیی ڕووبەری سەوزایی لەسەر خۆڵبارین، ئاماژە بەوە دەکات یەکێک لە سەرچاوە و هۆکارەکانی خۆڵبارین نەبوونی ڕێژەی سەوزاییە، واتە پۆشاکی ڕووەکی، چونکە پۆشاکی ڕووەکی تاکە فاکتەری توندبوونەوەی زەوییە. کاتێک ئەم پۆشاکە ڕووەکییە بە هۆی دانەبارین، جووڵەی سەربازی، چالاکیی مرۆیی، ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بێپلانەوە لەناو دەچێت، زەوی فشەڵ دەبێت و لەگەڵ بوونی هەر بایەکدا خۆڵبارین دەست پێ دەکات.

**سەوزکردن**

کەمیی دابارین لەو ناوچانەی سەرچاوەی خۆڵبارینن، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، وشکبوونەوە و فشەڵبوونی خاکەکەیان، بۆیە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن سەوزکردن یەکێکە لە ڕێگا و میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی خۆڵبارین لە ئایندەدا. لەو بارەیەوە ئەحمەد تەها عەلی دەڵێت: زیادکردنی سەوزایی و ڕووبەری دارستان لە نێوخۆی هەرێم، ڕەنگە کاریگەریی کەمی لەسەر خۆڵبارین هەبێت، چونکە گەردەلوولەکان زۆربەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمەوە دێن، بەڵام دروستکردنی ڕووبەری سەوزایی، زیندووکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، بووژانەوەی ڕووبار و دەریاچەکان، دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی لە ناوچە بیابانییەکان و نیمچەوشکەکانی عێراق و سووریا کە سەرچاوەی خۆڵبارینن، کاریگەریی باشی لەسەر کەمبوونەوەی خۆڵبارین دەبێت، چونکە ڕووەک و دارستان دەبێتە هۆی یەکگرتن و پتەوبوونی خاک، کەمبوونەوەی ڕاماڵینی هەوایی و ئاوی و دواجار کەمبوونەوەی تەپوتۆز

و خۆڵبارین، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی چەند لایەنە و پلانی درێژمەودوا هەیە، ڕەنگە ئەنجامەکانی لە ماوەی ٤٠ بۆ ٥٠ساڵ دەربکەوێت. لەگەڵ ئەمانەشدا زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و ڕواندنی دارودرەخت لەو ناوچانەی کە سەرچاوەی خۆڵبارینن، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و زیندووکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوە ئاوییەکان؛ چەند ڕێگاچارەیەکی کاریگەرن لەسەر پرۆسەی بەبیابانبوون.

خالید سڵێمان سەوزکردن یان سەوزکردنەوە بە دوو ڕێگا دادەنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و دەڵێت: هەندێک ناوچە بیابانن و پێویستیان بە سەوزکردن و پۆشاکی ڕووەکی نوێ هەیە. سەوزکردنەوەش واتە سەوزکردنەوەی ئەو شوێنانەی پێشتر سەوز بوون و ئێستا سەوزاییان لەدەست داوە.

## هەماهەنگیی هەرێمی

ئەمساڵ زۆربەی ئەو خۆڵبارینانەی ڕوویان داوە، جگە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، وڵاتانی دراوسێشی گرتووەتەوە و هەندێک جار یەک شەپۆل عێراق، ئێران، ئوردن، سووریا، سعودیە و کوێتیش دەگرێتەوە، هەر بۆیە لە ئێستادا هەوڵ و هەماهەنگیی هەرێمی لەئارادیە بۆ کەمکردنەوەی هۆکارەکانی خۆڵبارین و ڕووبەڕووبونەوەی. ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٢، حسێن ئەمیر عەبدوڵاهیان وەزیری دەرەوەی ئێران، بە تەلەفۆن لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی عێراق و سووریا و کوێت گفتوگۆی کرد و داوای لێ کردن پێکەوە کار بۆ کەمکردنەوەی خۆڵبارین و نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بکەن کە دەبنە هۆی خۆڵبارین. وەزیری دەرەوەی ئێران داوای لە فوئاد حسێن؛ وەزیری دەرەوەی عێراق کردووە لەگەڵ حکومەتی سعودیە گفتوگۆ بکات، بەو پێیەی سعودیە بەشێکە لە سەرچاوەی خۆڵبارین و دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە کەمکردنەوەیدا ببینێت. بە پێی ڕاگەیەنراوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، بڕیار دراوە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی هەرێمی لە بارەی خۆڵبارینەوە ئەنجام بدرێت، تاکوو هەموو وڵاتانی ناوچەکە پێکەوە هۆکار و دەرئەنجامەکانی خۆڵبارین کەم بکەنەوە.

## میکانیزمەکانی کەمکردنەوەی خۆڵبارین

جاسم فەلاحی؛ وەزیری ژینگەی عێراق ئاماژە بە هەوڵەکانی وەزارەتەکەیان و حکومەتی عێراق دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی خۆڵبارین و دەڵێت: وەزارەتی ژینگە چەند ساڵێکی زۆرە لە هەماهەنگیدایە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری پرۆگرامەکانی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا، عێراقیش پابەندیی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەکان دووپات کردووەتەوە، بەتایبەت ڕێککەوتننامەی پاریس. سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانیش

لە هەوڵی بەردەوامدایە و بەوردی چاودێریی گۆڕانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی لەسەر عێراق دەکرێت، کۆبوونەوەکانیش لەم بارەیەوە بەردەوامن و پلان و پرۆگرامی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستانە دانراون و بێگومان کاتی پێویستیان دەوێت تاکوو جێبەجێ بکرێن. سەرۆکوەزیرانیش فەرمانی دەرکردووە بۆ دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ پاڵپشتیکردنی ئابووریی سەوز، فرەجۆریی ئابووری، وزەی نوێبووەوە و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و دارستانەکان، ئەمە جگە لە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆککۆمار بە ناوی "دەستپێشخەریی بووژاندنەوەی دۆڵی ڕافیدەین". بێگومان گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، زۆربوونی ژمارەی گەردەلوولە خۆڵاوییەکان و ڕووبەری بیابانەکان و بەفیڕۆدانی زەوی، ئەنجامی ڕاستەوخۆی کەمیی داباڕین و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی پشکی عێراقە لە ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان. لە ئێستادا سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی بەردەوامدان و ئەمانەتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەستپێشخەرییەکی خستووتە ڕوو بۆ ڕواندنی یەک ملیۆن درەخت. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە دەبێت هەر هەوڵێک درا بەردەوامیی پێ بدرێت، بۆ نموونە ڕواندنی درەختێک گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر بەردەوامیدانە بە خزمەتکردنی ئەو درەختە تاکوو گەورە دەبێت. لە وەزارەتی ژینگە لەم بارەیەوە دەست بە هەڵمەتێکی فراوان کراوە، کار بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییانیش دەکەن بۆ پاراستنی ژینگە، زیادکردنی سەوزایی و قەدەغەکردنی هەر کارێک زیان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بگەیەنێت.

عەلی لامی جگە لەوەی بە پێویستی دەزانێت باری لەناکاو و نائاسایی ژینگە ڕابگەیەنرێت، بەم جۆرە چەند چارەسەرێکیش دەخاتە ڕوو: کێشەکە زۆر گەورەیە و پێویستی بە ڕێکار و چارەسەری تایبەت و ریزپەڕە. پێشی وایە کێشەکە لە تواناکانی حکومەت و دامەزراوەکانی گەورەترن، چونکە هەم ڕووبەری عێراق گەورەیە و هەم ئەو ناوچانەی ڕووبەڕووی وشکهەڵاتن بوونەتەوە، بوون بە سەرچاوەی خۆڵبارین، بۆیە پێویستە هاوکاری لە کۆمپانیا بیانییە تایبەتمەندەکان وەربگیردرێت. ڕاستە سەوزکردن و دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی هەیە، بەڵام دەبێت هەر ناوچەیەک و بە پێی تایبەتمەندییەکانی چارەسەر بکرێن. وەک چۆن لە کاتی کۆرۆنادا عێراق بە هەموو توانای خۆی دەستوەردانی کرد، دەبێت لەم بابەتەشدا بە هەمان قورسییەوە دەستوەردان بکات، حاڵەتی باری نائاسایی ژینگەییش ڕابگەیەنرێت و ڕێکاری زۆر توند و جددی بگیردرێتە بەر.

عەلی لامی بۆ چارەسەرکردنی خۆڵبارین، هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە بە پێویست دادەنێت:

یەکەم: گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە تایبەتمەندەکان بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچانەی سەرچاوەی خۆڵبارینن لە نێوخۆدا.

دووەم: پێشنیارکردنی چارەسەری تایبەت بە هەر ناوچەیەک.

سێیەم: گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا گەورە خاوەن ئەزموونەکان بۆ جێبەجێکردنی چارەسەرەکان.

چوارەم: هەماهەنگیکردنی هەرێمی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

ئەحمەد تەها عەلی چەند میکانیزم و ڕێگایەکی زانستی بۆ کەمکردنەوەی خۆڵبارین لە ئایندەدا باس دەکات و دەڵێت: ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، زیندووکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوە ئاوییەکان؛ چەند ڕێگەچارەیەکی کاریگەرن لەسەر پرۆسەی بەبیابانبوون، هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و زانستی بۆ سەوزکردنی ناوچە نیمچەوشک و وشکەکان، ئەوەش بە بردنی خاکی نوێ بۆ هەندێک لەو ناوچانە و تێکەڵکردنی لەگەڵ خاکی شیبووەوەی ئەو ناوچانەدا بۆ بەرزکردنەوەی پیتاندنی خاک و زیادبوونی ماددەی دوباڵ، یان بە تێکەڵکردنی خاکەکەی لەگەڵ خاکێکی بەردین و زیخندا کە دوای بارانبارین ببێتە هۆی یەکگرتنی خاکە بیابانییەکە. دەکرێت بۆریی ئاو و تونێلی ئاو لە کەنداوی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست و دەریای سوورەوە لێبدرێت بۆ ڕاکێشانی ئاو لەو دەریایانەوە بۆ نێو زەوییە بیابانییەکان، ئەمەش پێویستی بە بودجە و پلان و کاری هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەیە، بەتایبەت هەماهەنگیی نێودەوڵەتی لەنێوان وڵاتانی (تورکیا، عێراق، سووریا، کوێت، ئەردەن، سعودیە، ئێران). تورکیا بە هۆی دەوڵەمەندی بە سەرچاوەکانی ئاو، دەتوانێت ڕۆڵی باش ببینێت لە زیادکردنی سەرچاوە ئاوییەکانی ئەم ناوچانە، بێگومان ئەم کارانەش پێویستی بە سەردانی دیپلۆماس، پەیوەندیی سیاسی و فشاری ئابووری و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان هەیە، دەکرێت کۆنفرانس و دانیشتنی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێک بخرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەش دوای دانانی پلان و ڕێکار و بودجەی پیویست بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، بێگومان ئەمەش لە ماوەیەکی درێژخایەندا دەکرێت کە ڕەنگە ٥٠ ساڵی پێبچێت تاکوو دەرئەنجامە کاریگەرەکانی ببینین.

هاوکات خالید سلێمان باس لە ڕێگا هەڵەکان دەکات و بەم جۆرەش چارەسەر دەخاتە ڕوو: بەکارهێنانی نەوت و ڕەشکردنەوەی بیابانەکان کە بەردەوام

باس ده‌کرێت، یه‌کێکه‌ له‌ چاره‌سه‌ره‌ هه‌ره‌ سه‌ره‌تاییه‌کان، چونکه‌ نه‌وتی ڕه‌شیش دوای ماوه‌یه‌ک وشک ده‌بێت و له‌گه‌ڵ خاک و خۆڵدا تێکه‌ڵ ده‌بێت و ده‌بێته‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی خۆڵبارین، ئه‌م جاره‌ کێشه‌که‌ گه‌وره‌تر ده‌بێت، چونکه‌ له‌بریی خۆڵی ئاسایی، خۆڵێکی تێکه‌ڵ به‌ نه‌وتی ڕه‌ش داده‌بارێت و تێکه‌ڵ به‌ هه‌ناسه‌ و ته‌ندروستیی ئێمه‌ ده‌بێت. بۆیه‌ ڕێگای سه‌ره‌کی بریتییه‌ له‌ سه‌وزکردن، سه‌وزکردنه‌وه‌ و داپۆشین به‌ ڕووه‌ک. له‌ ئێستادا بۆچوونی نوێ هه‌یه‌ له‌ باره‌ی پۆشاکی ڕووه‌کی، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و ڕووه‌کانه‌ به‌کار بهێنرێن که‌ به‌رگه‌ی که‌شوهه‌وای گه‌رمی بیابان ده‌گرن. ڕێگای دیکه‌ش بریتییه‌ له‌ که‌مکردنه‌وه‌ی جووڵه‌ سه‌ربازییه‌کان، جووڵه‌ی مرۆیی، پیشه‌سازیی و ماڵداری، چونکه‌ خاک و خۆڵی ئه‌م ناوچانه‌ وه‌ک بۆدره‌یان لێ هاتووه‌. بۆیه‌ پێوسته‌ سیاسه‌تێکی باش بۆ توندکردنه‌وه‌ی خاکی ئه‌م ناوچانه‌ په‌یڕه‌و بکرێت.

عه‌بدوڵموته‌ڵیب ڕه‌فعه‌ت سه‌رحه‌ت چه‌ند ڕێگه‌چاره‌یه‌ک بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆڵبارین له‌ عێراق و هه‌رێمی کوردستان ده‌خاته‌ ڕوو: تایبه‌ت به‌ کۆنترۆڵکردنی یان که‌مکردنه‌وه‌ی دیارده‌ی خۆڵبارین، ته‌کنیکه‌کان به‌ پێی شوێنی سه‌رچاوه‌ یان شوێنی هه‌ڵکردنی خۆڵبارینه‌که‌ ده‌گۆڕێت. له‌ ڕووبه‌ره‌ بچووکه‌کان پێویسته‌ ڕێژه‌ی مادده‌ی ئۆرگانی له‌نێو خاکدا زیاد بکرێت، ئه‌وه‌ش له‌ ڕێگای به‌کارهێنانی پاشماوه‌ کشتوکاڵییه‌کان به‌ شێوه‌ی زانستی، تێکه‌ڵکردنی پاشماوه‌ی ڕووه‌ک و داری هاڕاو یان فراوانکردنی ڕووپۆشی ڕووه‌کی و دروستکردنی پشتێنه‌ی سه‌وز له‌ ده‌وروپشتی شاره‌کان. هه‌ندێ مادده‌ی کیمیاییش به‌کار ده‌هێنرێت، به‌ڵام ئه‌و ماددانه‌ کاریگه‌رییان له‌سه‌ر ژینگه‌ زۆر خراپه‌، بۆیه‌ پێویست ناکات ئاماژه‌یان پێ بکرێت.

بۆ کۆنترۆڵکردنی دیارده‌ی خۆڵبارین له‌ بیابانه‌کانه‌وه‌، به‌ هۆی فراوانیی ڕووبه‌ره‌که‌ی، پێویستی به‌ هه‌ماهه‌نگیی نێوده‌وڵه‌تی هه‌یه‌ له‌نێوان ئه‌و وڵاتانه‌ی که‌ خۆڵبارین کاریگه‌ریی دروست کردووه‌ له‌سه‌ریان، وه‌کوو وڵاتانی که‌نداو، عێراق، سووریا، ئێران و تورکیا. پێویستیشه‌ بودجه‌ی هاوبه‌شی بۆ ته‌رخان بکرێت، به‌ مه‌به‌ستی ئیستغلالکردنی ئه‌و بیابانانه‌ به‌ شێوه‌ی زانستی. پێویسته‌ له‌ بیابانه‌کانی عێراق ئه‌م خاڵانه‌ په‌یڕه‌و بکرێن، به‌تایبه‌تی له‌ ناوچه‌ی بادیه‌ (موسڵ)، بیابانه‌کانی ڕۆژئاوا (ئه‌نبار) و بیابانی سه‌ماوه‌:

١. زۆر گرنگه‌ له‌و ناوچانه‌ی خۆڵبارینی لێوه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێت (وه‌کوو بادیه‌ی موسڵ، بیابانی ڕۆژئاوا له‌ ئه‌نبار و بیابانه‌کانی سه‌ماوه‌)، ته‌کنیکی بارانی ده‌ستکرد (پیتاندنی هه‌ور) په‌یڕه‌و بکرێت، به‌ مه‌به‌ستی زیادکردنی ڕێژه‌ی شێ له‌ خاکدا و جێگیرکردنی و ئاماده‌کردنی که‌شێکی گونجاو بۆ گه‌شه‌کردنی ڕووه‌کی سروشتی له‌و ناوچانه‌.

٢. زیادکردنی ڕێژەی ماددەی ئۆرگانی لەنێو خاکی بیابانەکانی عێراق، وەک پاشماوەی ڕووەکی، ئاژەڵی و داری هاڕدراو.

٣. دروستکردنی پشتێنەی سەوز بە درێژایی بیابانەکان و بە پێی پلانێکی تایبەت کە لە ماوەی (٥-١٠) ساڵ زیاتر نەبێت. پێویستە لەو ناوچانەی کە ئاماژەی پێ کرا، پشتێنەی سەوز بە پانتاییەکی زۆر دروست بکرێت و هەوڵ بدرێت بە شێوەی کەنتۆری بێت بۆ کەمکردنەوەی جووڵەی ڕاماڵینی خاک.

٤. چاندنی ئەو جۆرە دارانەی کە پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ئاو هەیە و بەرگەی وشکی، پلەی گەرمیی بەرز و ماددەی پیس دەگرن، وەکوو (کالیپتۆ، سەفساف و ئەسل).

٥. ئاودێریکردنی ئەو پشتێنە سەوزە بە ئاوی زێراب (پاشەڕۆ) دوای فلتەرکردنی بە شێوەیەکی زانستیی سادە و بەکارهێنانی تەکنیکی ئاودێریی نوێ (دڵۆپاندن یا پرشاندن)، کە ڕێژەی بەفیڕۆدانی ئاو کەم دەکاتەوە. هەروەها دەتوانرێت بیر هەڵکەنرێت لەو بیابانانە و بە هەمان شێوە ئاوی ئەو بیرانە بە شێوەی زانستی بەکار بهێنرێت. ئەمەش پێویستی بە گواستنەوەی پاشەڕۆکانی هەندێک لە شارەکانە بۆ بیابانەکان بە سیستمی کەناڵی داخراو و دروستکردنی گۆماوی دەستکرد.

٦. دروستکردنی پشتێنەی سەوز بۆ هەموو شارەکان، بەتایبەتی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و بە هەمان سیستمی ئاودێری کە ئاماژی پێ کرا. دەبێت "ناوچەی گەرمیان و دەشتی هەولێر" لە پێشینەی پلانەکەدا بن، چونکە لە پێشترین ناوچەن کە مەترسیی بەبیابانبوونیان لەسەرە.

٧. پەیڕەوکردنی سیستمی چاندن بەبێ کێڵان (zero tillage) لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەموو ناوچەکانی عێراق و کوردستان، کە وا دەکات ڕێژەی ڕاماڵینی خاک کەم بێتەوە. ئەم تەکنیکە کاری سەرەکیی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە و بەتایبەتی پێویستی بە چالاککردنی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێنمایی کشتوکاڵی هەیە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

## ڕێگەچارەی عێراق

لە ئێستادا عێراق بووە بە یەکێک لەو وڵاتانەی زۆرترین خۆڵبارینی تێدا تۆمار دەکرێت، بەڵام هەم بەشێکی زۆری سەرچاوەی خۆڵبارینەکانی عێراق لە وڵاتانی دراوسێیە و هەم وڵاتانی دراوسێ ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە وشککردنی ئەو ئاوانەی دەڕژێنە عێراقەوە، بۆیە توێژەران دەڵێن عێراق بەتەنها ناتوانێت ڕووبەڕووی خۆڵبارین ببێتەوە و دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەنگاو بنێت.

خالید سلێمان پێی وایە خۆڵبارین تەنها لە عێراق نییە و لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەشدا هەیە، کەشوهەوای عێراق و وڵاتانی کەنداو و دراوسێ هەمان کەشە، بۆیە ئەگەر لە عێراق سیستمی ژینگەیی تێک بچێت و ڕۆژانە خۆڵبارین هەبێت، ئەوا ئێران و تورکیا و ناوچەکانی دەوروبەریش دەگرێتەوە، بۆیە تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان و توێژینەوەکانی ئەم بوارەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت لێتێگەیشتن، پڕۆژە و ڕێککەوتنی هەرێمی هەبێت لەنێوان ئەم وڵاتانەدا بۆ کەمکردنەوەی خۆڵبارین.

ئەحمەد تەها عەلییش دەڵێت: عێراق دەبێت لە نێوخۆ و دەرەوە لە ڕێگای پەیوەندیی دیپلۆماسی، ئابووری و سیاسییەوە لەگەڵ تورکیا و ئێران هەماهەنگی دروست بکات بۆ بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکان و زیادکردنی پشکی ئاوی عێراق لە ڕووباری دیجلە و فوڕات و لقەکانی، هەروەها چونکە خۆڵبارین زیانی لەسەر ئابووریی ئێران و سووریاش هەیە، دەکرێت پێکەوە لۆبییەک لەسەر تورکیا پێک بهێنن بۆ بەردانەوەی ئاوی زیاتر و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە بەبیابانبووەکان. هەروەها ساڵانە بودجەی پێویست تەرخان بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی، زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و زەوییە کشتوکاڵییەکان.

**پلان و کەمیی داباران**

خالید سلێمان کەمیی داباران بە هۆکاری سەرەکیی خۆڵبارین ناو دەبات و بۆ ئەم مەبەستەش پلانی ستراتیژی بە پێویست دەزانێت و دەڵێت: کەمیی دابارین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆڵبارین و زۆربەی توێژینەوەکانیش باس لە کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین دەکەن لەم ناوچەیەدا. بۆیە پێویستە خۆڵبارین وەک بابەتێکی جددی وەربگیردرێت. ئەمە دوو وەرزە دابارین زۆر کەمە لەو ناوچانەی ئێستا بوونەتە سەرچاوەی خۆڵبارین، بۆیە ئەگەر پلانی ستراتیژی و دوورمەودا نەگیرێتە بەر، ئەوا هەندێک توێژینەوە باس لەوە دەکەن کە لە ماوەی ساڵێکدا ٣٠٠ ڕۆژی خۆڵبارین یان خۆڵاوی دەبێت، چونکە ئێمە هەم خۆڵبارینی چڕمان هەیە، هەم ڕۆژی خۆڵاوی کە مەودای بینین کەم دەبێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستی، گواستنەوەی گشتی، کشتوکاڵ و پیشەسازی دەبێت. بۆیە ئەگەر لە ئێستادا هەر بڕە پارەیەک لە ڕووبەڕوووبوونەوەی خۆڵبارین و ڕێگرتن لێی خەرج بکرێت، لە ئایندەدا بەدەست دێتەوە، ئەگەرنا دەبێت بڕە پارەیەکی زۆر لە دەرئەنجامەکانی خۆڵبارین خەرج بکرێت، بەتایبەت لە کەرتی تەندروستیدا.

**ئایندەی هەرێم و عێراق، سیناریۆکان**

لەگەڵ ئەوەی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی ڕاپۆرتە زانستییەکانەوە هۆشداریی زۆر درا لە بارەی زیادبوونی ئەگەری خۆڵبارین و مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق، بەڵام توێژەران دەڵێن تا ئێستا هەنگاوی پێویست نەگیراونەتە بەر و نەشتوانراوە وڵاتانی دراوسێ قایل بکرێن مافەکانی عیراق پێشێل نەکەن. ئەحمەد تەها عەلی پێی وایە هیچ کام لە پێشبینییەکان مژدەی خۆشیان پێ نییە بۆ دانیشتووانی عێراق و هەرێم، چونکە لە ئایندە گەر بەم شێوازە باران کەم ببارێت و هیچ ڕێگەچارەیەکی گونجاو کە باسمان کرد نەگیرێتە بەر، دۆخەکە خراپتر دەبێت و ژمارەی گەردەلوولەکانی خۆڵبارین و ڕۆژانی خۆڵبارین زیاتر دەبێت. دەتوانم بڵێم بەشێک لە چارەسەرەکان لای سروشتە، ئەوەش لە ڕێگای دابارینی زۆر، زیادبوونی ڕووبەرە ئاوییەکان و سەوزبوونی ڕووەکی سروشتیی فراوان، بەڵام بەشێکی تری لای مرۆڤە کە پێشتر باسمان کرد. لە ئەگەری نەبوونی چارەسەر و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەبیابانبوون و خۆڵبارین، بێگومان ئەنجامەکان لە ئێستا خراپتر دەبێت و زیانێکی گەورە بەر کەرتی ئابووری دەکەوێت لە ڕێگای لەناوچوونی بەرهەم و تێکدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەوەش لە ئەنجامی فراوانبوونی ڕووبەری بەبیابانبوون لەسەر حسابی زەوییە کشتوکاڵییەکان. سیناریۆیەکی تر، دەبێتە هۆی چۆڵبوونی گوندەکان و کۆچی ناچاری لەو شوێنانەی کە زۆرتر دەکەونە بەر گەردەلوولەکانی خۆڵبارین و وشکەساڵی. دوور نییە بەشێکی زۆری دانیشتووانی خۆرئاوا، ناوەڕاست و باشووری عێراق موڵک و ماڵی خۆیان بفرۆشن و ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، کە ئەمەش لێکەوتەکانی بۆ سەر هەرێم زۆر خراپ دەبێت و کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێم دروست دەکات. سیناریۆیەکی تر، زیادبوونی نەخۆشی و مردنی بەشێک لە دانیشتووانە لە ئەگەری بەردەوامبوونی خۆڵبارین، بەتایبەت بەتەمەنەکان و ئەوانەی کێشەی هەناسەدان و نەخۆشیی دڵ و درێژخایەنیان هەیە.

دوور نییە کۆچی بەلێشاو لە وڵاتان و پارێزگاکانی دەوروبەرەوە بۆ هەرێم و ناوچە سنوورییەکان دەست پێ بکات، بەتایبەت لەدوای نەبوونی هەلی کار، کەمبوونەوەی داهاتی تاک و کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان، لەوانە دانیشتووانی خۆرهەڵاتی سووریا و دانیشتووانی ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ، ئەنبار، سەڵاحەدین و کەرکووک.

خالید سلێمانیش دەڵێت: حکومەتی عێراق کێشەی ژینگە و تێکچوونی سیستمی ژینگەیی بەهەند وەرنەگرتووە، تێکچوونی سیستمی ژینگەیی لە عێراق دوو هۆکاری

سەرەکیی هەیە: یەکەمیان، گۆڕانکاریی کەشوهەوایە و دووەمیان چالاکیی مرۆییە، واتە لەبیرکردن و فەرامۆشکردنی ژینگە، کە بە هۆی گەندەڵییەوە سەری هەڵداوە. سەرۆکایەتیی کۆمار (پڕۆژەی بووژاندنەوەی دۆڵی میزۆپۆتامیا)، حکومەت، وەزارەتی ژینگە و چەند وەزارەتێکی دیکەش پلانیان خستووەتە ڕوو، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکراون و تەنها قسە بوون. لە کاتێکدا لە (٢٠١٣)وە ڕاپۆرتی ورد لە بارەی لەدەستدانی زەوییە کشتوکاکییەکان و خۆڵبارین خراوەتە ڕوو کە ڕەنگە لە ساڵانی ئایندەدا عێراق ٥٠٪ی خاکی کشتوکاڵی و بەپیت لەدەست بدات، کە وڵات دەخاتە نێو قەیرانی گەورەوە.

لە بارەی پشتێنەی سەوز کە زۆر باسی دەکرێت، چارەسەر نییە، چونکە درەخت

**"**

**عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت:**
**ئەم خۆڵبارینەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە هیچ ئاسایی نییە، بەڵکوو بە پێی هەموو پێوەرەکان، مەترسییەکی زۆر گەورەی لەسەر عێراق دروست کردووە. لە ١٥ ساڵی ئایندەدا عێراق زۆربەی سەرچاوەکانی ئاوی لەدەست دەدات.**

ناتوانێت خۆڵبارین هەڵبمژێت یان کەمی بکاتەوە، ڕاستە دەتوانێت دووەم ئۆکسیدی کاربۆن وەربگرێت، بەڵام ناتوانێت خۆڵ هەڵبگرێت، بۆیە دەبێت سەرچاوەکە چارەسەر بکرێت، واتە ئەو شوێنانەی دەبنە سەرچاوەی خۆڵبارین.

عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت بە پشتبەستن بە چەند ساڵی ڕابردوو و ئێستا، بەم جۆرە هەڵسەنگاندن بۆ ئایندەی خۆڵبارین لە عێراق دەکات: ئەم خۆڵبارینەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە هیچ ئاسایی نییە، بەڵکوو بە پێی هەموو پێوەرەکان، مەترسییەکی زۆر گەورەی لەسەر عێراق دروست کردووە. لە ١٥ ساڵی ئایندەدا عێراق زۆربەی سەرچاوەکانی ئاوی لەدەست دەدات، کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک لە مەترسییەکی زۆر گەورەدا دەبێت و ژینگەی بەتەواوەتی تێک دەچێت، دیاردەی بەبیابانبوون فراوانتر دەبێت، خۆڵبارین زیاتر ڕوو دەدات و پانتاییەکی زیاتر دەگرێتەوە. بەڵگە لەسەر هەموو ئەم قسانە ئەوەیە کە ئێستا عێراق پێنجەم لاوازترین وڵاتە لە ڕووی ژینگەییەوە. تەنانەت حکومەتی ئەمەریکی و ڕێکخراوە ژینگەییەکانی جیهان ئەم ڕاستییەیان بە عێراق ڕاگەیاندووە و دەبێت چارسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەرنا ئەم وڵاتە بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپ دەڕوات و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەستەم دەبێت.

ئایندەناسی


# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:

# دیدگای ستراتیژی: ئەمەریکا و قەیرانی دەسەڵاتی جیهانی

د. عابد خالد



ئەم کتێبە لە نووسینی بیرمەندی ستراتیژی و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشووتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (زبگنیو بریجنسکی - Zbigniew Brzeziński)یە، کە لەبنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی "Strategic Vision: America and the Crisis of Global Power" نووسراوە و لەلایەن دەزگای "Basic Books" لە نیویۆرک لە ساڵی ٢٠١٢ لەچاپ دراوە، هەر لە هەمان ساڵیشدا لەلایەن "فاضل جكتر" وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی، کە بە ناونیشانی "رؤية استراتيجية: أمريكا و أزمة السلطة العالمية" لە دووتوێی (٢٢٢) لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای "دار الكتاب العربي" لە بەیرووت بڵاو کراوەتەوە.


ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئایندەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەشێت لە دابەشبوونی هێزدا لەسەر ئاستی جیهان و وەرچەرخانی چەقی قورساییەکەی لە ڕۆژئاواوە و بەرەو ڕۆژهەڵات، لە ماوەی کورت و مامناوەنددا (تا ساڵی ٢٠٢٥ و دواتری) ڕوو بدەن، ئەمەش لە پێناو داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی ورد بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی پێشەوایەتیی ئەمەریکا بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی، وێڕای لاوازبوونی هێز و تواناکانی و پاشەکشەکردنی پێگە تاکانە جیهانییەکەی و دەرکەوتنی چەندین هێزی ڕکابەر بەرامبەری کە بەردەوام هێز ماددی و مرۆییان لە زیادبووندایە.

بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە لە دووتوێی "چوار دەروازە"دا خراوەتە ڕوو: لە "دەروازەی یەکەم"دا بە ناونیشانی "ڕۆژئاوای پاشەکشەکردوو"، سەرەتا نووسەری کتێبەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، بە داڕمان و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەخساند تا پێگەی یەکەمین زلهێز لەسەر ئاستی جیهان وەربگرێت، هاوتا لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا، وەک هاوبەشێکی سیاسی و ئابووری. بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە -لە ١٩٩١ تا ٢٠١٢-، هێشتا یەکێتیی ئەورووپا دوورە لەوەی کە ببێتە کاراکتەرێکی سیاسیی جیهانیی کاریگەر گەرچی خاوەنی توانای ئابووری و بازرگانیی بەرفراوانە، هاوکات ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەسەر ئاستی جیهانی بەرەو لاوازی دەچێت، هەموو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێگەی ڕۆژئاوا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە پاشەکشەکردندایە و چیدی توانای مانۆڕکردن و جووڵەی سیاسیی وەکوو جاران سەربەست و فراوان نییە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بۆ ئەمەریکا لەپاڵ هەردوو جەنگە تاقەتپڕووکێنەکەی ئەفغانستان و عێراق، کاریگەرییەکانی قەیرانە داراییە جیهانییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ بوو، کە ئەم قەیرانە سەرچاوەی هەرە قووڵترین گۆڕانکاری بوو لە دابەشکردنی هێز لەسەر ئاستی جیهان لە بواری ئابووری و سیاسییشدا، بەتایبەت قەیرانەکە ئەوەی ئاشکرای کرد کە سروشتی ئەو کێشانەی ئابووریی جیهانی دووچاری بووە؛ هێندە توند و ئاڵۆزە لە توانای هیچ تاکە هێزێکی جیهانیدا نییە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا -یاخود سەرجەم ڕۆژئاوا، بەتەنها ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بەڵکوو هەر هەوڵێکی جددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییە پێویستی بە هاوکاریی هەموو وڵاتانی جیهان هەیە، بەتایبەت لەلایەن ئەو کاراکتەرانەی کە لە پرۆسەی دانانی بڕیارە دارایی و ئابوورییە



جیهانییەکاندا کاریگەریی بەرچاویان هەیە.

لەم نێوەندەشدا، ڕۆژهەڵات سەرهەڵدان و هەڵکشانی چەند زلهێزێکی خاوەن هەژموونی جیهانی لەسەر ئاستی سیاسی-ئابووری بەخۆیەوە دەبینێت، لە پێشەنگیشیاندا هەریەک لە (چین، ژاپۆن و هیندستان) لە کیشوەری ئاسیا و ڕووسیا لە کیشوەری ئەورووپا. هەر چەندە ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهانی، لە ڕووی ڕەگەز گشتگیرەکانی هێزەوە، کە بریتین لە ڕەگەزی سەربازی و تەکنەلۆژی و ئابووری و دارایی، هێشتا زلهێزێکی بێهاوتایە، ئەمانەش هەلی ئەوەی پێ دەدەن لەسەر ئاستی جیهان وەک هێزێکی باڵادەست بمێنێتەوە، بەڵام ئەم تەنها ئومێدێکە و زامنکردنی لەسەر زەمینەی واقیع زەحمەتە، بۆیە دەشێت هەریەک لەو زلهێزانەی ڕۆژهەڵات لە هەڵپەدا بن بۆ جێگرتنەوەی پێگە جیهانییەکەی



ئەمەریکا.

سەبارەت بە چین، بریجنسکی ڕای وایە ئەو گەشە ئابوورییە گەورەیەی کە بەدەستی هێناوە و ئەو ئازادییە ڕێژەییەش کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هۆی کەمیی پابەندبوونە دەرەکییە قورس و پڕتێچووەکان هەیەتی، لەگەڵ خاوەندارێتی بۆ توانای سەربازیی پێشکەوتوو، هەمووی هۆکارن کە لە هەرەمی ئێستای هێزە نێودەوڵەتییەکاندا، لەدوای ئەمەریکا، چین پلەی دووەم وەربگرێت، سەرەڕای ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانەی لە ئاستی ناوخۆییدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت. سەبارەت بە ڕووسیاش، بە هۆی پێگە جیۆسیاسییەکەی و خاوەندارێتیی سەرچاوە گرنگەکانی وزە (نەوت و گاز) و بوونی توانای سەربازی بەتایبەتی ئەتۆمی، لەدوای ئەمەریکا، بە زلهێزێکی گەورە ئەژمار دەکرێت، بەڵام پێگەی ڕووسیا بە هۆی کێشە ئابووری و سیاسی و دیمۆگرافییە ناوخۆییەکانیەوە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە، ئەمەش وا دەکات کە ڕووسیا توانای بەردەوامبوونی وەک زلهێزێکی سەرەکی نەبێت. هەر چی هیندستانیشە، سەرەڕای ئەو تەماع و قورساییە هەرێمییەی کە هەیەتی، بەڵام هێشتا لە قاپیلکەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوسێیدا (چین و پاکستان) قەتیس بووە، سەرباری گرفتە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانیشی لەپاڵ ئەم زلهێزانەدا. بە ڕای بریجنسکی، ناکرێ کاریگەریی شۆڕشی زانیارییەکان و پەیوەندیکردن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئامرازەکانی میدیا لەسەر چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەکانی جیهان لە ناویشیاندا توێژی گەنجان نادیدە بگیرێت، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لەژێر کاریگەریی ئامرزە جەماوەرییەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن جۆرێک ئازادی لە هزری گەنجانی ئەم ناوچەیەدا ئەفرێنراوە کە لە زۆرێک لەو کۆتوبەندانە قوتاری کردوون کە دەسەڵاتە حوکمڕانەکانەوە بەسەر هەڵسوکەوت و بزاوتیاندا سەپاندبوویان، بەڵگەی ئەمەش ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەن کە لە باکووری ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ساڵی ٢٠١١دا ڕوویان دا، کە نموونەیەکی بەرچاون بۆ ئەگەری سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامدانی شۆڕشی بەرفراواندا، ئەمەش بەو ئاسانکارییەی کە بۆ دەمودەست گەیاندن و گواستنەوەی هەواڵ و پێشهاتە مەیدانییەکان دەیکات.

لە "دەروازەی دووەم"دا بە ناونیشانی "تێکشکانی خەونی ئەمەریکی"، سەرەتا بریجنسکی کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێت، وەک: ئایا هێشتا سیستمی حوکمڕانیی ئەمەریکی مۆدێلێکە کە لەسەر ئاستی جیهانی شایانی تەقلیدکردن بێت؟ ئایا هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەریی ئەرێنیی لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا ماوە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەشدا دەڵێت: پێویستە ئەمەریکییەکان لەوە تێبگەن کە پاراستنی پێگە و هەژموونی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهانی لە داهاتوودا، بەوەوە بەندە کە تا چ ڕادەیەک دەتوانن سەرکەوتووانە گرفت و ئاڵنگارییەکانیان لە ئاستی ناوخۆیی چارەسەریان بکەن، ئەمەش پێویستی بە چاکسازیی زیاتر و هەوڵگەلێکی وردی پلانبۆداڕێژراو هەیە. ڕەنگە لە پێشەنگی ئەم ئاڵنگارییانەشدا کە بریجنسکیی دەستنیشانی

کردووە، گرفتی زیادبوونی قەرزە نیشتمانییەکانی ئەمەریکا بێت کە بە پێی هەندێک لە دۆکیۆمێنتە فەرمییەکانی ئەمەریکا خۆی، قەرزە گشتییەکان لە ئابی ٢٠١٠دا نزیکەی٦٠٪ی بەرهەمی نیشتمانیی ئەمەریکا بووە، ئەوەش کە مەترسییەکانی ئەم گرفتە زیاتر زەق دەکاتەوە ئەوەیە کە سەرچاوەی پێدانی بەشێکی زۆری ئەم قەرزانە دەرەکییە هیی خودی ئەمەریکییەکان نییە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پێگەی سیاسی و ئابووریی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهانی دەبێت و ڕەونەقی ئەمەریکا وەک باشترین مۆدێلی ئابووری کەم دەکاتەوە، هەروەها هەڕەشە لە پێگەی دۆلاری ئەمەریکی وەک دراوی یەدەگیی جیهانی دەکات، ئەمە جگە لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی لەمێژە ئەمەریکا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

دواتر بە ڕای بریجنسکی، خۆتووشکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە جەنگەکانی ئەفغانستان و عێراق لە ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ ڕۆڵێکی گەورەی لە پاشەکشەکردنی پێگە جیهانییەکەی ئەمەریکا هەبوو، کە گومانی لەسەر ڕادەی متمانەبوون بە سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا دروست کرد، کە هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی گۆشەگیریی ستراتیژی ئەمەریکایە.

لە "دەروازەی سێیەم"دا بە ناونیشانی "جیهانی دوای ئەمەریکا: بە هاتنی ٢٠٢٥ چینی نییە، بەڵکوو ئەنارشییە"، بە ڕای نووسەری کتێبەکە لەگەڵ پاشەکشەکردنی پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا ئەوە بەدوور دەزانرێت کە دەمودەست جیهان بکەوێتە ژێر هەژموونی یەک زلهێزی باڵادەستی وەک چین، چونکە چین ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی ئەمەریکا بگێڕێت کە لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ هەیبوو. لێرەدا بریجنسکی دەڵێت پووکانەوەی سیستمی ئەمەریکی و لەدەستدانی ڕۆڵە جیهانییەکەی کاردانەوەی خێرای لێ دەکەوێتەوە کە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری ئاژاوەی نێودەوڵەتی دەنێتەوە، هەر بۆیە ئەگەری زۆر ئەوەیە وڵاتان بەرەو پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئەوتۆ بچن کە زیاتر نزیک بن لە ئاژاوە و ناسەقامگیری، لەبەر ئەوەی لە هەمان کاتدا و بە هەمان ئاست پشت بە چەندین هێزی جیهانی یان هەرێمی دەبەستن.

بریجنسکی دان بەوەشدا دەنێت کە پاشەکشەکردنی ڕۆڵی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبێتە هۆی چڕبوونەوەی دوژمنایەتییەکان لەگەڵ ئیسرائیل و کەنارخستنی بژاردەی "دوو دەوڵەتی" بۆ چارەسەرکردنی ململانێی عەرەب-ئیسرائیل. هاوکات ئەم پاشەکشەکردنە لە ناوچەکەدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ڕکابەریی ئێران و ئیسرائیل، کە ڕەنگە ئەمەریکا هان بدات پەنا بۆ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران ببات، کە ڕەنگە سوودی بۆ ڕووسیا و چین لێ بکەوێتەوە، هەروەها ڕەنگە پاشەکشەکردنی ئەمەریکا هانی وڵاتانی کەنداو بدات بەدوای پاڵپشتییەکی بەدیلدا بگەڕێن و ڕەنگە چینیش چاوەڕێی ئەم سیناریۆیە بێت، کە ڕەنگە ئەمەش گۆڕانکارییەکی قووڵ لە ناوچەکەدا بهێنێتە ئاراوە، بەڵام پاشەکشەکردنی ئەمەریکا نابێتە هۆی کەمبوونەوەی کردە "تیرۆریستییەکان" لە ناوچەکە یان جیهاندا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بریجنسکی ڕای وایە کە سروشتی گرفت و ئاڵنگارییە نێودەوڵەتییەکان، چ ستراتیژی بن یان ژینگەیی،

قەبارە و ئاڵۆزییەکی هێندە گەورەیان هەیە کە ڕووبەڕووبوونەوەیان و ڕێگریکردن لە قووڵبوونەوەیان پێویستی بە ڕادەیەکی فراوان لە هاوکاری و بەشداریی نێودەوڵەتی هەیە، لە میانەی ئەمەشدا بەشداریی ئەمەریکا و سەرکردایەتیکردنی ئەو بۆ بەشێک لەو هەوڵانە شتێکی جەوهەری دەبێت. لەمەشدا پێویستە ئەمەریکا دان بە باڵادەستیی جیۆسیاسیی چین لە ئاسیادا بنێت، هاوکات لە ڕێی هاوپەیمانە ئاسیاییەکانیەوە کار بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی بنیاتنەر لەگەڵ چین بکات، لەپاڵ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هیندستان بەبێ ئەوەی بیگەیەنێتە ڕادەی هەراسانکردنی چین. هەروەها هەڵکشانی پێگەی جیهانیی چین ڕووبەڕووی نیگەرانیی ڕووسیا و هیندستان و ژاپۆن دەبێتەوە، لەمەشدا پێویستە ئەمەریکا هەوڵ بدات ڕۆڵی "ڕێکخەر" بگێڕێت تاکوو دۆخەکە نەگاتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدار. لە بەرامبەریشدا، ڕەنگە بۆ ڕووسیا یەکێک لە بەدیلە سیاسییەکان هاوپەیمانی بێت لەگەڵ چین، بەدیلێکی تری "بەدەستهێنانی یەکێتیی سلاڤییەکان"ە، یاخود بنیاتنانی پەیوەندییەکی ڕووسی-ئەورووپی بەدوور لە ئەمەریکا، کە ئەمەش ئەگەری سەرگرتنی زۆر زەحمەتە. هاوکات بریجنسکی هۆشداری دەدات لە هەر پەیوەندییەکی ڕووسیا لەگەڵ ناتۆ بە هۆی ئەو مەترسییانەی کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام لای ئەو دەستەبژێری "بەڕۆژئاواییکراو" لە ڕووسیا جێگەی هیوایە.

لە "دەروازەی چوارەم"دا بە ناونیشانی "دوای ٢٠٢٥: هاوسەنگییەکی جیۆ-سیاسیی نوێ"، بریجنسکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاراستنی پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا بەندە بە بە زاڵبوونی بەسەر ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی لە ناوخۆدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە ئەمەش بە پێی هەوڵگەلێکی بەوردی پلانبۆداڕێژراو دەبێت. هەروەها ڕای وایە کە هەوڵی ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی بنیاتنەر بۆ زۆرێک لە قەیران و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێکە لە کارە لەپێشینەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا، بە هۆی کاریگەریی ئەو قەیرانانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، کە ڕەنگە خۆدەربازکردن لە قەیرانی ئەفغانستان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ ئێران و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی خێرا بۆ ململانێی عەرەب-ئیسرائیل لە پێشەنگی ئەو کارانەدا بن.

لە کۆتاییدا ئەم کتێبە بە یەکێک لە ڕانانە گرنگەکان بۆ زۆرێک لە بارودۆخە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، کە سەرەڕای دەوڵەمەندی بە زانیاری و شیکردنەوەی ورد بۆ ڕووداوەکان، هاوکات نووسەرەکەی خاوەنی ئەزموون و شارەزاییەکی زۆرە لەسەر بابەتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان. ئەم کتێبە نموونەیەکە بۆ چۆنێتیی خوێندنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان بە هەموو لێکەوتەکانیانەوە، لە پێناو دارشتنی ستراتیژێکی ڕوون بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان لە ئایندەدا. بۆیە دەشێت کتێبی "دیدگای ستراتیژی" وەک ستراتیژێکی ئایندەیی بۆ سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا لەقەڵەم بدرێت، ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت پارێزگاری لە پێگەی خۆی وەک وڵاتێکی باڵادەست بەسەر کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا بکات.

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسیی ئایندەیی

# دیدگای ستراتیژی

ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



دیدگای ستراتیژی (Strategic vision، Strategic perspective، الرؤية الاستراتيجية) بریتییە لە خەون، ئاوات و دیدی هەر دامەزراوە و ڕێکخراوێك بۆ ئایندەی کارکردنی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. دیدگا چەمکێکی بەڕێوەبەردنی هاوچەرخە لە چوارچێوەی بیری ستراتیژی بۆ دیاریکردنی ڕوخساری ئایندە، لە ڕێگەی گرتنەبەری کۆمەڵێك هەنگاوی دیاریکراوی نەخشەبۆداڕێژراو، کە تیایدا پێشبینیی هەر جۆرە ئاڵنگاری و کێشەیەك کرابێت.

دیدگای ستراتیژی وەك چەمکێکی سەرەکی لە ئایندەناسی، بە خوێندنەوەی بۆ دۆخی ئایندە لە پێناو گۆڕینی دۆخی ئێستادا، بە قازانجی ئامانجەکانی، هەوڵی گۆڕانکاری دەدات و دەبێتە ڕێنماییەك بۆ یەکخستنی هەوڵەکانی هەر دامەزراوەیەك لە پێناو گەیشتن بۆ ئامانجی دیاریکراو.

**دیدگای ستراتیژی، چەمکێکی بەرفراوانە بۆ پێناسە و وەسفکردنی هەوڵێکی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامەڕێژییەکی ستراتیژییانە کە لە بنەڕەتدا ئامانجی هەر کار و پڕۆژەیەکە. لەم چوارچێوەیەدا، دیدگای ستراتیژی یارمەتیدەرە بۆ دانانی پارامێتەرەکان بۆ پەرەپێدانی پلاندانان بۆ ئەو هەنگاوانەی کە تایبەتن بۆ هێنانەدیی ئەو دیدە.**

ئامانجێك کە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دۆخی ڕابردوو و ئێستا، بیر لە ئایندەی خوازراو دەکاتەوە. بە پێی ئەم پێناسەیە، مەرجێکی سەرەکی بۆ داڕشتنی دیدگایەکی ستراتیژیی لێکدانەوە و ڕاڤەی وردی بژاردەکانی ڕابردوو و ئێستایە کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە دیدگایەکی ستراتیژی. لەم ڕووەوە دیدگای ستراتیژی، چەمکێکی بەرفراوانە بۆ پێناسە و وەسفکردنی هەوڵێکی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامەڕێژییەکی ستراتیژییانە کە لە بنەڕەتدا ئامانجی هەر کار و پڕۆژەیەکە. لەم چوارچێوەیەدا، دیدگای ستراتیژی یارمەتیدەرە بۆ دانانی پارامێتەرەکان بۆ پەرەپێدانی پلاندانان بۆ ئەو هەنگاوانەی کە تایبەتن بۆ هێنانەدیی ئەو دیدە.

دیدگای ستراتیژی هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارە، وەڵامدانەوەیان ئاسۆی کارکردنی هەر دامەزراوەیەك دیاری دەکات. چوار پرسیاری سەرەکی لە هەر دیدگایەکی ستراتیژی بریتین لە: ١. بۆ کوێ دەڕوێن (فەلسەفەی بوونی دیدگا)؟ ٢. چۆن دەمانەوێت بگەینە ئامانج (ستراتیژییەکان)؟ ٣. توانا و بەردەستەکانی ئێمە بۆ ئەم هەوڵە چین؟ (بودجە) ٤. چۆن ئاگادار دەبین کە ڕێگەی دروستمان گرتووەتە بەر؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تا ڕادەیەکی باش دیدگای دامەزراوەکان ڕوون دەکاتەوە.

گرنگیی دیدگا بۆ هەر ڕێکخراو و دامەزراوەیەك، لەوەدایە کە "بەرنامەی کار" دەخاتە بەردەم کارمەندەکانی بۆ

ئەوەی بتوانن بە هۆیەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان ببنەوە و سەر بکەون بەسەریدا. لە لایەکی ترەوە دامەزراوەکان دەتـــوانن بە خستنەڕووی دیدگاکـــانیان، کەس و لایەنەکانی دەرەوەی خۆیان بۆ وەبەرهێنانی هاوبەش ڕابکێشن و سوود لە ئەزموونی کەسانی شارەزا و بەتوانا وەربگرن. دیدگای هەر دامەزراوەیـــەك هۆکارێکە بۆ هێنانەکایەی "کولتوورێکی هاوبەشی کارکردن" کە لە سەرۆکی دامەزراوەکە بۆ خوارەوە پیادە دەکرێت و دەبێتە بنەمایەك بۆ پابەنـــدبوونی ئەندامانی دامەزراوەکە بە "بەرنامەیەکی هاوبەش" و "هەستی بەرپرسیارێتی" بەرامبەر ئەو بەرنامەیە. هەر بۆیە ئەگەر دامەزراوەیەك خاوەنی دیدگایەکی ڕوون و ئاڕاستەکراو نەبێت کە تیایدا خەونەکانی بەرجەستە کردبێت، تووشی لادان دەبێت و پەشێوی لە کارکردن و سەرلەشێوایی لە بڕیاردان دێتە کایەوە. ئەگەر بەشداربووانی دامەزراوەیەك باوەڕیان

**"**

**هەر دیدگایەک بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، دەبێت کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەک بگرێتە بەر؛ لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە "ئامانجە درێژمەوداکان"ی دیاری بکات و لە هەنگاوی دووەمدا "بەها تایبەتەکان"ی دەستنیشان بکات.**

بە دیدگاکە نەبێت و پشتگیریی نەکەن، ئەوا چانسی گەیشتن بە ئامانجەکە لە ماوەی دیاریکراودا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

هەر دیدگایەك بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، دەبێت کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوای یەك بگرێتە بەر؛ لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە "ئامانجە درێژمەوداکـــان"ی دیاری بکات و لە هەنگاوی دووەمدا "بەها تایبەتەکان"ی دەستنیشان بکات، ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ ئامانجەکانی دامەزراوەکە سازگارە. دیدگا پێویستە سادە، ڕوون و ورد بێت، واتە لە چەند ڕستەیەکی کورتدا پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت و دواجار پێویستە لە هەر دیدگایەك "کات" دیاری بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کە هەر پڕۆژەیەك پێویستی بە چەنێك کات هەیە کە ئامانجەکانی بهێنێتە دی. لەگەڵ ئەمەشدا، مەرجێکی سەرەکی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی دیدگایەکی ستراتیژی بە شێوەیەکی دروست دابڕێژرێت و توانای بەردەوامی هەبێت، ئەوەیە کە دیدگا "واقیعیانە" دابڕێژرێت و لەگەڵ توانا و بەردەستەکانی دامەزراوەکە بگونجێت.

تایبەتمەندییەکی گرنگی دیدگای ستراتیژی ئەوەیە بوار دەدات بۆ ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی ستراتیژییەکـــان بە پێی پێویست، بەبێ ئـــەوەی خودی ئامانجی کۆتایی بگۆڕدرێت. ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات کە بتوانرێت سیاسەت و ڕێکارەکان

**دیدگا پێویستە سادە، ڕوون و ورد بێت، واتە لە چەند ڕستەیەکی کورتدا پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت و دواجار پێویستە لە هەر دیدگایەک "کات" دیاری بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کە هەر پرۆژەیەک پێویستی بە چەنێک کات هەیە کە ئامانجەکانی بهێنێتە دی.**

لە کاتی پێویستدا بۆ بەردەوامیی خێرایی لە کارەکان، بگــــۆڕدرێت. ناساندنی کەمپینەکانی نوێی ڕیکلام، دۆزینەوەی بازاڕ، پێشکەوتن لە هێڵی بەرهەمەکان و هەر ستراتیژییەکی تر، ئەگەری هەیە دامەزراوەکە بەرەو پێشەوە ببات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیدگا. بەم پێیە بۆ ئەوەی بازرگانییەك سەرکەوتوو بێت، دەبێت لانی کەم یەک دیدەوانی (visionary) هەبێت کە بتوانێت دیدگایەکی ستراتیژی کارا و سەرنجڕاکێش دابڕێژێت.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایندەناسی و دیدگای ستراتیـــــژی؛ لە ئاستی دامەزراوەکاندا جیاوازی نێوانیان بەدی دەکرێت بە شێوەیەك کە ئامادەکردنی دیدگای ستراتیژییانە جەخت لەسەر حەزی نێوخۆیی و ئەولەویەتەکانی دامەزراوە یان ڕێکخراوەکە دەکات، لە کاتێکدا ئایندەناسی بەها بە حەزە دەرەکییەکان و ئەو هۆکارانە دەدات کە لەوانەیە ئەنجامەکەی، ئایندەی خوازراوی ئێمە بێت و لەوانەشە نەبێت. بەم شێوەیە ئایندەناسی تێڕوانینێکی فراوانتری هەیە و داتا بەدەستهاتووەکانی لە دانانی دیدگای ستراتیژی بەکار دێن. بە واتایەکی ڕوونتر: "ئایندەناسی کارێکی سەرووترە لە دانانی دیدگای ستراتیژی و مادام بڕیار و ئاڕاستە نوێیەکانی ئێمە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ئایندەناسییە، هەر بۆیە ئەنجامەکانی ئایندەناسییە کە گۆشەنیگا و وێنای ئێمە بۆ ئاینده دەگۆڕێت". سەرباری ئەمەش، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو چەمکە بە شێوەیەکە کە ئایندەناسی و ئایندەناسان لە خزمەتی داڕشتنی دیدگای ستراتیژیین و پسپۆڕانی کایە جیاوازەکانی سیاسەت و ئابووری ڕۆڵی ڕاوێژکاری کۆمپانیا و دامەزراوەکان دەبینن لە داڕشتنی دیدگای ستراتیژی.

سەرچاوەکان

- عیوضی، محمدرحیم (١٣٩٥)، "آیندەپژوهی سیاسی"، فصلنامە راهبرد، سال بیست و پنجم، شمارە هفتاد و نهم.

- کاظمی، معصومە؛ قرونە، حسن؛ کاظمی، نفیسە، بابکی راد، اعظم (١٣٩٧)، "بررسی مفاهیم و مبانی پسنگری و مقایسە آن با پیشبینی و چشم انداز سازی"، فصلنامە آیندەپژوهی مدیریت، سال بیست و هشتم، شمارە ١١٤.

- Tatum, Malcolm (24\4\2022), “What is Strategic Vision?”, https://www.smart-capitalmind.com/what-is-strategic-vision.htm, (accessed on: 31\5\2022).

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















ڕۆژنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەك "د. ئەزرا واعیزی"
شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوش ئاشوورییەوە
لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین، ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان


ڕۆژنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا
دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی
مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم
ڕاکەیاندن لەئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر
بزاڤی چەپ لە ئێران، لە کەشمەکەشی ئایدۆلۆژییەوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام
ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسییەتی ئەتۆمیی ئێران


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205


English
کوردی
العربية


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و فەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سناریۆکان


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
نيسان 2020


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ئاناوەندیتی، چارەنووسی دیلەکانی داعش



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019































# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٣) ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٢٢

SCAN ME